

# هەیڤ

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا دەریدەکات

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (31) پاییزی 2013ز ـ 1434ک

www.haiv.org

## بەشی کوردی

خاوەنی ئیمتیاز
نەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر
د. دارا گوڵ حامد

دەستەی ڕاوێژکاران
فارووق ڕەسووڵ یەحیا
جەمال موحەممەد ئەمین
د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل

بۆ پەیوەندی
haiv2001@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

دیزاین
شیروان ئەحمەد حەمە کەریم
sherwan_100@yahoo.com

## لەم ژمارەیەدا


2


6


10



13



14



18


20


23



24



31


34


35

ناونیشان: سلێمانی - شەقامی مامۆستایان - تەلاری حاجی موحەممەد پێنجوێنی - نهۆمی سێهەم



# ئایا قورئان هەڵەی زمانەوانی تێدایە؟

د. کەریم ئەحمەد
karimdawod@yahoo.com

**یەکێک لەو ڕەخنە بێجێیانەی لە قورئان دەگیرێت ئەوەیە کە گوایە قورئان هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی تێدایە! شایانی باسیشە ئەوانەی ئەم شتەیان ورووژاندووە زیاتر ڕۆژهەڵاتناسەکانن کە شارەزاییەکی قوڵیان لە زمانی عەرەبیدا نییە، لاساییکەرەوەکانیشیان لە وڵاتانی خۆماندا بێ سێ و دوولێکردن دووبارەیان کردۆتەوە و ئەوانەشی کە وەکو ئەوان نەزانن پێی هەڵخەڵەتاون.**

**ئێمە لێرەدا نایەین هەڵەی ئەو کەسانە بخەینە ڕوو لە یەکە یەکەی ئەو ئایەتانەدا کە ڕەخنەیان لێگرتوە، چونکە لە کۆن و نوێدا وەڵام دراونەتەوە و زانایان هەڵوێستەی زۆریان لەسەر هەریەک لەو ئایەتانە کردووە کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە خیلافی قاعیدە بوونە و ڕووە جیاجیاکانیان دەرخستووە، بەڵام کەسیان نەیوتووە ئەوانە هەڵەی ڕێزمانین، نەک لەبەر ئەوەی کە بە هەڵەیان زانیوە و جورئەتیان نەکردووە ئەوە بڵێن، بەڵکو لەبەر چەند هۆی زانستی، لەوانە:**

1. ڕەوانبێژی قورئان جێی قسە نییە و زانایان هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی هیچ کتێبێک نییە لە قورئان ڕەوانتر، کەواتە دوورە لە لۆژیکەوە بەڵکو ئەستەمە خاوەنی قورئان ئەو شتانەی نەزانیبێت و لە ڕووی نەزانییەوە کردبێتی، بەڵکو دەبێ نهێنی و حیکمەتی تێدابێت و بە مەبەست و لە دەستی ئەنقەست خوای گەورە بەو شێوەیە بە خیلافی قاعیدەیە هێنابێتنی.

2. زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی زۆر دەوڵەمەندە لە ڕووی زمانەوە و ڕێساگەلێکی زۆری ڕێزمانی هەیە، ئەو چەند حاڵەتە کە زانایان ناویان ناوە (کسر الاعراب) لەژێر ئەو ڕێسا ڕێزمانییانەدا جێیان دەبێتەوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتناسە بیانییەکان لەبەر کەمی شارەزاییان لە زمانی عەرەبی ئەو وردەکارییانەیان نەزانیوە.

3. لەبەرئەوەی کە عەرەب ڕەخنەیان لەو شتانە نەگرتووە کاتێک کە بەسەریاندا خوێنراوە کەواتە ئەوانە بە هەڵە نەژمێردراون و پێچەوانەی ڕەوانبێژی نەبوون و لە نرخی ڕەوانبێژی قورئانیان کەمنەکردۆتەوە. باوەڕیش ناکەم کەسێک هەبێت شارەزایی لە زمانی عەرەبیدا هەبێت گومانی هەبێت لەوەی کە خەڵکانی سەردەمی پێغەمبەر لەوانەی دوای خۆیان ڕەوانبێژتربوون و عەرەبییەکەیان کە بە سەلیقە دەیانزانی زۆر بەهێزتر بوو لە نەوەکانی دوای خۆیان کە زمانەکەیان تێکەڵی زمانەکانی تر بوو بوو لە ئەنجامی فتوحاتی ئیسلامی و تێکەڵ بوونی عەرەب لە گەڵ میللەتانی تردا.

زانایان لە ڕووی دووەمەوە سەرکەوتوو بوون، واتە جێکردنەوەی ئەو حاڵەتانە لە ژێر ئەو ڕێسا ڕێزمانییانەدا، بەڵام لەوانەیە هەموو نهێنییەکانی ئەو کارەیان بۆ دەرنەکەوتبێت.

بەندەی هەژار لێرەدا، لە ئەنجامی بیرکردنەوەی زۆر، هەندێک نهێنیم بۆ دەرکەوتووە کە ئومێدەوارم پێکابێتم و جێی سەرنجی پسپۆڕان بێت. من لەو باوەڕەدام ئەم شتانەی کە خیلافی قاعیدە گشتییەکە هاتوون و ناحەزە نەزانەکان پێی دەڵێن هەڵەی ڕێزمانی لە قورئاندا بەڵگەن لە سەر دوو شت:

**یەکەم:** لەلایەن خواوە بوونی قورئان. **دووەم:** دەسکارینەکرانی قورئان و ڕوونەدانی کەموکوڕی و گۆڕانکاری بەسەریدا.

**بابزانین چۆن:**

1. هەموو دەزانین کە پێغەمبەر (ﷺ) جگە لە قورئان دوو جۆری تر ئاخاوتنی دەدرێتە پاڵ، یەکێکیان فەرموودەکانی خۆیەتی کە مانا و داڕشتنیان لە لایەن خۆیەوە بووە، دووەمیشیان فەرموودەی قودسییە کە واتاکەی لای خواوەیە و داڕشتنەکەی لەلایەن پێغەمبەرەوەیە، لەم دوو جۆرە ئاخاوتنانەدا هیچ شتێکی لەو جۆرەیان تێدا نییە کە لە قورئاندا هەیە و پێیان دەوترێت «کسر الاعراب» و ناحەزانی ئیسلام پێی دەڵێن هەڵەی ڕێزمانی، ئەمە لە کاتێکدایە کە پێغەمبەر قورئانی بەلاوە لەو دوو قسەیەی خۆی گەورەتر و ڕەوانتر بووە و تەحەددای مرۆڤایەتی پێ کردووە نەک بەو دوو جۆرەکەی تری، بەتایبەت لە ڕووە ڕەوانبێژییەکەیەوە. کەواتە چۆن دەبێت قورئان ئەو هەڵانەی تێدا بێت و لە دوو جۆرە ئاخاوتنەکەی پێغەمبەردا نەبن؟

2. زانایانی زمانیش هەموو قورئانیان پێ ڕەوانترە تاکو فەرموودەکانی پێغەمبەر بە هەردوو بەشەکەیەوە، کەواتە دەبێ لێرەدا نهێنییەک یا چەندین نهێنی هەبێت کەوای کردووە قورئان ئەم جۆرە شتانەی تێدابێت کە ناحەزانی پێی دەڵێن هەڵەی ڕێزمانی نەک ئەو شتانە لە ڕووی ناشارەزایی بە یاساکانی زمانی عەرەبییەوە ڕوویاندابێت.

3. ئەگەر ئەم قورئانە لەلایەن پێغەمبەر خۆیەوە بوایە ئەو جۆرە شتانەی نەدەکرد بەبەڵگەی ئەوەی لەو دوو جۆرە ئاخاوتنەی تریدا شتێکی لەو جۆرە نییە، چونکە ئەگەر قورئان لەلایەن پێغەمبەرەوە بوایە حەتمەن دەبوایە خاڵی بوایە لەو جۆرە شتانەی کە دوو جۆرە ئاخاوتنەکەی تر خاڵین لێیان.

4. ئەگەر قورئان لە دانانی پێغەمبەر بوایە دوای ئەوەی بۆی دەردەکەوت ئەوانە هەڵەی ڕێزمانی و زمانەوانین ڕاستی دەکردنەوە، بەڵام بەوەی کە دەسکاری نەکردووە دەردەکەوێت کە ئەو دەستی نەبووە نە لە داڕشتنی قورئاندا، وەنە لە گۆڕینیدا، بەڵکو ئەو تەنها ڕاگەیاندنی قورئانی لەسەر بووە، چۆن بۆی دێتە خوارەوە ئاوها بیگەیەنێت وەکو لە قورئاندا هاتووە: ﴿وَإِذَا تُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡ ءَايَاتُنَا بَيِّنَٰتٖ قَالَ ٱلَّذِينَ لَا يَرۡجُونَ لِقَآءَنَا ٱئۡتِ بِقُرۡءَانٍ غَيۡرِ هَٰذَآ أَوۡ بَدِّلۡهُۚ قُلۡ مَا يَكُونُ لِيٓ أَنۡ أُبَدِّلَهُۥ مِن تِلۡقَآيِٕ نَفۡسِيٓۖ إِنۡ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَيَّۖ إِنِّيٓ أَخَافُ إِنۡ عَصَيۡتُ رَبِّي عَذَابَ يَوۡمٍ عَظِيمٖ ١٥﴾ یونس.

5. هەروەها ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە موسوڵمانانیش بە هیچ شێوەیەک دەسکاری قورئانیان نەکردووە، نە هاوەڵانی پێغەمبەر وە نە ئەوانەی لەدوای ئەوان هاتوون، چونکە ئەگەر بکرایە دەسکاری شتێک بکەن ئەوا دەسکاری ئەو ئایەتانەیان دەکرد کە ناحەزان دەڵێن هەڵەی ڕێزمانین.

ئەم ئایەتانە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرن کە نە پێغەمبەر وە نە موسوڵمانان دەسکاری پیتێکی قورئانیان نەکردووە بەڵکو زۆر بە حەزەر و ئەمانەتەوە ڕەفتاریان لە گەڵدا کردووە و جورئەتیان نەکردووە لە خۆیانەوە و بە ئیجتیهادی خۆیان پیتێک لە جێی پیتێک دابنێن لە ژێر هەرپاساوێکدا بێت. بەڵکو تەنانەت نەیانتوانیوە بە ناوی قیرائاتیشەوە دەسکاری بکەن، کەواتە ئەو قیرائەتانەش کە هەن هەمووی لە لایەن خواوە بووە نەک لە ئەنجامی دەسکاریکردنی قورئانەوە بە مەیل و ئارەزووی زانایان یا لەبەر بەرژەوەندی ئاینەکە وەکو ئەوەی کە زانایانی ئاینی جولەکە و نەصرانی بە کتێبەکانی خۆیان کردووە.

# سوجدەبردن مرۆڤ لە نەخۆشی دەپارێزێت



ئا: سەرباز عبدالله

**پێشەکی:**

یەکێک لە فەزڵەکانی خوای گەورە بەسەر مرۆڤەوە ئەوەیە کاتێک بەندەکانی پەرستشەکان جێبەجێدەکەن، سەرەرای وەرگرتنی پاداشت لە لایەن خوای گەورەوە، سوودی دونیاشی تیایە بۆیان..

**بۆ نموونە:** سوجدەبردن لە کاتی نوێژدا، سەرەرای ئەوەی بەستنەوەی بەندەیە بە خواوە و فەرمانێکی خواییە جێبەجێدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بەخششێکی خوای گەورەشە بۆ مرۆڤ و دەبێتە هۆی زیاتر لەش ساغی و لە زۆرێک لە نەخۆشیەکانیش رزگاری دەکات...

لە لێکۆڵینەوە زانستیەکاندا دەرکەوتووە کە سوجدەبردن لە کاتی نوێژدا مرۆڤ لە گەلێک نەخۆشی دەپارێزێت، لەوانە: سەر ئێشە، کرژبوونی ماسولکە، ئیلتیهاباتی گەردن، ئیرهاق، زوهەیمر.. زۆر نەخۆشی جەستەیی و دەروونی تریش...

**شێوازی سوجدەبردنی دروست لە نوێژدا:**

پێغەمبەرمان (ﷺ) دەفەرموێت: (أُمرتُ أن أسجد على سبعة أعظم: الجبهة ـ وأشار بيده على أنفه ـ واليدين، والرجلين، وأطراف القدمين...) متفق عليه. بەم شێوازە پێغەمبەر(ﷺ) فرمانی بە ئەنجامدانی سوجدەکردووە، وەک یاسایەک کە لادان لێی نییە، پسپۆرانی بواری تەندروستیش دەڵێن تا سوجدەبردن سوودی تەواوی خۆی بگەیەنێت پێویستە بەم شێوازە ئەنجامبدرێت:

1- سوجدە دەبێت وەک جووڵەکانی تری نوێژ لە باشترین باری ئارامی و جێگیری و دڵنیایدا ئەنجامبدرێت.

2- دەبێت بە تەواوی روو لە سەر زەوی دابنرێت.

3- دەبێت لەشی مرۆڤ، لەسەر ئێسقانەکانی روو، لەپی دەست، ئەژنۆ و پەنجەکانی پێ رووە و قیبلە ئارام بگرێت.

4- دەبێت بازووەکان لە لەشەوە دووربن.

5- لە کاتی سوجدەدا نوێژ خوێن دەبێت لە پشت خوارکردنەوە دووربکەوێتەوە، پشت تووند و بێخواری بمێنێتەوە.

6- رانەکانیش بەشێوەیەکی ستوونی و لەباری خاوبوونەوەی نیمچە تەواودا، لەسەر ئەژنۆکان ئارام و لاقەکانیش لەسەر پێیەکان لەنگەردەگرن.

پاک و بێگەردی بۆ خوا ئەمانەش هەر ئەو خاڵانەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێش (1400) ساڵ فرمانی پێکردوە و لە سوجدەبردنیدا وەک سونەتی خۆی چەسپاندوێتی.

**سوجدەبردن باشترین رێگایە بۆ رزگاربوون لە بارگەی کارەبایی زیاد:**

ئەوەی کە زانراوە، لەشی مرۆڤ پێویستی بە برێک لە شەپۆلە کارەباییەکان هەیە، بەڵام کاتێک کە ئەم بارگە کارەباییانە لە لەشی مرۆڤدا زیاد دەکەن پێویستی بە خاڵیبوونەوەی ئەو بارگانە هەیە، ئەگینا مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەبێت.

مرۆڤ هەست بەم بارگە زیادانە دەکات لە لەشیدا، نموونەش لەسەر ئەمە زۆرە، بۆ نموونە: لە کاتی کردنەوەی دەرگای سەیارە یا ماڵدا یا لەکاتی دەستدان لە هەندێ جۆری قوماشدا یا لە کاتی قژشانەکردندا یا لە کاتی تەوقەکردن لەگەڵ هاورێکاندا ـ هەندێ جار ـ هەست بە بریسکە و تەزوویەکی کارەبایی دەکرێت، هەروەها لە کاتی تووشبوون بە (سەدمەیەکی کتوپر) لە یەکێک لە جومگەکاندا ـ هەندێ جار ـ هەست بە بارگەیەکی کارەبایی زۆر دەکرێت کە لە لەشدا دەردەچێت.

جا باشترین رێگا بۆ رزگاربوون لەم بارگە ـ کەهرۆ موگناتیسیە ـ زیادانە کە لە ناو لەشی مرۆڤدان، بۆ ئەوەی دەرچن لە لەشی مرۆڤدا و لەش بەتاڵ ببێتەوە لێیان و مرۆڤەکە دووریش بێت لە بەکارهێنانی دەرمان و موسەکینات کەـ ئەمانە شوێنەواری نەرێ بە جێ دەهێڵن و زیانیان هەیە ـ بریتیە لە سوجدەبردن بۆ خوای گەورە.

بەم شێوەیە بە ئاسانی لە رێگەی سوجدەوە پرۆسەی خاڵیبوونەوەی بارگەی کارەبایی زیاد روودەدات و مرۆڤ رزگاری دەبێت لە سەرئێشە و ئیرهاق و گەلێ نەخۆشی تر.

هەروەها لێکۆڵینەوەکان دەڵێن: ئەو پێنج فەرزەی نوێژ کە خوای گەورە فەرزی کردوە لەسەر موسڵمانان، بەسن بۆ دەرچوونی هەموو بارگەکانی لەشی مرۆڤ، چونکە نوێژەکان لە چەند کاتی جیاوازدا دەکرێن!!.

**سوجدەبردن رێگری لە تووشبوون بە نەخۆشی دەوالی دەکات و ئازاری جومگەکان و پشت کەمدەکاتەوە:**

ئەنجام دانی نوێژ بەجووڵە جیاکەرەوەکانیەوە بە تایبەتی سوجدەبردن رێگرێکی باشە لەتووش بوون بە نەخۆشی دەوالی ئەمەش رەحمەتێکی گەورەیە بۆ هەموان، بەتایبەت ئەوانەی بەهۆی کارەکەیانەوە، یان هەر هۆیەکی تر بۆ ماوەیەکی درێژ بەپێوە دەوەستن.

هەروەها لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نوێشدا زانایانی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە بەجێهێنانی نوێژ ڕۆژانە پێنج جار لە ئیسلامدا ڕێگە چارەیەکی باشە بۆ کەمکردنەوەی ئازاری جومگەکان و پشت، لەبەر بوونی وەستان و سوجدە لە نوێژدا.

### سوجدەبردن نەخۆشی پیربوونی بینایی دووردەخاتەوە:

یەکێک لە سوودە فیزیایی و تەندروستیەکانی سوجدەبردن ئەوەیە نوێژخوێن فەرمانی پێدراوە کە لە کاتی نوێژدا چاو نەگێڕێت و سەیری دەوروبەری نەکات، بەڵکو تەنها بڕوانێتە زەوی بەردەمی (جێگای سوجدەکەی))، لەو ڕوانینەدا ماسولکەکانی دەوری هاوێنە ڕاهێنان دەکەن بۆ گوێزانەوەی ڕوانینەکان لە دوورەوە بۆ نزیک، کە نوێژخوێن لە کاتی نوێژدا بەپێوە دەبێت، دووریی نێوان چاوی و جێگای سوجدەکەی بەنزیکی بە دوو مەتر دادەنرێت، لە کاتی ڕوکوعدا بە پلەبەندی دوورییەکە کەمدەکات بۆ نزیکەی یەک مەتر، و لە کاتی هەستانەوە و ڕێک ڕاوەستانی دوای ڕکوعدا دوورییەکە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ دوو مەتر، لەدوای ئەوە بە پلەبەندی کەمدەکات تاکو لە کۆتاییدا دەبێتە سفر ئەویش لە چوونە سوجدەدا، پاشان دوورییەکە لە سفرەوە زیاد دەکاتەوە بۆ سنووری سێچارەکە مەترێک لە کاتی هەستانەوە لە سوجدەی یەکەم، و بەو جۆرە.

تێبینی کراوە ئەم گۆڕانە یەکبینەیە لە دوور و نزیک کەوتنەوە لە جێگای سوجدەکە لە چاوەکانەوە و بە گۆشە جیاوازەکان و بە پلەبەندی، بەو مانایەیە کە چێوە ماسولکەی هاوێنە بە شێوەیەکی خۆ ویستی یەکبینە دەکشێن و کرژدەبن بە درێژایی ماوەی نوێژەکە، بۆیە هاوێنەی چاو بە شێوەیەکی یەکبینە قۆقز دەبن و تەخت دەبنەوە، ئەمەش دەیان جار لە ڕۆژێکدا دووپات دەبێتەوە.

بەم جۆرە نوێژ خوێنی پەیوەست بە مەرجەکانی نوێژەوە، بەدوور دەبێت لە نەخۆشی پیربوونی بینایی و هاوێنە، و ماسولکەکانی دەوری هاوێنەی چاوی بەدرێژایی ژیانی چالاک دەبن و مرونەتیان دەبێت.

### سوجدەبردن بەسوودە بۆ وریاکردنەوەی جەستە و سوڕی خوێنی دەماغ:

دەرکەوتوە کە پارێزگاریکردن و ئەنجامدانی نوێژەکان جەستە وریا دەکاتەوە و پرۆسەی ناوەوەی لەش ڕێکدەخاتەوە، چونکە سوجدە لە نوێژدا کاریگەریی لەسەر بەهێزکردنی ماسولکەکانی سک و قاچ و ڕانەکان هەیە، هەروەها لە کاتی سوجدەبردندا و بەهۆی چەمانەوەی سەر بۆ خوارەوە و نوشتانەوەی لاشە بەسەرخۆیدا ئەم حاڵەتە یارمەتی ئاراستەکردنی خوێن لە تەنیشتەکانی لەشەوە بەرەو ئەندامەکانی ناوخۆی لەش و دەماغ دەدات.. هەروەها لەم بارەدا هەناوی مرۆڤ پاڵەپەستۆ لەسەر سیەکان دروستدەکات، و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دوەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) لە خوێندا و کە ئەمەش یارمەتی ئەوە دەدات خوێنی زیاتر بۆ مۆخ فیچقە بکات.

دووبارەبوونەوەی چەمانەوەی سەر بۆ خوارەوە لەکاتی ڕکوع و سوجدەدا و پاشان بەرزکردنەوەی لەکاتی دانیشتن و هەستانەوەدا یارمەتی سیستمی هاوسەنگیی خۆیی سوڕی خوێن دەدات لە مۆخدا، بە تایبەتی ئەگەر دانیشتن و هەستانەوەکان بە ئارامیی ئەنجام بدرێت، لێرەشەوە لە حیکمەتی ئەو فرمانە ئیسلامیە تێدەگەین کە ڕێنمایی نوێژ خوێن دەکات تا لەسەرخۆبێت و لە هەموو جوڵەیەکیدا بگاتە ڕادەی ئارامی و دڵنیایی، پزیشکان و پسپۆڕانی بواری وەرزش و یۆگا دەڵێن: نوێژکردنی ئیسلامی بە لەسەرخۆیی و ئارامیی سوودی تەواو بە سوڕی خوێنی دەماغ دەگەیەنێت.

### ڕووی ئیعجاز:

لە کۆتایدا ئەمانە گرنگترین و نوێترین سوودەکانی سوجدەبردن بوون کە بەڵگە و نیشانەی ترن لەسەر پێغەمبەرایەتی خۆشەویستمان (ﷺ) کە لە خۆیەوە قسەی نەکردوە. ﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤﴾ النجم.

کەواتە پێغەمبەرمان (ﷺ) ڕاستی فەرمووە کە فەرموویەتی: (و جعلت قُرَّة عينى في الصلاةِ) ـ صحيح الالباني. واتە: بەڕاستی نوێژم کردوە بە هۆی دڵخۆشیم، کامەرانیم، ئاسوودەییم... واتە: نوێژ بارێکی قورس نیە بەسەر مرۆڤەوە، کات بە فیڕۆدان نیە، مرۆڤ لە کاری پەک ناخات، هەروەک بڵاوە لای هەندێ نەزان...

جا ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە یەکسەر دوای زانینی ئەم ڕاستیانە سوجدە بۆ خوای گەورە بەرین وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ ۗ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ۝١٠٥ وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَىٰ مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا ۝١٠٦ قُلْ آمِنُوا بِهِ أَوْ لَا تُؤْمِنُوا ۚ إِنَّ الَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ سُجَّدًا ۝١٠٧ وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا ۝١٠٨ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ۩ ۝١٠٩﴾ الإسراء. واتە: ئێمە قورئانمان لەسەر بنچینەی حەق دابەزاندووە، بۆ چەسپاندنی حەق و ڕاستیش دابەزیوە، ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە تەنها بە مژدەدەر و ترسێنەر نەبێت. ئێمە قورئانیشمان بەش بەش کردووە تا بە شێنەیی و بە ئارامی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا، هەر ئێمەش بەو شێوەیە دامانبەزاندووە. پێیان بڵێ: (ئەی خوانەناسان) باوەڕ بە قورئان بهێنن یان باوەڕی پێ نەهێنن (ئەمڕۆ سەربەستن، بەڵام بزانن) بەڕاستی ئەوانەی پێشتر زانیاریان پێدراوە، (دەربارەی تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو، چاک دەزانن کە ئەم قورئانە لە هەمان سەرچاوەوەیە، هەر بۆیە) کاتێک بەسەریاندا دەخوێندرێتەوە خێرا سەری ڕێز و نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و سوژدە دەبەن. دەشڵێن: پاکی و بێگەردی بۆ پەروەردگارمانە، بەڕاستی بەڵێنی پەروەردگارمان هەر دێتە دی. ئەوانە سوجدە دەبەن و دەگرین و تا دێت زیاتر ملکەچ و دڵ پڕ لە ئیمان دەبن.

**سەرچاوە:**

1- بابەتی: کەعبەی پیرۆز پێکهاتە و هەندێ ئەحکام دەربارەی، عەبدولڕەزاق عەبدولڕەحمان تەوێڵەیی/پەیامی ڕاستی 2- بابەتی: نهێنیەکانی چارەسەر بەنوێژ، و: کاوە محەمەد شارباژێڕی/ هەیڤ. 3- بابەتی: نوێژ و دەوالی لاقەکان، و: د.دارا گوڵ حامد/ هەیڤ 4- بابەتی: سودە فیزیایی و تەندروستیەکانی نوێژکردن، ئا: بەدریە سعید/ بەکالۆریۆسی فیزیا/ هەیڤ. 5- أثر الصلاة على كفاءة الدورة الدموية بالدماغ، د. عبدالله محمد نصرت، (www.eajaz.org) 6- اهمية السجود واعجازه، عبد الدائم الكحيل. 7- تەفسیری ئاسان. 8- پوختەی تەفسیری قورئان.

# گەماڕۆی شەپۆل بە هۆی گەردەلول و ئیعجازی قورئان




قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ ﴾ یونس:٢٢، واتە: کاتێک ئێوە لە کەشتیدا دەبن، شنەبایەکی خۆش هەڵدەکات و پێی دڵخۆش دەبن بەڵام دواتر بای گەردەلول هات شەپۆل لە هەموو لایەکەوە بۆیان دێت.

ئەوەی لای زۆربەی خەڵکی ئاشکرایە شەپۆل هەمیشە بە ئاڕاستەیەکدا دەڕوات و بە زۆری بەرەو کەنارەکانی دەریا دێن، بەڵام دەبینین ئەم ئایەتە قورئانیە باسی جۆرە شەپۆلێکی نامۆ دەکات، کە بەیەک ئاڕاستە ناڕوات، بەڵکو لە هەر چوارلاوە شەپۆل بۆ کەشتیەکە دێت، هۆکاری ئەمەش هەر ئایەتە قورئانیەکە دیاریکردووە کە بەهۆی بای گەردەولەوە ئەو جۆرە شەپۆلە دروست دەبێت، دیارە ئەو هۆکارەی قورئان باسیکردوە ڕاستیەکی زانستییە چونکە کاتێک بای گەردەلولاوی لە شوێنی کەشتیەکە دەدات ئاستی ئاوی ئەو شوێنە نزم دەبێتەوە و ئاوی هەر چوار دەوری بەرزدەبنەوە، بەڵام کە کاریگەری گەردەلولەکە نەما ئاو لە هەموو لایەکەوە دەیەوێت ئەو شوێنە چاڵایەی ئاوەکە پڕ بکەنەوە، بۆیە شەپۆلی بەهێز لە هەموو لایەکەوە دێن بەرەو کەشتیەکە، بەمەش خەڵکی ناو کەشتیەکە ترسێکی زۆریان لێدەنیشێت وادەزانن لە ناودەچن وەک ئایەتەکە دەفەرموێت:

(وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ) واتە: دڵنیا دەبن بە شەپۆل هەرچواردەویان گیراوە.

بۆیە دەپاڕێنەوە و دەڵێن: (دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ) واتە: بە دڵسۆزیەوە دەپاڕێنەوە و دەڵێن خودایە ئەگەر لەمە ڕزگارمان بکەیت دەبینە کەسێکی سوپاسگوزار.

ئەم وەسفە وردەی قورئان کە پێش (14)سەدە هێناویەتی و ئەمڕۆ بە وێنە و ڤیدیۆ دەیبین بەڵگەی ئەوەیە ئەم وتانە هی یەکێکە ئاگادارە بە هەموو نهێنیەکانی زەریا و دەریاکان، ئەگینا پێغەمبەرێک کە هەرگیز بە دەریادا نەڕۆشتبێت و هەرگیز ئەم شەپۆلانەی گەمارۆی کەشتی نەبینیبێت، بەبێ نیگای خودایی ناتوانێت زانیاری لەو جۆرە بدرکێنێت. بە تایبەتی کە ئەم شەپۆلانە زۆر دەگمەنن ئەوانەش کە بەردەوام بە دەریادا دەڕۆن ڕێیان لێی ناکەوێت.

سەیری ئەم ڤیدۆیانە بکە تا ڕاستێتی ئەم ئیعجازە ببینیت:

http://www.youtube.com/watch?v=e-lweMwQLxQ
http://www.youtube.com/watch?v=GHJsxLAVa5g
http://www.youtube.com/watch?v=Jld5pIUKhCE
http://www.youtube.com/watch?v=BX3kFCgvKp4
http://www.youtube.com/watch?v=78qk2eLAfQ0

# کۆبوونەوەی توخمە قورسەکان لە ناوکی زەویدا ئیعجازی قورئانە




هەیڤ

پەروەردگار دەفەرموێت ﴿ إِذَا زُلۡزِلَتِ ٱلۡأَرۡضُ زِلۡزَالَهَا ١ وَأَخۡرَجَتِ ٱلۡأَرۡضُ أَثۡقَالَهَا ٢ ﴾ الزلزلة، واتە: کاتێک زەوی هاتە لەرزە بە لەرزینی خۆی، وە زەوی هەرچی قورسیەکانی ناوی هەیە هەمووی فڕێدایە دەرەوە.

قورئانی پیرۆز لەم چەند ئایەتەدا ئاماژە بە ڕاستیەکی زانستی گەورە دەکات، ئەویش دەرهاتنی قورساییەکانی زەویە، ئەم ئایەتە پێمان دەڵێت قورساییەکانی زەوی لە ناوەوەی زەوی شاراونەتەوە هەتا لە ڕۆژی دواییدا ئەو قورساییانە بۆ ڕووی زەوی دێنە دەرەوە، کە ئەمەش بەڵگەی تێکچوونی یاساکانی گەردوونە.

ئەمڕۆ زانستی چینەکانی زەویناسی ڕاستێتی ئەم ئایەتەیان سەلماندووە، زانایان دەڵێن ئەگەر لە چینەکانی زەوی لە توێکڵی زەویە وە بۆ ناوک بکۆڵینەوە بێگومان بارستە چڕی بەردەکان پلە بە پلە زیاد دەکات، چونکە هەرچەندە لە ناوک نزیک ببینەوە ڕێژەی توخمی ئاسن و ئۆکسیدە جیاوازەکان زیاد دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی قورستر بوونی ماددەکان. لە لایەکی دیکەوە هەتا لە ناوک نزیک ببینەوە چڕی زیاد دەبێت چونکە زیاتر پەستراون. وە بەهۆی ئەو گەرمیە بەرزەی لە ناوکدا هەیە توخمە قورسەکانی ئاسن کە چڕی ناوکیان زیاترە کۆ دەبنەوە، بەڵام لە چینەکانی سەرووتری زەوی بەردە نیشتەنیەکان و گرانێتەکان و بازڵتیەکان کۆدەبنەوە کە چڕیان کەمترە.

# لێکچواندنێکی وردی قورئان!






زانایان سەلماندیان چیاکان ملیۆنان ساڵە زەویان جێگیر کردووە و هاوسەنگیان پێ بەخشیوە..

خۆ ئەگەر زنجیرە چیاکان نەبونایە توێکڵی زەوی دەکەوتە جوڵە و ماتوچۆ، چونکە توێکڵی زەوی لەسەر چینێکی نیمچە شلی گەرمی بەرزە.

لەبەرئەوە شاخەکان لە ئیشیاندا بە لەنگەری کەشتیەکان دەچن، کاتێک لەنگەری پێ دەگرن و جێگیریان دەکەن... سەرسوڕهێن ئەوەیە 14 سەدەیە قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتی قورئاندا ئاماژەی بەم ڕاستیە زانستیە داوە هەتا بیگەیەنێت ئەم تەشبیهە هەڕەمەکی نیە، بەڵکو دووپاتکردنەوەی چەندین جار بەڵگەی دەرخستنی هەقیقەتەکەی و ڕووی ئیعجازەکەیەتی، یەکێک لەو ئایەتانە دەفەرموێت: ﴿ وَأَلۡقَىٰ فِي ٱلۡأَرۡضِ رَوَٰسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمۡ ﴾ لقمان:١٠. واتە: لەزەویدا چیاکان وەک لەنگەر دامانناوە تا جێگیرتان بکات و نەکەونە جموجوڵ.

هەتا شەستەکانی سەدەی بیستەم نەزانرابوو ئەرکی شاخەکان ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز باسیکردووە، و لەنگەر بە توێکڵی زەوی دەگرن تا جموجوڵ نەکات، ئەو لێکچواندنەی قورئان ئیعجازێکی تری تێدا دەخوێنرێتەوە ئەویش ئەوەیە، دەریدەخات ژێر توێکڵی زەوی ڕەق نیە و ماددەیەکە جۆرێک لە شلی تێدایە و لە جموجوڵدایە، چونکە لەنگەر بۆ کەشتی بەکاردێت کە شەپۆلی دەریاکان کەشتیەکە دەجوڵێنن، واتە لەم لێکچواندنەدا ڕوونی دەکاتەوە کە توێکڵی زەوی وەک کەشتی وایە و ماددەی نیمچە شلی ژێر توێکڵەکە وەک دەریا وایە و لەنگەریەکەش وەک چیاکان وایە، بۆیە ئەمەش دەبێتە موعجیزەیەکی زانستی کە شایەتی لەسەر ڕاستیەکەی دەدات.




**واتە: پێیان بڵێ بەسەر زەویدا بڕۆن تا بزانن چۆن دروست بوون دەستی پێکرد.**

زانایان دەریانخستووە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەڵگەی لەسەر سەرەتای ناوچەیەک دەست بکەوێت پێویستە بە پێ بەسەر زەویدا بڕوات، چونکە لەو گەڕانەدا چەندین شوێنەوار و بەبەردبوو دەدۆزێتەوە کە دەتوانرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، بۆ نموونە لە زۆر لە ناوچەکانی کوردستاندا کاتێک گیانداری ئاوی بە بەردبوو لە بناری چیاکاندا دەدۆزرێتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم ناوچانە ماوەیەکی زۆر ئاو دایپۆشیوە، (مامۆستا عبدالمجید الزندانی) دەڵێت: جارێک لە کۆلێژی زانستەکانی زەوی لەگەڵ ڕاگرێک دانیشبووین باسی ئەم ئایەتەمان دەکرد کە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ناوچەیەک پێویستە بە زەویدا بڕۆین، لەو کاتەدا تیمێکی بیانی کە گەڕانێکی مەیدانیان بە پێ بەچەند ناوچەیەکدا کردبوو هاتنە ژوورەوە و دەستیان بە قسەکرد و وتیان لێکۆڵینەوەکەی ئێمە زۆر لە تیمەکەی پێشتر وردترە، چونکە ئێمە نموونەمان وەرگرتوە و بەپێ گەڕاوین بەو ناوچانەدا، بەڵام ئەوانی پێشوو بە کۆپتەر بە ناوچەکەدا گەڕان، مامۆستا زیندانی دەڵێت بە ڕاگری کۆلێژەکەم وت سەیر بکە ئەو تیمە باسی ئایەتە قورئانیەکە دەکەن، پێویستە بۆ لێکۆڵینەوە بە سەر زەویدا بگەڕێیت وەک خوای گەورە فەرمویەتی.

## هەورە بروسکە ڕەحمەتی خوای گەورە یە!

**هەیڤ**

**زانایان دەڵێن ئەو بروسکانەی لە زەوی دەدەن بۆ سەلامەتی بەرگەهەوا زۆر پێویستن! ئەگەر هەورەبروسکە نەبێت ئەوا کەشی زەوی بە کارەبا شەحن دەبووە و ژیان نەدەما و بارانیش نەدەبوو... هەروەها زانایان دووپاتیدەکەنەوە، کە زەوی لە هەموو چرکەیەکدا توشی زیاتر لە سەد لێدان دەبێت، واتا (8000000) لێدانی بروسکە لە هەر ڕۆژێکدا!! لە بەخشندەیی خوای گەورەیە، کە ئەم لێدانانە لە ناوچەی دوور لە ئاوەدانیدایە، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خوایەی دەفەرموێت: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى يُرِيكُمُ ٱلْبَرْقَ خَوْفًا وَطَمَعًا ﴾ الرعد: ١٢، (خوا ئەو زاتەیە، کە هەورە بروسکەکانتان نیشان دەدات، هاوڕێ لەگەڵ ترسدا و ئومێد و هیوا بەخشیشە).**






قورئانی پیرۆز باس لە هەقیقەتی گەردەلول دەکات، کە قورسترین جۆرەکانی لێکۆڵینەوەن، چونکە گەردەلول بە خێرایيەکی زۆر دەڕوات و هەرشتێک بێتە بەردەمی لە بندا دەریدێنێت.

زانایان دەریانخست سەنتەری گەردەلول هەمیشە گەرمترە لە تەنیشتەکانی، لەبەرئەوە گەرمی لە ناووەیدا شاراوەتەوە و هەندێک جار لە حاڵەتێکی زۆر دەگمەندا دەبێتە دروستبوونی ئاگر لە ناووەیدا، بەڵام دەبینین قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی جوان ئاماژەی بۆ ئەم دیاردەیە کردووە، و فەرمانی پێ کردووین لێی ڕامێنین، وەک دەفەرموێت: ﴿ فَأَصَابَهَآ إِعْصَارٌ فِيهِ نَارٌ فَٱحْتَرَقَتْ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ ﴿٢٦٦﴾ ﴾ البقرة، واتە: باخە پڕ لە دارەکەی توشی گەردەلولێک ببێت، کە ئاگر لە ناویا بێت و بەوەش بیسوتێنێت، بەوجۆرە خوای گەورە نیشانەکانی بۆ ئێوە ڕووندەکاتەوە، بەڵکو بیربکەنەوە.

هەرگیز کەس نەیزانیوە کە دڵی گەردەلول گەرمە، بەڵکو گەردەول بینراوە سەرما و باران بە دوای خۆیدا دێنێت، ئیتر چۆن ناوکی گەردەلول گەرمە؟

ئەمە ڕاستیەکی زانستیە و ئەمڕۆ بە مانگە دەستکردەکان وێنەی گیراوە، بەڵام قورئانی پیرۆز چەندین سەدە پێش مانگە دەستکردەکان بە وردی ئەم وێنەیەی بۆ گرتوین و بۆی باسکردوین!!

ئەم دیاردەیە زۆر دەگمەنە لە ناوچە دارستانە چڕەکان بە تایبەتی ئەمریکای ناوەڕاست و باشور و هەندێک ناوچەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا ڕوودەدات، ماوەیەکی زۆر کەمی پێدەچێت کە هەندێک جار لە خولەکێک تێناپەڕێت، بەڵام وێرانکاریەکی گەورە بە دوای خۆیدا دێنێت.

ئاشکرایە پێغەمبەر لە دورگەی عەرەبیدا ژیاوە لە ناوچەیەکی بیاباناوی، هەرگیز لە ژیانیدا هیچ جۆرە گەردەلولێکی ئاگراوی نەبینیوە، چونکە ئەم گەردەلولە ئاگراویانە لە دارستانە چڕەکانەوە بەرهەمدێت، هەتا دانیشتوانی ناوچە دارستانیەکانیش زۆر بە دەگمەن ئەوە دەبینن، ئیتر چۆن دانیشتوانی بیابان دەیبینن؟!!

پاک و بێگەردی و سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە هەموو ئەم شتانەی بۆ باسکردویین هەتا زیاتر دڵنیابین بە قورئان و خۆشەویستی ئەو کەسەی قورئانی بۆ دابەزێنراوە لە دڵمان زیاتر بێت (ﷺ).

بڕوانە بۆ ئەم دوو ڤیدۆیە و گەردەلولی ئاگراوی ببینە:

http://www.youtube.com/watch?v=t_6Eyc_uzRk
http://www.youtube.com/watch?v=uBtpHiVDK4o

سەرچاوەکان:

http://ar.wikipedia.org/wiki/إعصار
http://www.alarabiya.net/articles/f17916/29/08/2010.html
http://fire.forestencyclopedia.net/p/p471
http://en.wikipedia.org/wiki/Fire_whirl



# ڕووبارەکانی میسری کۆن موعجیزەیەکی نوێی قورئانە

ن: عبدالدائم الکحیل
و: م. جەمال قەرەداخی

ئەمڕۆ زاناکان ئەوەیان سەلماندوە کە ئەو شوێنانەی لە میسردا ئاسەواری کۆنی وەک ئەهرامەکانی تێدایە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ناوچانە پڕبوون لە ڕووبار و دارستان، ئەو ڕاستیەش یەکلایی نەبووەوە تا نیوەی ساڵی 2012 و لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە چەند ساڵێکی خایاندوە، بەڵام ئەوەی سەیرە قورئانی پیرۆز لە پێش زیاد لە 1400 ساڵ لەمەوبەرەوە زۆر بە وردی ئاماژەی بەو ڕاستیە داوە، زانا پێشینەکان بڕوایان وابوو فیرعەونە کۆنەکان ئەهرامەکانیان لە ناوچە بیابانیەکان دروستکردوە، بەڵام لەوە دەچێت ئەو بۆچوونە هەڵە بێت، زانا پێشینەکان زۆر هەوڵیانداوە لە نهێنیەکانی ئەهرام و فیرعەونەکان تێبگەن زۆر نوسین و ژمارەی کۆنیان شیکردووە بەڵام نەگەیشتنە بەڵگەیەکی زانستی بەهێز بۆ دەرخستنی ژینگەی ڕاستەقینەی میسری کۆن.

فیرعەونەکان پێش 5 هەزار ساڵ لەمەوبەر شارستانی خۆیان دروستکردوە، خاوەنی هێزێکی گەورە و تەکنیکێکی پێشکەوتوو بوون لەو سەردەمەدا، زانستەکانی وەک کیمیا و مۆمیاکردن و ئەندازەی بیناسازی و گەردوونزانیان زۆر بە باشی زانیوە، خەڵکی ئەو سەردەمە لە ژیانێکی خۆش و گوزەرانێکی باش و پێشکەوتوودا ژیاون. ژینگەی ئەهرامەکان وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ناوچەیەکی بیابانیە و وا دەزانین پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەریش هەروا بوە بەو شێوە نەبوە، و کەس نەیزانیوە ئەو ناوچە بیابانیە پێشتر ڕووبار و دارستان و سەوزاییەکی قەشەنگ بوە و بەهۆی گۆڕانکاری کەشو هەوای زەوی ئێستا بۆتە بیابان، بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوە زانستی و مێژووییەکانی ئەم سەردەمە بابەتەکە بە جۆرێکی ترە!

توێژەرەوەکان دەڵێن: ئەوە بۆ یەکەم جارە کە دەگەینە ئەوەی گۆڕانی کەشوهەوا هۆکاری سەرەکیە لە داڕمانی شارستانیەکانی وەک شارستانی فیرعەونەکان لە میسر، لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر قوڵ بۆ ماوەی 5 ساڵ و بە پێی دەیلی مەیلی بەریتانی لە 29 / 5 / 2012 و بە پشتبەستن بەو داتانەی لە مانگە دەستکردەکانەوە بە دەستیان هێناوە دەرکەوتوە ئەو ناوچانە پێشتر یەک پارچە ئاو و ڕووبار و سەوزایی و دارستان بوون، ئەو ژینگە جوانە هۆکاری ئەو شارستانیە پێشکەوتوە بوە لەو سەردەمەدا و بە نەمانی ئەو ژینگەیە شارستانیەکەش نەماوە.

لەو لێکۆڵینەوەدا زاناکان پێشکەوتنی شارستانی لە ناوچەیەکدا دەبەستنەوە بە ئاوەدانی و زۆری و چڕی دارستان و باخ و ڕووبارەکان، بۆ نموونە بیابانە عەرەبیەکان کە لە میسرەوە بۆ لیبیا و جەزائیر و بە درێژایی هەزاران (کم) درێژدەبنەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ناوچانە ئاوەدانی و ڕووباری زۆر و دارستانی چڕ و پڕ بوون. وە بە پێی زانکۆی ئۆکسفۆرد لە ژێر ئەو لمەی بیبانەکانی میسردا یەکپارچە ڕووبار و دارستان بوە و پێش 5 هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە، (میخایل پتراگلیا) دەڵێت ئەو ژینگەیە هۆکاری پێشکەوتنی شارستانی فیرعەونەکان بووە.

وە لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەدا کە لە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی ژمارەی ڕۆژی 2012/8/17 بڵاوکراوەتەوە، بە پێی ئەو شیکردنەوانەی زاناکان لە سەر خەڵوز و تۆز و هەڵاڵەی 7 هەزار ساڵ لەمەوبەرەوەی ئەو ناوچەیە کردویانە دەرکەوتوە گۆڕانی کەشوهەوا و وشکبوونی ڕووبارەکان بۆتە هۆی داڕمانی شارستانی میسری کۆن.

ئەوانەی ئەو ئەهرامانەیان دروستکردووە چەندە بە توانا و بەهێزبن ئەوا هەر لاوازبوون بەرامبەر کەشوهەوا وەک ئاژانسی ڕووپێوی جیۆلۆجی ئەمەریکی USGS ئاماژەی پێدەدات.

توێژەرەوەکان تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئاستی خەڵوز لەو سەردەمانەی بێ ئاوی و وشکی ڕوویکردۆتە وڵات زیادی کردووە لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوەی زۆر و تۆز و دەنکەهەڵاڵەش لە کەمیدابوون بەهۆی کەمبوونەوەی سەوزایی. بەپێی لێکۆڵینەوە زانستیە نوێیەکان فیرعەونەکان ئەو پەیکەرانەیان داتاشیوە لە ژینگەیەکی پڕ ئاو و سەوزایدا، بەڵام گۆڕانکاری کەشوهەوا بۆتە هۆی بە بیابانبوونی ئەو ناوچانە و بەجێهێشتنیان لەلایەن دانیشتوانەکانیانەوە، و بەوەش بەشی زۆری ڕووکارەکانی ژیان لەو ناوچانەدا ونبوون.

پرۆفیسۆر (بنجامین هۆرتۆن) لە زانکۆی بنسلڤانیا جەخت لەوە دەکاتەوە هەموو ئەو ڕوداوانەی بە سەر میسری کۆندا ڕۆیشتوە وەک بوونی ئەو شارستانیە پێشکەوتوە و گۆڕانی کەشوهەوا و نەمانی دارستان و ڕووبارەکان و شارستانیەکەیان، هەموو ئەوانە بە وردی تۆمارکراون لە سەر گەردیلەکانی خەڵوز و تۆز و دەنکەکانی هەڵاڵە و زۆر بوونەوەری وردبینی دیکە!.

توانا و دەسەڵات و باڵادەستی خوای گەورە لەم گەردوونەدا هەر بۆ خۆیەتی کە ئەو هەموو زانیاریانەی لەو گەردیلانەدا بۆ خەزنکردووین و ئینجا لە قورئانە پیرۆزەکەیشیدا ئاماژەی پێدەدات وەک دەفەرموێت: ﴿وَنَادَىٰ فِرۡعَوۡنُ فِي قَوۡمِهِۦ قَالَ يَٰقَوۡمِ أَلَيۡسَ لِي مُلۡكُ مِصۡرَ وَهَٰذِهِ ٱلۡأَنۡهَٰرُ تَجۡرِي مِن تَحۡتِيٓۚ أَفَلَا تُبۡصِرُونَ﴾ الزخرف: ٥١.

واتە فیرعەون هاواری بەسەر گەلەکەیدا کرد و وتی ئایا میسر هەمووی موڵکی من نیە و ئەوەنیە ڕووبارەکان بە ژێرمدا دەڕوات ئایا نابینن؟

ئیعجازی زانستی لەو ئایەتەدا لە (.... وَهَـٰذِهِ ٱلۡأَنۡهَـٰرُ تَجۡرِي مِن تَحۡتِيٓ ) دا خۆی دەبینێتەوە کە ئاماژەیە بۆ بوونی ڕووباری زۆر لە میسری کۆندا، ئەوەش لە سەردەمی دابەزینی قورئانی پیرۆزدا نەزانراو بوە، بەڵام لە ئێستادا زاناکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە میسری کۆن لە سەردەمی فیرعەونەکاندا پڕ بوە لە کێڵگەی سەوزی پڕ لە دار و درەختی بەردار و بێبەر و میوەهاتی زۆر و ئاو و ڕووباری بێشومار، ئەو زانیاریانەش هەمووی لە تۆزی ئەو دەنکە هەڵاڵانەوە وەرگرتوە کە لە پێش 7 هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە لە لم و خۆڵی ئەو بیابانانەدا شاراوە بوون، و لە ئایەتێکی دیکەدا جارێکی تر ئاماژە بەو ڕاستیە دەدرێت کە پێشتر باسکرا، واتە لە سەردەمی فیرعەونەکاندا میسری کۆن یەکپارچە باخ و دارستان و سەوزایی و ڕووبار بوە وەک دەفەرموێت: ﴿ فَأَخۡرَجۡنَـٰهُم مِّن جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٧﴾ وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٥٨﴾ ﴾ الشعراء.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەو لێکۆڵینەوە زانستیانەی دیکەش بدەین کە باس لەوە دەکەن تەنها باکوری ئەفریقیا نەبووە پێشتر ڕووبار و باخ و دارستانی چڕ بووبێت، بەڵکو بە پێی لێکۆڵینەوە نوێیەکان و بە پشتبەستن بەو داتانەی مانگە دەستکردەکان داویانە، هەزاران ساڵ پێش ئێستا ناوچەی بیابانی نیمچە دورگەی عەرەب کە بە چارەکی خاڵی دەناسرێت، ئەو ناوچانەش پڕ ئاوەدانی و شارستانی و دارستانی پڕ و ڕووباری زۆر بوون، وە ئێستا ئاژانسی فەزایی ئەمەریکی ناسا دەیەوێت بزانێت داهاتووی ئەو ناوچانە چۆن دەبن و، هەر بە پێی ئەو لێکۆڵینەوە نوێیانە لە ماوەی داهاتووی نزیک یان دووردا و لە میانەی خولی گۆڕانکاریەکانی کەش و ئاو و هەواوە، ئەو بارە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ نیمچە دورگەی عەرەبی، پەیامبەری ئیسلامیش موحەمەد ( ﷺ ) لە فەرموودەیەکیدا دەفەرموێت : **(لا تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجاً وانهاراً)** رواه مسلم، واتە ڕۆژی دوایی نایەت تا زەوی عەرەب نەبێتەوە بەو دارستان و ڕووبارانەی پێشوو هەیبوون.

زاناکان دەڵێن لە گرنگترینی ئەو گۆڕانکاریانەی بە سەر میسری کۆندا هاتون، ئەو وشکەساڵیە بوە کە پێش 4200 ساڵ لەمەوبەر ڕویداوە و بۆتە هۆی بڵاوبونەوەی برسێتی و نەبوونی زۆر و ماوەی چەند ساڵێکی خایاندوە، زۆر بە ڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوەش دراوە لە میانەی لێکدانەوەی خەوەکەی پادشا لە لایەن پەیامبەر یوسفەوە سەلامی خوای لە سەر بێت، وەک دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ ﴿٤٨﴾ ﴾ یوسف. ئاخر چۆن پەیامبەرێکی نەخوێندەوار ئەوەی زانیوە کە پێش هەزاران ساڵ برسێتیەک لەو وڵاتە دوورە لە خۆیانەوە ڕوویداوە؟؟

پرۆفیسۆر Benjamin P. Horton هەستاوە بە ڕووپێوێکی جیۆلۆجی بۆ ناوچەی ئەهرامەکان و ئەبوهول لە میسر و بۆی دەرکەوتوە ئەو ناوچانەی ئێستا وەک بیابان دەردەکەون و بونەتە شوێنی ئەو ئاسەوارە کۆنانە، ڕۆژێک لە ڕۆژان پڕ باخ و دارستانی چڕ و پڕ و ڕووبار و ئاوی زۆر بوە، خوای گەورە لە چیرۆکی لە ناوچوونی فیرعەوندا ئاوا باسیان دەکات کە چەند باخ و ئاوی زۆر و سەوزایی و پلە و پایەی بەڕێز و میوەی زۆریان بەجێهێشتوە : ﴿ كَمۡ تَرَكُواْ مِن جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٢٥﴾ وَزُرُوعٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ ﴿٢٦﴾ وَنَعۡمَةٍ كَانُواْ فِيهَا فَـٰكِهِينَ ﴿٢٧﴾ ﴾ الدخان.

ئاخر پەیامبەرێکی وەک محمد ( ﷺ ) هەموو ئەو زانیاریانەی لە کوێوە هێناوە بەو وردیە و ئینجا ئەو ئیشی بەو زانیاریانە وردانە چی بوە وا خۆی بخاتە ناو گێژاوی زانیاریەکی هەزاران ساڵ پێش خۆی ئەگەر ئەو قورئانە پیرۆزە دابەزێنراوی خوای پەروەردگار نەبێت؟




**زانایان سەلماندیان کە هەموو چیاکان تەنانەت چیا بەستەڵەکەکانیش ڕەگی قوڵیان هەیە و بە مێخ دەچن، چەندین کیلۆمەتر بە زەویدا چونەتە خوارەوە، ئەم ڕاستیە زانستیە قورئانی پیرۆز بە وردی و ڕوونی بۆی باسکردووین... دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ﴿٧﴾ ﴾ النبأ، واتە چیاکانمان کردووە بە مێخ.**



﴿ إِنَّ ٱللَّهَ فَالِقُ ٱلۡحَبِّ وَٱلنَّوَىٰۖ يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَمُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتِ مِنَ ٱلۡحَيِّۚ ﴾ الانعام: ٩٥

**بەڕاستی خودا لەتکەری دانەوێڵە و ناوکە تۆوە، زیندوو دەردەهێنێت لە مردوو، وە دەرهێنەری مردوانە لە زیندوو.**

# خورما لەدایك بوون ئاسان دەكات



**لەتیف ڕەئووف**

ماسولکەی منداڵدان لەقۆناغی گرژبوون و منداڵبووندا، زۆرتر پێویستی بەشەکری سروشتی هەیە، وەک خۆراکێک بۆ ئەم ماسولکە بریندارە، خورماش ماددەیەکی نەرم و ڕەوانە و خۆراکێکی پێویستە بۆ ئافرەتی دوو گیان پێش لە دایکبوونی منداڵەکەی، لەبەرئەوە خورما کاریگەری لەسەر ماسولکەکانی منداڵدان هەیە و چالاکیان دەکات و جوڵەیان ڕێک دەخات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئاسانکردنی کرداری لەدایکبوون، لێرەدا ئیعجازی زانستی ئەم ئایەتە پیرۆزەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لەگەڵ خاتوو مەریەم (سەلامی خوای لێ بێت) دەدوێت و دەفەرموێت: ﴿وَهُزِّىٓ إِلَيْكِ بِجِذْعِ ٱلنَّخْلَةِ تُسَٰقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا ﴿٢٥﴾ ﴾ مریم، واتە: ئەو دارخورمایەش (کەپاڵت پێوە داوە) کەمێک ڕابوەشێنە خورمای گەیوت بەسەردا دەبارێت.

**خورما بۆ ئافرەتان ئیعجازێکی تری قورئانی پیرۆز:**

هەندێک لەزانایان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە خورما لە هەموو شتێک باشترە بۆ شکاندنی ئازاری منداڵ بوون و ئاسانی هاتنە دەرەوەی منداڵەکە و زوو حەسانەوەی ئافرەتە دایکەکە، ئەم زانایانە دوای لێکۆڵینەوە کردن لەسەر خورما و، تاقیکردنەوە لەسەر ئافرەتانی دووگیان لەکاتی بوونی منداڵەکانیان، گەیشتنە ئەم ئەنجام و سوودانەی لەخورما و قەسپەوە وەردەگیرێت بۆ ئافرەتان بەگشتی و ئەوانەی سک پڕن و لەسەر منداڵ بوونن:

1. خواردنی خورما هۆکارێکی کاریگەرە بۆ بەهێزکردنی ڕەحمی ئافرەتان و یەکگرتنەوە دوای هاتنە دەرەوەی منداڵەکە.

2. خورما ڕێژەیەکی زۆری تێدایە لە ماددەی کالیسیۆم کە هۆکارێکە بۆ دروستکردن و بەهێزکردنی ئێسکەکان.

3. ڕێژەیەکی زۆری ئاسنی تێدایە کە بۆ زیاد کردنی خوێن پێویستە.

4. یارمەتی خوێن ڕاگرتن دەدات دوای منداڵبوون، چونکە بڕێکی زۆری لەڤیتامین (K) و ( تانین) تیایە کە مادەیەکی (ڕاگر)ە.

5. یارمەتیدەرە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی لەش بەهۆی بوونی مادەی فسفۆر و ڤیتامینەکانی تر.

6. هۆرمۆنی ئیستروجینی تیایە کە بۆهێلکەدان بەسودە و چالاکیەکانی زیاتر دەکات و یارمەتی دەرە بۆ دروستکردنی هێلکۆکە، ئەمە هەلێکە بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەهۆی لاوازی هێلکەدانیانەوە سکیان پڕ نابێت.

سەرچاوە: کتێبی خواردنە سەرسوڕهێنەرەکە (خورما)

# عەمبارکردنی دانەوێڵە لە میسری کۆندا

**و: ناسک ئیسماعیل**

لەسەردەمی فیرعەونەکانی میسردا بایەخێکی زۆر دراوە بە عەمبارکردنی دانەوێڵە و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دروست، میسرییەکان لە بواری چۆنیەتی عەمبارکردنی دانەوێڵە و بەرووبومدا خاوەن زانستێکی پێشکەوتوو بوون، کە خۆی لە خۆیدا یەکێک بوە لە نهێنی بە هێزی دەوڵەتەکەیان، شوێنەوارناسان ئەوەمان پێڕادەگەیەنن کە کاری عەمبار کردنی دانەوێڵە یەکێک بوە لە کارە گرنگەکانی دەوڵەتی میسری کۆن، لە ئیعجازەکانی قورئانی پیرۆزیش لە سورەتی یوسفدا ئەوەیە کە ئاماژە بەو گرنگی پێدانە دەکات و ئەو ڕاستییە مێژوییە دەخاتەڕوو لەسەر زمانی یوسفی پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) کاتێک ئامۆژگاری پاشا دەکات بە هەڵگرتنی گەنمەکە بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە گوڵەکەیدا، ئەمەش وەک چارەسەر بۆ ئەو وشکە ساڵیەی کە ڕووبەڕوی میسر دەبێتەوە، لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە زاستییەکانی سەردەم ئەوە دوویات دەکەنەوە کە میسر پێش (5000) ساڵ



ڕووبەڕووی وشکە ساڵی بوەتەوە، هاوشان قورئان دەفەرموێت: ﴿ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِى سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ یوسف.

ئەم دەقە قورئانیەش شایەتیە بۆ ئیعجازی قورئان و دەیسەلیمێنێت پەڕاوی خودایە.

سەرچاوە:

www.kaheel7.com

# نهێنیەکانی فرمێسك و سوودەکانی گریان.

نەبەز عەبدولڕەحمان



زانایان لە پوختەی لێکۆڵینەوە درێژەکانیانا دەربارەی نهێنیەکانی فرمێسک و سوودەکانی گریان دەڵێن: گریان بۆ چارەسەرکردنی هەندێک لە تێکچوونەکانی باری دەروونی بەسوودە، هەروەها گریان چاو لە تۆز و بەکتریا پاکدەکاتەوە و یارمەتی چارەسەری خەمۆکیش دەدات.

گریان لە بەڵا و ناڕەحەتیەکانی ئازار کەمدەکاتەوە کە ئەوەش پێویستە بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی درێژخایەن.

هەروەها خوای گەورە برژانگی بە چاوەکانمان بەخشیوە کە هەرچەند چرکەیەک دەتروکێت و شلەی ناو چاو دەجولێنێت، بەوەش چاو تەڕ دەکات و لە وشکبوونەوە دەیپارێزێت، چونکە هەرکاتێک ئیفرازی شلەی چاو کەمبێتەوە مرۆڤ تووشی وشکبوونەوە و ئازارێکی زۆر لە چاوەکانیدا دەبێت کە بەرگەی ناگرێت.

پاک و بێگەردیش بۆ خوای گەورە کە چاکەی لەگەڵ کردووین و نیعمەتێکی پێ بەخشیووین کە بریتیە لە نیعمەتی گریان لە خۆشەویستی و ترسی پەروەردگاردا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَيَخِرُّونَ لِلْأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا ۩ ﴿١٠٩﴾ ﴾ الإسراء. واتە: ئەوانە سوژدە و کڕنووش دەبەن و دەگرین و ئەسرینی خۆشەویستی پەروەردگار لە چاوانیان دەبارێت، فرمێسکی ئیمان و شادی هەڵدەوەرێنن و تا دێت زیاتر ملکەچ و فەرمانبەردار و دڵ پڕ لە ئیمان دەبن.

ئایەتی کەش زۆرن کە خوای گەورە یارمەتی و مۆڵەتی مل کەچانی خۆی دەدات تا بتوانن لە خۆشەویستی و ترسی پەروەردگاردا چاوەکانیان پڕ ببێت و فرمێسکیان لێ بڕژێت، هەروەک چۆن ئاوی ڕووبارێک زۆر دەبێت و لافاوی لێ هەڵدەسێت (تَفِيضُ)، کە ئەمەش لە یەکچوونێکی زانستیی وردە، چونکە زانایان دەڵێن: ئالیەتی زۆربوون و هەڵسانی ڕووبارەکان هەمان ئالیەتی چاو پڕبوون و فرمێسک ڕشتنە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَا سَمِعُوا مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَىٰ أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُوا مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ ﴿٨٣﴾ ﴾ المائدة واتە: (ئەوانەیان کە بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕێن) هەر کاتێک گوێیان لە قورئان دەبوو کە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیوە، دەبینیت چاوەکانیان پڕ دەبێت و ئەسرینی خۆشی هەڵدەڕێژێت، بەهۆی ئەو حەق و ڕاستیەی کە دەیانناسی، لەکاتێکدا دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) دەتۆش لە ڕیزی (پەیڕەوان) و شایەتەکاندا تۆمارمان بکە.

سەرچاوە:

1- www.kaheel7.com

٢- تەفسیری ئاسان.

# شاخی ئامون (hippocampus)

هەیڤ



ئەو ناوچەیەی کە لە وێنەکەدا بە ڕەنگی شینی لەماع دیاری کراوە پێی دەوترێت شاخی ئامون کە ناوە زانستییەکەی (hippocampus)ە، ئەم ناوچەیە هاردێکی تێدایە نزیکەی (1000) تێرابایت واتە یەک ملیۆن گێگا بایت دەگرێت! واتە سێ ملیۆن کاتژمێر ڤیدیۆ کە (300) ساڵی بەردەوامی پێ دەچێت تا سەیری بکەیت!!

سەرچاوە:

ماڵپەڕی (موسوعة الاعجاز العلمي في القران والسنة).

خالید بەرزنجی

# لە ئیعجازە مێژووییە سەرنجڕاکێشەکان:

## دەستنوسە فیرعەونیە کۆنەکان دەیسەلمێنن قورئان نیگای خودایە

ناوی هامان وەک وەزیری فیرعەون لە قورئاندا شەش جار باسکراوە، لە کاتێکدا ئەم ناوە نە لە ئینجیل و نە لەتەوراتدا لە باسی فیرعەوندا هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە، ڕۆژهەڵاتناسەکان چەندین ساڵ ئەو گومانەیان بڵاو دەکردەوە کە هاتنی ناوی هامان لە قورئاندا بە کەسی نزیکی فیرعەون، هەڵەیەکی گەورەی مێژووییە، چونکە هامان لە تەورات و ئینجیل و لای مێژوونوسە یۆنانیە کۆنەکان و دەقەکۆنە میسریەکاندا نەهاتووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە سفری (ئەستیر)ی تەوراتدا هاتووە و باس لەوەدەکات پاشای بابل (ئەحشروبروش) وەزیرێکی هەبووە بەناوی هامان، کە دژایەتی جولەکەکانی کردووە و ستەمی زۆری لێکردوون، واتا بە ڕای ئەوان (هامان) لەسەردەمی فیرعەونی موسا لە میسردا نەبووە، بەڵکو بەنزیکەیی دوای 1000ساڵ لە وەفاتی پێغەمبەر موسا لە بابلدا بووە، بە گومانی ئەوان قورئان لە تەورات و ئینجیلەوە باسەکانی وەرگرتووە، بۆیە هێنانی ئەم ناوە بە لێ تێک چوون و تێکەڵ کردنی باسەکان دەزانن.*

بەڵام لەدوای شیکردنەوەی ئامرازەکانی نوسینی هیرۆگلیفی (زمانی میسریە کۆنەکان) 200 ساڵ پێش ئێستا، ئەو بانگەشەیە بە درۆخرایەوە، چونکە ناوی هامان لە نوسراوە میسریە کۆنەکاندا دەرکەوت. ئەم گومانە وای لە زانای فەرەنسی بەناوبانگی توێکاری (موریس بوکای) کرد، کە بەدوای ئەمەدا بچێت و لێکۆڵینەوە لە نهێنی ئەم ناوە بکات لە کتێبەکەیدا بە ناوی (موسا و فیرعەون) (Moise et Pharaon) کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتیانەی وردە لەسەر ژیانی پێغەمبەر موسا و بەراوردکردنی هەمان باس لە تەوراتدا، لە ئەنجامدا دەریخست کە زانیاریە نوێیەکانی ئێستا هاوشانی زانیاریەکانی قورئان و پێچەوانەی زانیاریەکانی تەوراتن، لە شوێنێکدا باس لەوە دەکات کاتێک چووە بۆ لای یەکێک لە پسپۆڕەکانی مێژووی میسری کۆن و ناوی هامانی پیشاندا، داوای لێکرد لە زمانی هیرۆگلیفیدا واتای ئەم ناوەی بۆ بکات، پسپۆڕەکە ئامۆژگاریکرد کە سەیری پەرتوکی ( فەرهەنگی ناوی کەسەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی تازە) (Dictionary of Personal names of the New kingdom) بکات کە نوسەرەکەی (Hermann Ranke)ە، پێی وت لەویا ناوەکانی تێدایە، ئەو فەرهەنگە پشتی بەستوە بە هەموو ئەو زانیاریانەی لە هەموو لەوح و ژمارە و بەردەکانی میسری کۆندا هاتوون، موریس بۆکای فەرهەنگەکەی هێنا و لە ناکاودا شتێکی چاوەڕوان نەکراوی بینی، ئەویش ئەوەبوو کە ناوی (هامان)ی دۆزیەوە بەزمانی هیرۆگلیفی و زمانی ئەڵمانی و بەم واتایە هاتبوو (رئيس عمال مقالع الحجارة لمعبد آمون–
«The Chief of the workers in the stone-quarries»
سەرۆکی کرێکاری بەردکاری و کانەبەردەکانی پەرستگای ئامون!!

* (د. عبدالجليل شلبى) (الامين العام السابق لمجمع البحوث الإسلامية) دەڵێت: چیرۆکی گەنجی ئەستێر و پادشا و هامانی وەزیری لە تەوراتدا ئەفسانە و چیرۆکێکی خەیاڵیە و هیچ ڕاستیەکی نیە و بە بەڵگە دەیسەلمێنێت ئەم چیرۆکە لە ئەفسانەی بابلیەوە وەرگیراوە.

بۆکای ئەم لاپەڕەی کۆپی کردوو چووەوە بۆ لای پسپۆڕەکە و نوسینەکەی پیشاندا، پاشان پێی وت: ئەگەر پێت بڵێم من دەستنوسێکم دۆزیوەتەوە هی 1400 ساڵ لەمەو پێشە و تێیدا نوسراوە (هامان) وەزیری فیرعەون و ئەندازیار و سەرۆکی بیناکاری و تەلارسازی بووە... تۆ دەڵێیت چی.؟؟ بۆکای نەیویست سەرەتا باسی قورئان بکات بۆ ئەوەی بزانێت هەڵوێستی چۆن دەبێت، تەنیا وتی دەستنوسێکی عەرەبی سەدەی حەوتەمە.

پسپۆڕەکە لە شوێنەکەی هەستا و بە دەنگێکی بەرز وتی: ئەمە ئەستەمە.. چونکە ئەم ناوە تەنیا لەسەر بەردە ئەسەریەکانی میسری کۆن و بە خەتی هیرۆگلیفی نوسراوە.. کە یەکێکیان لە مۆزەخانەی (هۆف)ی ڤیەننای پایتەختی نەمسایە (Kunsthistorisches Museum Vienna).. کە تیایدا ناوی هامان هاتووە بە کەسە نزیکەکانی فیرعەون، ئەم زانیاریە تەنیا کەسێک هەیە کە باسی ئەوەی کردوە و هەستاوە بە شیکردنەوەی ڕەمزەکانی زمانی هیرۆگلیفی. لەمەوە واتای وشەی هامان زانراوە.. ئەوەش لە ساڵی 1822ز دا.




وێنەی (١) بەردی ئەسەری فیرعەونی لە مۆزەخانەی هۆف کە ناوی هامانی لەسەرە

ئینجا پسپۆڕەکە وتی ئەو دەستنوسەی تۆ باسیدەکەیت لە کوێیە؟؟ لەو کاتەدا موریس بۆکای نوسخەی وەرگێڕاوی قورئانی کردەوە و پێی وت بیخوێنەرەوە .. ئەوە موعجیزەی موحەممەدە.. قورئانی پیرۆزە و ئەم ئایەتەی پیشاندا: ﴿ وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرِى فَأَوْقِدْ لِى يَٰهَٰمَٰنُ عَلَى ٱلطِّينِ فَٱجْعَل لِّى صَرْحًا لَّعَلِّىٓ أَطَّلِعُ إِلَىٰٓ إِلَٰهِ مُوسَىٰ وَإِنِّى لَأَظُنُّهُۥ مِنَ ٱلْكَٰذِبِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ القصص.

واتە: فیرعەون وتی ئەی گەورە و ئەشرافەکان وانازانم جگە لە خۆم هیچ پەرستراوێکی ترتان هەبێت، ئینجا بە هامانی وت کورەی ئاگر تاودە و خشتی سورەکراوی لێدروستبکە بۆم، ئینجا لەوە کۆشکێکی بەرزم بۆ دروستبکە بە گاڵتەوە وتی بەڵکو سەیری خواکەی موسا بکەم و ببینم، بەڕاستی وا دەزانم موسا لە درۆزنانە.

مۆریس بۆکای ئەم ئایەتەی بە وەرگێڕاوی ئەڵمانی پیشانی پسپۆڕەکە دا ئەویش سەرسامیەکی زۆر دایگرت و نەیتوانی هیچ بڵێت.

لەمەوە دەردەکەوێت کە هاتنی ئەم ناوە لە قورئانی پیرۆزدا وەک سەرپەشتیکاری پرۆژە بیناسازیەکانی فیرعەون، جێگای سەرسامیە و موعجیزەیەکی دیاری قورئانە، بەتایبەتی کە زمانی هیرۆگلیفی تا 200 ساڵ پێش ئێستا نەتوانراوە بخوێنرێتەوە، کاتێک ئاینی مەسیحی لە سەدەی دووەم و سێهەمی زاینی پەرەیسەند، میسر جگە لە ئاینەکەی زمانەکەشی لەدەست دا، دواین جار کە پێی نوسرا ساڵێ 394 ز بوو، لەو کاتەوە بە تەواوی پشتگوێخرا، ئەم حاڵەش بەردەوام بوو هەتا ساڵی 1822ز، کاتێک زانای فەرەنسی (فراجیان فرانسوا شامبلیۆن) گرێی ڕەمزەکانی ئەو زمانەی کردەوە لەسەر هەندێک نوسینی سەر بەردی ڕەشید کە لە ساڵی 1799 ز لە دێی ڕەشید لە پارێزگای بوحەیرەی میسر دۆزرانەوە و مێژووی نوسینەکانی بۆ ساڵی 196پێش زاین دەگەڕانەوە. لە دوای فێربوونی ئەو زمانە لەسەردەمی تازەدا توانرا هەموو نوسینەکانی تری مێژووی میسریەکان بخوێنرێتەوە، کە تیایدا چەندین جار ناوی هامان وەک بەرپرسی بیناسازی لە سەردەمی فیرعەوندا باسکراوە و بەوەش کە لە یەک کتێبی پێشووی وەک تەورات و ئینجیلدا نەهاتووە، ئەم دەرکەوتنە نوێیە دەبێتە ئیعجازێکی ڕۆشنی قورئان، هەرچەندە گومانکاران دەیانویست ئەمە بکەنە هەڵەی قورئان بەڵام ئەم دۆزینەوانە گومانەکەیانی پوچ کردەوە و لای هەموان سەلما هامان وەک لە قورئاندا باسکراوە لەسەردەمی فیرعەوندا ژیاوە و بەڕێوەبەری کاری بیناسازی بووە، بۆیە لە قورئاندا فیرعەون داوا لە هامان دەکات کۆشکێکی زۆر بەرز و گەورەی بۆ دروستبکات.

نوسەری تورکی (لێکۆڵەر ئۆرخان محمد علی) دەڵێت: (هیچ مێژوونوس و نوسەرێک یان دەقێک نیە ئاماژە بدات بە کەسێک ناوی هامان بێت و لە کەسە نزیکەکانی فیرعەون بوبێت، کەسیش دەربارەی مێژووی میسریە کۆنەکان زانیاری ئەوتۆی نەبووە، چونکە زاناکان دەستەوسان بوون لە خوێندنەوەی نوسینی میسریە کۆنەکان کە بە هیرۆگلیفی نوسرابون).




وێنەی (2) (ستونی ئەسەری فیرعەونی) ناوی هامان ئاماژەی بۆ کراوە لە لاکێشە زەردەکەدا.

سەرسوڕهێنەر ئەوەیە ئەم دەستنوسە (المخطوطة) تەنیا باسی هامانی نەکردووە بە جێگری فیرعەون، بەڵکو بە وردیەکی سەرسوڕهێنەر پیشەکەشی دیاریکردووە کە سەرۆکی کرێکاری بیناسازی و بەرکاری بووە، وەک لە وەرگێرانی نوسینە هیرۆگلیفیەکەدا بەزمانی ئەڵمانی ڕوون دەبێتەوە: Vorsteher der Steinmetze arbeiter ئەمەش ئەیسەلمێنێت کە هامان بواری کارەکەی قوڕ و بەردکاری بووە.

هەرکەس ئەیەوێت بچێتەوە سەر دەستنوسە بنەڕەتیەکە سەیری ئەم لینکە بکات لاپەڕە 399:

http://books.google.com/books?id=zRIGAAAAQAAJ&printsec=frontcover&hl=de#v=onepage&q&f=false

نوسراوێکی تر هەیە بە ناوی (Ranke) لە لاپەڕە 240دا بەپێی ڕێکخستنی ناو (25) ە (R-S. 1 BD)

تیایدا هاتووە کە ناوی هامان لە ناو فیرعەونەکاندا باسکراوە.

ئەمەش لینکی سەرچاوەکەیە:

http://www.egyptology.ru/scarcebooks/ranke/bd332-216-1(r-S).pdf

سەرچاوەیەکی تری مێژوویی ئاماژە بۆ ناوی هامان و پیشەکەی دەکات کە نوسراوی ژمارە (91)ە:




وێنەی (3) ئەم نوسراوە ئاماژە دەکات بۆ ناوی هامان و پیشەکەی کە هەمان نوسینی نوسراوەکەی (ستونی ئەسەری فیرعەونیە) کە لە وێنەی (2) پیشاندرا، وەک لە لاکێشە سوورەکەدایە.

سەرچاوەی ئەو نوسراوەش لە مۆزەخانەی ڤیەننا بە ناوی (wreszenski.wien) (ناوی سەرچاوەکە لەسەرەوەی وێنەکە دەستی چەپ) هەیە.




هەروەها هەمان وەسیقەی پێشوو لە پێگەی TLA دا هاتووە کە گەورەترین ئەرشیفی جیهانیە بۆ دەستنوس و

ئاسەواره فیرعەونیەکان و ئاماژه دەدات لە زنجیره ژمارەی (21.332.490 DZA) بە ناو و پیشەی هامان وەک سەرپەرشتیکاری کاری بیناسازی.

http://aaew.bbaw.de/tla/index.html

هەروەها لە لاپەڕە 240 ی کتێبی rank زنجیره ژمارەی ( R-S. 1 BD ) ناوی هامان هاتووه:




چونکه ئەو ڕەمزه بە هامان ئەخوێنرێتەوه وەک لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوه:

| | | |
|---|---|---|
| | vulture | short E, as in met |
| | horned viper | F, as in flower |
| | pot stand | hard G, as in gap |
| | cobra | soft G, as in generous |
| | shelter, rope | H, as in he, who |
| | reed leaf | short & long I, as in him, I'm |
| | cobra | J, as in jelly |
| | basket, hillside | hard C or K, as in kind, Christmas, lack |
| | mouth | L, as in lisp, linger |

ئەم لەوحە بەردینیەش کە تازه دۆزراوەتەوه ناوی هامان تیا دیاریکراوه:


Source photo:
Kunsthistorisches Museum Wien.

هەروەها لە فەرهەنگی Egyptian hieroglyphic dictionary دا لە لاپەڕە 485دا ناوی هامان هاتووه، سەیری ئەم لینکه بکە:

http://books.google.it/books?id=WUpp...praise&f=false





H [ 485 ] H

ḥemit …, a disease.
ḥemi …, a kind of wine from …, in the Delta.
ḥemen …, eighty; Copt. ϩⲙⲉⲛⲉ.
ḥemen …, B.D. 146, 58 .........
ḥemen …, to praise (?) to heap up (?)
ḥemen …, a vessel, bowl, bottle.
ḥemen … natron.
Ḥemen …, N. 849, P. 204,

ḥemsi …, Rev. 13, 31, …, Rev. 13, 11, to dwell; Copt. ϩⲙⲟⲟⲥ.
ḥemsit …, U. 192, …, T. 71, …, Pap. 3024, 133, …, IV, 349, 1103, a sitting down, enthronement, session.
ḥemsi …, dweller, inhabitant; plur. …
ḥems-ti …, Hh. 342, the two sitters.
Ḥems-beqsu-ȧrit-f …, B.D. 31, 4, a god (?)

کەواته پەروەردگار ڕاستی فەرمووه: ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ﴾البقرة واتا: ئەم کتێبه هیچ گومانێک لە ڕاستیەکەیدا نیه، ڕێپیشاندەری پارێزکارانه.

**سەرچاوەکان:**

1- M. Bucaille, Moses and Pharaoh: The Hebrews In Egypt, 1995, NTT Mediascope Inc.: Tokyo, p.
2- .192 H. Ranke, Die Ägyptischen Personennamen, 1935, Volume I (Verzeichnis der Namen), Verlag Von J. J. Augustin in Glückstadt, p. 240.
3- http://ar.wikipedia.org/wiki/هامان
4-http://www.egyptology.ru/scarcebooks/ranke/bd-216-1 28%332r-S29%.pdf
5-http://www.docstoc.com/docs/109601893/The-Hieroglyphic-Phonetic-Alphabet
6- http://books.google.com
7- Kunsthistorisches Museum فیینا
8- http://aaew.bbaw.de/tla/index.html
9-http://answering-islam.org/authors/katz/haman/app_ia_versions.html
10- http://www.kalemasawaa.com/vb/t14183.html

# ئیعجازی زانستی لە فەرموودەی (إن تحت البحر نارا وتحت النار بحرا)




**هەیڤ**

گەوره‌یان ئاشکراکرد کە بڕێکی زۆر ئاو لەخۆدەگرێت، لە ژێر زەوی لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا، شەپۆلگەلی هاوشێوەی شەپۆلەکانی دەریای هەیە! زاناکان سەدان هەزار پێوانەیان کردووە بۆ شەپۆلە زەمینلەرزەییەکان و بوونی ئەم کۆگا مەزنەی ئاویان سەلماند، کە قەبارەکەی نزیکەی جەمسەری بەستەڵەکیی باکورە... زانایان دووپاتی دەکەنەوە کە (با) ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پێکهێنانی هەورەکان و دابارینی باراندا و لەپاشانیش چوونە نێو زەوی و بەشێوەیەکی دەرئاسا خەزنبوونی. قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿ وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الحجر.

واته: ئێمە شنەبامان ناردووە کە پیتێنەری ڕووەک و دار و درەختە، هەروەها بارانمان لە ئاسمانەوە باراندووە و ئێوەی پێ تێراو دەکەین، بێ ئەوەی ئێوە ئەو ئاوانەتان خەزن کردبێت.

ئەوەش ئەوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵمان پێدەدات و دەفەرموێت: (ان تحت البحر نارا وتحت النار بحرا) رواه ابوداود.

واته: (بێگومان لەژێر دەریاوە ئاگر هەیە و لەژێر ئاگرەکەشەوە دەریا هەیە).

لێرەدا باهەڵوێستەیەک لەسەر ئەم فەرموودە مەزنە بکەین و دوباره تێبڕامێنین، دیاره دەریا و ئاگر دوو شتی دژبەیەکن و هیچ کاتێک کۆنابنەوە، بەڵام لەفەرموودەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) کە فەرمووی (ان تحت البحر نارا وتحت النار بحرا) بەڵگەیە لەسەر پێکەوە بوونی ئاو و ئاگر بەبێ ئەوەی هیچیان ئەوی تریان لەناوبەرێت، وە ئەوەش لەڕووی زانستیەوە سەلمێنراوە.

ئێستا ئێمە دەتوانین وێنەی قوڵایی دەریاکان ببینین کاتێک مادده تواوەکان دەردەپەڕن و بەناو ئاوی ساردی دەریادا بڵاودەبنەوە، کە سەرەڕای زۆری ئاوی دەریاکە ناتوانێت ئاگرەکە بکوژێنێتەوە یان بە پێچەوانەوە ئاگرەکە ناتوانێت ئاوەکە بکات بە هەڵم! ئەو هاوسەنگیە بە تەواوی لە فەرموودەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) دەبینین.

لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لە ژینگەیەکی بیاباناوی دوور لە دەریا و زەریا ژیاوە و بۆیەک جاریش بە دەریادا نەڕۆشتوە، و داش نەبەزیوەتە قوڵایی زەریاکان. دیاره هەتا ژێر دەریایی دروست نەکرا زۆرترین قوڵایی لەژێر ڕووی ئاوەوە کە مرۆڤ توانیبوی بیگاتێ لە (دە) تا (بیست) مەتر تێنەپەڕیوە. بۆیە ئەمەش یەکێکە لە بەڵگەکانی ڕاستی پێغەمبەرایەتی محمد (ﷺ).

**سەرچاوە:**

www.kaheel7.com

واته: (بێگومان لەژێر دەریاوە ئاگر هەیە و لەژێر ئاگرەکەیشەوە دەریا هەیە)!!

جیهانی دەریاکان پڕیەتی لە نهێنی و شتی سەرسوڕهێنەر کە هەتا سەردەمێکی نزیک جگە لە چەند ئەفسانەیەک هیچی تریان لە بارەوە نەوترابوو، بەڵام کاتێک مرۆڤ ژێردەریایی داهێنا و هەتا قوڵایی هەزاران مەتر چووە خوارەوە، لە ئەنجامدا توانی شتێکی سەرسوڕهێنەر بدۆزێتەوە، ئەویش بوونی ئاگری بڵێسەدار بوو لە قوڵترین شوێنی دەریاکاندا. دەریانخست هەموو دەریا و زەریاکانی جیهان لە بنکەکەیاندا کەلێن هەیە لە ڕێگەیانەوە مادده تواوە گڕکانیەکان دەردەپەڕنە دەرەوە.

ئەم تۆڕە کەلێن و درزانە ماوەیان هەزاران کیلۆمەتر دەبێت و بەهۆیانەوە ملیۆنان تەن لەو شلەمەنیە تواوانەی کە لەژێر بەرگی بەردینی زەویەوە هەن، دەردەپەڕنە دەرەوە.

پلەی گەرمی ئەو مادده تواوانە دەگاتە زیاتر لەهەزار 1000 پلەی سەدی. و لە ڕێگەی ئەم کەلێنانەوە ئەم ماددانە بەدرێژایی کات دەردەپەڕنە دەرەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی مادده تواوەکان و ساردبوونەوەیان لەئاوی دەریاکەدا هەتا دورگە بورکانیەکان پێک دێنن. هەروەها بە درێژایی دەیان هەزار کیلۆمەتر چەندین زنجیرە چیای گڕکانیان لە ناو زەریاکاندا دۆزیوەتەوە، کە لەئەنجامی ئەو مادده تواوە کڵپەدارانەوە پێک هاتوون. سەیری ئەم ڤیدیۆیە بکە و بە چاوی خۆت ئاگری ژێر دەریاکان ببینە.

http://www.youtube.com/watch?v=H7DPL0YYGL4

بەڵام ئەو شتەی چاوەڕوان نەکراو سەرنجڕاکێشە، ئەوەیە کە ئەو مادده تواوانە کە لە چینی سێیەمی زەویەوە دەردەپەڕن (کە بە پشتێنەی لاوازی زەوی ناسراوە) لە پێکهاتەکەیدا ئاو لەخۆ دەگرێت.

بەو پێیە ئەو چینەی زەوی کە لە ژێر دەریا و لە ژێر ئاگرەکانەوەیە، ئاو لەخۆ دەگرێت. ئێستا دەتوانرێت بوترێت بوونی ئاگر لەژێر هەر دەریایەکەوە لە جیهاندا ڕاستیەکی زانستی چەسپاو و حاشا هەڵنەگرە، و لەژێر ئەم ئاگرانەشەوە ئاو هەیە، کە بەچەندان ئەوەندەی ئاوی دەریاکان، مەزەندە دەکرێن زانایان دەریایەکی



# تەفسیری زانستیی سوورەتی ئیخلاس

## -بەشی یەکەم-


نووسینی: د. عومەر ئەلراوی
وەرگێرانی: هاوژین طالب رضا
پێداچوونەوە: د. دارا گوڵ


### پێشەکی

جارێکیان نامیلکەیەکی بچووکم لە هاورێیەکی نزیکم بە دیاری وەرگرت، کە بریتی بوو لە تەفسیری سوورەتی ئیخلاس و گەورەیی سوورەتەکە و، خوێندنەوەی لە نێو کاتژمێر زیاتری ناوێت، دیارە ئەم جۆرە نامیلکانە چاکن، لەسەر دەروون سووک و زانیاری بەخش و بابەتی زۆربەشیان گرنگن، هەروەک نامیلکەی هاورێکەمان بەوجۆرە بوو... لەکاتی خوێندنەوەی نامیلکەکەدا هەستم کرد ئەو واتایانەی کە باسیان دەکات باشن، بەڵام بۆ گەیاندنی مەبەست و ڕوون کردنەوەی بەهای سوورەتەکە بە تەنها بەسنین، چونکە نووسەر ڕای سەردەمێکی گواستۆتەوە کە کەسی عەرەب لە زمانی خۆی -عەرەبی- تێدەگەیشت، هەروەها تیایدا زیاتر گرنگی بە بەیانکردنی لایەنی زمانەوانی دراوە، کە خەڵکی ئەم سەردەمە بەگشتیی ناتوانن لەگەڵیدا بڕۆن و تەواو لێی تێبگەن، بۆیە باسەکە پێویست بە هێنانەوەی نموونەی ڕوونکاری ئاسان دەکات، بە زمانێک کە بەکاربراوی ڕۆشنبیران و جێ تێگەییشتنی زۆرینەی خەڵکی ئەم سەردەمە بێت. دیارە ئەو زمانەش زمانی عەقڵ و زانستە، کە پێویستە نموونەی زانستیی تەتبیقی، بەشێکی گرنگی شێوازەکانی ڕوون کردنەوەمان بێت، هەتا بابەتەکە زیاتر ڕوون بێت و لە دڵ و گیانی گوێگران و خوێنەران نزیک بێتەوە و، زیاتریش ببێتە مایەی هێنانە سەربار و تێگەیشتن.

جا بەو ئومێدەی توانیبێتم ئەم بابەتە گرنگەم گەیاندبێتە دڵی خوێنەر و، لای خوای گەورەش بە پوختی قبووڵ کرابێت، بە بابەتەکەدا چوومەوە و گفتوگۆم لەگەڵ هەندێک لە پسپۆڕ و کەسانی خاوەن زانستدا کرد و ئەم نامیلکەیەم پێشکەش کرد.

لەبەرئەوەی بەندە مرۆڤم و هەڵە دەکەم، بۆیە داواکارم لە خوێنەری بەڕێز ئەگەر ئەوەی نووسیومە هەڵەی تێدایە بۆمی ڕاستبکاتەوە، چونکە من لەسەر هەڵە سوورنیم و پێویستیشم پێی نییە. لێرەشەوە سوپاسی مامۆستای گەورە (مەحمود بن ئەلجەمیل) نووسەری نامیلکەکە و مامۆستای دکتۆر (**کاصد** یاسر ئەلزەیدی) خاوەنی کتێبی (الطبیعة في القران الکریم) دەکەم، کە زۆرێکم لە نووسینەکانیان وەرگرتووە، بەڵام بە مەبەستی کورت کردنەوەی نامیلکەکە ئاماژەم پێ نەکردوون.

### تەفسیری سوورەتی ئیخلاس

﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤ ﴾ الإخلاص واتە: (بڵێ: ئەوە خوای تاک و تەنها (بێ هاوەڵ و بێ هاوتایە)، نیازی بە کەس نییە و جێی ئومێدە و هەموویان ئاتاجی ئەون، هەر ئەو دەتوانێت بەڵاو و ناخۆشی لابەرێت و پێویستی و داخوازییەکانمان جێبەجێبکات. کەسی لێ نەبووە و خۆشی لە کەس نەبووە. هەرگیز هاوشێوە و دەسەڵاتدارێکی تر نییە کە بەرانبەر و هاوشانی بێت).

هیچ بوارێکم کە ئیسلامی تیا دەرکەوتبێت گەورەتر لە یەکخواپەرستی نەبینیەوە، چونکە یەکخواپەرستی لە ئیسلامدا مایەی پەتەویی هەموو کارێک و، بناغەی هەموو خواپەرستییەک و تاکە ڕزگارکەرە: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ۝٤٨ ﴾ النساء.

واتە: (بەڕاستی خوا خۆش نابێت ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت، بێجگە لەوە لە هەر گوناهێکی تر خۆش دەبێت، بۆ هەر کەسێک کە بیەوێت، جا ئەوەی هاوبەش بۆ خوا دابنێت، ئەوە بێگومان تاوانێکی گەورەی هەڵبەستووە).

بەڵام یەکخواپەرستی، وەک ئەوەی لە ئایینەکانی تردا ڕوویدا، جیاوازی تێکەوتووە و شەیتانەکان لە مرۆڤ و جنۆکە ویستویانە بیروباوەڕی یەکخواپەرستی خاو بکەنەوە و وای لێبکەن گرنگ نەبێت و چاوپۆشی لێبکرێت، بەڵام خوای گەورە تۆڵەی لێسەندنەوە و لە زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا ئاشکرای کردن و ئابرووی بردن، ئەوان هەوڵیاندا گومان لە زات و تاک و تەنیایی خوای گەورە دروست بکەن، خوای گەورەش بە ناردنی سورەتی ئیخلاس پشتی شکاندن، هەر بۆیە لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە پاداشتی خوێندنی سوورەتی ئیخلاس بەرانبەر سێیەکی قورئانە.

### وتەی ڕاڤەکاران لەبارەی هۆی ناونانی سوورەتەکە بە «ئیخلاس»

ئیخلاس لە زمانی عەرەبیدا: ئیخلاسی شتێک واتا پاڵفتەکردنی، (المخلص)یش ئەوەیە کە شتێکی نامۆی تێکەڵ نەبوویێت، وتراوە (تابع مخلص): واتە بەبێ خەوش شوێنی دەکەوێت.

وتراویشە هۆی ناونانی بە ئیخلاس، ئەوەیە کە (ابن عثیمین) ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت: (ئیخلاسی شتێک بە مانای پاککردنەوەی دێت و تێکەڵ نەبوونیەتی بە شتی نامۆ، هەروا وتراوە بۆیە وا ناونراوە چونکە دڵسۆزی بۆ خوای بەرز و بێهاوتا تێدایە، هەر کەسێک سوورەتی ئیخلاسی خوێندەوە و باوەڕی پێی بوو، ئەوا ئەو کەسە دەبێتە ڕزگاربوو (مخلص) بەهۆی سورەتەکەوە کە ڕزگارکەرە (مخلصە). هەروەها وتراویشە سوورەتی ئیخلاس (مُخلِّصە) — پیتی لامەکە فەتحەی لەسەر بێت - واتە خوای گەورە تایبەتیکردووە بە خۆیەوە و هیچ شتێکی تری جگە خۆی —جل جلالە- لە ئەحکام و هەواڵ تێدا باس نەکردووە. هەردوو ڕاقەکەش درووستن و دژایەتی لە نێوانیاندا نییە).

هەروەها وتەی تریش زۆرن، هەیە وتوویەتی بە خوێندنەوەی سوورەتی ئیخلاس دڵسۆزی باوەڕدار کامڵ دەبێت، یان وتراوە ڕزگارکەرە لە ئاگر، خوای گەورەش زاناترە.

هۆی هاتنە خوارەوەی سوورەتی ئیخلاس: (احمد) لە مەسنەدەکەیدا و (الترمذي) لە سونەنەکەیدا لە (أُبَی بن کعب)ەوە گێڕاویانەتەوە: (أن المشرکین قالوا للنبی (ﷺ): یا محمد انسب لنا ربك. فأنزل الله { قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ...}. واتە: هاوەڵدانەران بە پێغەمبەریان (ﷺ) وت: ئەی موحەممەد ڕەچەڵەکی پەروەردگاری خۆتمان پێبڵێ، خوای گەورەش (قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ)ی ناردە خوارەوە.

هەرچەندە فەرموودەی تریش هەن، بەڵام هەموو ئەو فەرموودانەی لە هۆی هاتنە خوارەوەی سوورەتی ئیخلاس دەدوێن، هیچیان سەحیح نین و لە وتەی خەڵکی خاڵی نین، بۆیە لێرەدا لەبەر درێژە نەکێشانی باسەکە ئاماژەمان پێ نەکردوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان ئەوە دەگەیەنن کە هۆی هاتنە خوارەوەی سوورەتی ئیخلاس ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە بووە کە موشریکە عەرەبەکان، جوولەکە و مەسیحییەکانی نزیک سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)، هەروەها فارس و هیندۆس و ڕۆمان و گریکەکانی پێش ئەوانیش لە سنوورەکانی دورگەی عەرەبیدا، تێی کەوتبوون. ئەوان کەوتبوونە هەڵەی لەیەکچوواندنی خوای گەورە بە دروستکراوەکانی، بەجۆرێک بەش و تەواوکەر و یارمەتیدەر و مناڵ و هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دادەنا، هەروەها هەرچییەکیش کە تووشی دروستکراوەکان دەبێت وەگ شەکەتی و ماندووبوون و هەڵە و پەشیمانی، هەمان شتیشیان وەپاڵ خوا دەدا.

جا وەک لە پێشدا باسکرا، چونکە یەکخواپەرستی لە گرنگترین بیروباوەڕەکانی موسڵمانانە، بۆ دەربازبوونیش لە تەئویلکردنی ئایەت و فەرموودەکان و دەمکوتکردنی ئەوانەی گوایە خزمایەتیەکیان لەگەڵ خوادا هەیە، یان هێزێکیان لە هێزی ئەوەوە هەیە، یان ئەوان جێگر و یارمەتیدەری ئەون، خوای گەورە سورەتی ئیخلاسی ناردۆتە خوارەوە.

### لادانی ئایینەکانی تر لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ)

لێرەدا دەمانەوێت ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە زۆرێک لە ئایینەکان لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی پەیامی قورئاندا لە دوورگەی عەرەبیدا ئامادەییان هەبوو، شوێنکەوتەی ئەم ئایینانە لە هێنانە سەربار و قسەی پێچاوپێچ و قسە هەڵبەستن و شێوازەکانی مشتومڕکردندا شارەزا و فێڵزان بوون، هەریەکەشیان لە هاوبەشدانان و بۆچوون و زانارییاندا سەبارەت بە زاتی پەروەردگار ڕای خۆیان هەبوو و مکوڕیش بوون لەسەری.

هەروەها لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا ئەوانەش هەبوون کە دانیان بە بوونی خوای گەورەدا نەدەنا هەرچەندە بە ژمارە لە موشریکەکان کەمتربوون، دیارە ئەمانە لە هەموو سەردەمێکدا هەن و پێیان وتراوە وجودییەکان یان دەهرییەکان بە واتای بێدین کە ئێستا بە خۆیان دەڵێن ئاتایست کە لە ئینگلیزیەوە (Atheist) یا لە (Atheos)ی گریکیەوە وەریانگرتووە، بەڵام ئەم گرووپەش وەک هاوەڵدانەران هەمیشە هیچ لەبارا نەبوو و بەڵگەبەتاڵ و مایەپووچن.

کاتێک قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە میللەتانی سەر ڕووی زەوی بەسەر دەستە و پەیڕەوی جیاوازدا دابەش و پەرتبوو بوون، هەریەک لەو میللەتانەش خواوەندی هەمەجۆریان دەپەرست، هیچ کامیشیان تەنانەت بەناو یەکخواپەرستەکانیشیان لە شێواندنی بیروباوەڕیان و هاوەڵ بۆ خوا دانان پارێزراو نەبوون، لەوانەیە پەیڕەوکارانی ئاینیی ئاگرپەرستی (مەجوس) لە هاوبەش پەیداکردندا کەمترین هاوەڵیان بۆ پەروەردگار دانابێت، ئەوان دوو خواوەندیان دەپەرست: خواوەندی ڕووناکی و خواوەندی تاریکیی، وایان بیردەکردەوە کە یەکێکیان دروستکەرە و ئەویتر وێرانکەر، خەڵکانی تری سەر زەوی بەگشتی ئالوودەی پەرستنی خواوەندی هەمەجۆر بوون، زۆربەی خواوەندەکانیش هەروەک لە داستانە کۆنەکاندا هاتووە لە ڕەگەزەکانی سرووشتبوون وەک: خۆر ، مانگ، ئاو، ئاگر، ئەستێرەکان و بەردەکان، هەروەها خواوەندی تر لە ئاژەڵان و ڕووەکەکان و تەنانەت مێرووەکانیش، هێنانەوەی هیچ جۆرە بەهانە و فێڵێکیشیان بۆ پاساوی بۆچوونەکانیان بە لاوە گران نەبوو، هەربۆیە لە ئەنجامی گەڕانیشم، لەسەردەمی دابەزینی نیگادا هیچ دینێکم نەدۆزییەوە یەکخواپەرستیی ڕاستەقینەی ئیسلامی هەبێت.

بۆ هەڵوەشاندنەوە و بە درۆخستنەوەی هەموو ئەو خواوەندە داهێنراوانە و، بۆ نیشاندانی بیرکردنەوەی درووست لە بارەی یەکخواپەرستیی و، بۆ ڕێگرتن لە بەردەم ئەوانەی گوماندروستدەکەن، سوورەتی ئیخلاس هاتە خوارەوە. لێرەدا هەندێک لەو داهێنان و گومانانە دەهێنین و وەڵامیان دەدەینەوە لەگەڵ تەفسیری ئایەتەکانی سوورەتی ئیخلاس.

### بیروباوەڕی مەسیحییەکان لە بارەی خوای گەورەوە

مەسیحییەکان لە سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا لەسەر یەک بۆچوون ڕێکنەبوون، لە بیروباوەڕەکانیاندا -کردن بە سیان (تثلیث) و کەسەکان (ئەقانیم) و بەشەکانی خوداوەند (الاجزاء الالهیة)- ڕای جیاوازیان هەبوو، زۆرێکیشیان لە کاتی موسڵمان بوونیاندا هەوڵیاندا ئەو جیاوازییانەی لە ناخیاندا جێگیربوو بۆ ئیسلامی بگوێزنەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەوە چیرۆکی پرسیارەکەی (عەدی کوڕی حاتەمی تائی)یە کاتێک بە موسڵمانی هات بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ).

له تەفسیری (تەبەری)دا هاتووه (عنْ عدِیّ بن حاتم، قَال: أَتيت رَسول الله (ﷺ) وفي عنقي صليب من ذهب، فَقَال: « يا عدِيّ اِطرَحْ هذا الوثن منْ عنقك! «قَال: فَطرَحته وانتهيت إليه، وهو يقْرأَ في سورَة براءَة، فَقرَأَ هذه الآية: { اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ } قَال: قُلْت: يا رَسول الله إنا لسنا نعبدهم! فَقَال: «أليس يحرِّمونَ ما أحلَّ الله فتحرِّمونه، ويحلّون ما حرَّم الله فتحلّونه؟ «قَال: قُلْت: بلى. قَال: «فَتلْكَ عبادَتهم» واته: (عەدی کوڕی حاتەم) وتی: کاتێک هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) خاچێکی ئاڵتوون له ملمدا بوو، فەرمووی: (ئەی عەدی ئەو بته له گەردنت فڕێده، منیش فڕێمدا و لەلای مامەوە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوه ﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ وَالْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا إِلَٰهًا وَاحِدًا ۖ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ سُبْحَانَهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ التوبة. واته: «حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆته پەروەردگار له جیاتی خوا، هەروەها مەسیحی کوڕی مەریەمیشیان کردووه به خوا، له کاتێکدا که فەرمانیان پێنەدراوه جگه له پەرستنی تاکه خوایەک، بێگومان جگه لەو زاته خوایەکی تر نییه، پاک و بێگەردی بۆ ئەو خوایە، لەوەی (ئەو نەفامانە) دەیکەنه هاوبەشی.» وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ئەوانمان نەدەپەرست، فەرمووی: ئایا ئەوەیان حەرام نەدەکرد که خوای گەوره حەڵاڵی کردبوو ئێوەش حەرامتان دەکرد، ئەوەشیان حەڵاڵ نەدەکرد که خوای گەوره حەرامی کردبوو ئێوەش حەڵاڵتان دەکرد، وتی: وتم: بەڵێ، فەرمووی: ئەوه بەندایەتی بۆ کردنیانه).

دەسته و کۆمەڵی واشیان هەبوو لەگەڵ مەسیحییبوونەکەشیاندا بانگەشەی یەکخواپەرستییان دەکرد، بەڵام یەکخواپەرستییەکی سەیر، دەیان وت: خوا سیانه له یەک خوادا، یان یەکه له سێ خوادا، هەمووشی تەنها فێڵ و یاری به دەستەواژەکردن بوو، ئەوەش بەهۆی کاریگەربوونیان به ئایینەکانی هیندۆسی و فارسی و ڕۆمانی که له پێش مەسیحییەتدا هەبوون.

وه دەستەی تریشیان هەبوو دەیان وت: بەهۆی مەریەمەوە، بەش (که مەسیحە سەلامی خوای لێبێت) له گشتەوه (که خوای گەورەیه) دەرکەوتووە، هەروەها دەڵێن: خوا یەکه و مەسیحیش بەشێکه لەو، هەندێکی تر دەیان وت: مەریەم بەشێکه له سێ دانه خوا، ئەمانەش جگه لەو بیروڕا باوەی که مەسیحییەکانی ئەمڕۆش هەر هەیانه، که دەڵێن: خوا سێیەمی سێ کەسەکانه باوک و کوڕ و ڕوحولقودس..

هەندێکیان بانگەشەی ئەوەشدەکەن گوایه هەمان شت له ئیسلامیشدا هەیه!! پشت ئەستوور بەوەی که خوای گەوره به شێوەی کۆ باسی خۆی دەکات، وەک دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر. واته: «به ڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووه و بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری دەکەین». ئەوەیان بیرچووه له زمانی عەرەبیدا ئەو شێوازه بۆ ڕێز و بەگەورەگرتن بەکاردێت، هەروەک چۆن بۆ شا و سەرۆکەکانیش هەمان شێوازی کۆ بەکار دەبرێت.

## بیروباوەڕی جوولەکه له بارەی خوای گەورەوه

لەگەڵ سەرلێتێکچوونیشان به دوو شێوەی کۆن و نوێ له بیروباوەڕیاندا، به شێوەیەکی گشتی، له پێش ئیسلامدا ئایینی جوولەکه له نزیکترینی ئایینەکان بوو له یەکخواپەرستیەوە، کۆنەکەیان قورئان باسیکردووه: ﴿ وَقَالَتِ الْيَهُودُ عُزَيْرٌ ابْنُ اللَّهِ وَقَالَتِ النَّصَارَى الْمَسِيحُ ابْنُ اللَّهِ ۖ ذَٰلِكَ قَوْلُهُم بِأَفْوَاهِهِمْ ۖ يُضَاهِئُونَ قَوْلَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن قَبْلُ ۚ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ ۚ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ التوبة. واته: «جولەکەکان وتیان: عوزێر کوڕی خوایه، گاورەکانیش وتیان: مەسیح کوڕی خوایه!! ئەوه قسەی ئەوانه بەدەم دەیڵێن و لێشی تێناگەن ئەو گوفتارەیان لاسایی کردنەوەی ئەوانەیه که پێشتر بێ باوەڕبوون (لەوەدا که دەیانوت فریشتەکان کچی خوان)، خوا له ناویان بەرێت، ئاخر ئەم بوختانه ناڕەوایانه چۆن هەڵدەبەستن و له ڕاستی لادەدەن.» ئەمه له کاتێکدا که ئەوان، (عوزێر) و باوکیی و خزم و ڕەچەڵەکیشیان باش دەناسی کەچی ئاوا بوختانێکیان دەکرد و ئەم وتەیەش لەو تەورات و ئینجیلانەی که ئێستا بڵاون هەیه. سەرەڕای لەخۆتێکدان و لاڕێ بوونه نوێکەشیان، گەڕاندنەوەی ڕەچەڵەکی پاشا و گەورەکانیانه بۆ خوای گەوره، ئەم لاڕێ بوونه له سەردەمی ناردنی پەیامدا لەو تەوراتەدا نەبوو که لەلای جوولەکەکانی مەدینه هەبوو، بەڵام ئەمیش له سفری تەکویندا له تەورات و ئینجیلەکانی ئەم سەردەمەدا نووسراوه. زۆر ڕێی تێدەچێت بناغەی ئەم سەرگەردانەشیان له ئایینی ترەوه بۆ پەیدابووبێت، چونکه ئەو خەڵک به کوڕ یا نەوەی خوا دانانه زۆر له باوەڕی گریکەکانەوه نزیکه، که له پێش جوولەکەدا هەبوون و کولتوورەکەشیان بەر له هاتنی ئیسلام لەو ناوچانەدا که جوولەکەی لێبوو بڵاوبوو.

## بیروباوەڕی میسرییه کۆنەکان سەبارەت به خوای گەوره

ئەمانیش وەک میللەتەکانی تر هەمەجۆر خواوەندیان دەپەرست، لای میسریه کۆنەکان (ئامون ڕاع) که ناوەڕۆکی خۆری دەنواند گەورەی خواوەندەکانیان بوو، لەگەڵ ئەو بانگەشەی گەورەیی و دەسترۆیشتوویی ئامون بەسەر خواوەندەکانی تردا، پێیان وابوو که خواوەندەکان له نێو خۆیاندا هەردەم له ململانێدان.

هەر بۆیه دەبینین بەشی نۆیەمی «کتێبی مردووەکان (الموتى)»یان بۆ وەسفی جەنگی نێوان دوو بەهێزترین خواوەند: خواوەندی خۆر و خواوەندی شەو یان خواوەندی ڕوناکی و خواوەندی تاریکی، تەرخان کراوه.

## وتەی بابلییەکان له بارەی خوای گەورەوه

بابلیەکان لەو میللەتانەن که خواوەندی زۆر و هەمەچەشنیان هەبوو، جگه (مەردوخ) که گرنگترینیان بوو، (عەشتار) و (تەموز) و (لەیل) و (تیاما) و (ئاسو)شیان هەبوو، خواوەندەکانیان له نێو خۆیاندا هەمیشه له ململانێ و جەنگدا بوون بەڵام ململانێکەیان به کۆتا گەییشت یان ئاشتبوونەوه له پێناو بابل و خەڵکەکەیدا. ئەوان جگه له خۆر و مانگ و ئاو و ئاگر، هەساره و ئەستێرەشیان دەپەرست، بیر و بۆچوونی زۆریان دەربارەی خواوەندەکان و یەکبوونیان هەبوو، باس و هەواڵی خواوەندەکانیان دەگواستەوه و له بیروڕاکانیاندا دەیان چەسپاند.

## بیروباوەڕی فارسه ئاگرپەرستەکان (مەجوس) له بارەی خوای گەورەوه

ئایینی ئاگرپەرستیی(مەجوس) بانگەشەی ئەوەی دەکرد که دوو خواوەند هەن: (ئەهورامەزدا) و(ئەهریمەن)، ئەوانیش له ململانێیەکی بەردەوامدان، (ئەهورامەزدا) دروستکەره و (ئەهریمەن) وێرانکەر، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێن ئەوان دوو خواوەندن له یەک خواوەنددا، که خواوەندێکی هاوسەنگه و گەردوون دەپارێزێت، بەمەش بانگەشەی یەکخواپەرستن دەکەن.

ئەوان خواوەندی ئاگر (ئەهورامەزدا) دەپەرستن و دەڵێن ئەو یەکەم خواوەندبووه، بەڵام خۆزگەی هاوجۆرێکی خواست، که خۆزگەیەکی خراپ بوو، چونکه (ئەهریمەن)ی لێدەرکەوت و بوو

به دوژمنی سەرسەختی. هەروەها ئاگریان لا پیرۆزە و دەڵێن: ئاگر مایەی مانەوەیە، و ئاویش مایەی لەناوچوونە، بۆیە ئاگرێکیان داگیرساند کە زیاتر لە هەزار ساڵ بەردەوامبوو. تا ڕۆژێکیان بینییان ئاگرەکە کوژاوەتەوە ئەوەش ئەو ڕۆژە بوو کە موحەممەد پێغەمبەر (ﷺ)ی تیا لەدایک بوو، جارێکی تریش دایانگیرساندەوە تا ڕزگارکردنی عێراق لە سەردەمی (عومەری کوڕی خەتاب)دا خوا لێی ڕازی بێت نەکوژایەوە.

### بیروباوەڕی یۆنانییەکان (گریک) لە بارەی خوای گەورەوە

یۆنانییەکان (گریک) ژمارەیەکی زۆر خواوەندیان دەپەرست، پەرستگایەکی گەورەشیان بۆ کۆکردنەوەیان دروستکردبوو! (زیوس) سەرۆک و بەرزترینی خواوەندەکانیان بوو کە گوێڕایەڵی دەکرا، (زیوس) دەستەڵاتی لە باوکی، (کرونس) وەرگرت، کە ئەویش (کرونس) گەورەی خواوەندە بەزەبرەکان بوو، دایکی (زیوس) ناوی (ریا) بوو کە ژنی دووەمی (کرونس) بوو، (زیوس) کچی یەکێک لە خواوەندەکانی هێنا بەناوی (متسی) بەڵام لێی تورەبوو و قووتیدا، پاشان (حیرا)ی هێنا و زۆر کوڕ و کچی لێبوو لە کچەکانی وەک (ئەسینا) و (کولۆمبیا). (کرونس)ی باوکی (زیوس) هەموو کوڕ و کچەکانی خۆی قووتدابوو بەڵام (زیوس) توانی زۆری لێبکات و هێڵنجی پێبدات و خوشک و براکانی پێبرشێنێتەوە، ئەوانیش: (هیدن) کە بوو بە خواوەندی جیهانی خواروو، (بزیدین) خواوەندی دەریاکان، و هەروەها خواوەندی تریان بۆ باکان و خێر و بژوێن و ئەستێرەکان و تەنانەت بۆ ئاگردانی ماڵیش هەبوو، ئەمە جگە لە خزمتکارانی خواوەندەکان لە خواوەندەکان خۆیان، هەروەها خواوەندی باش و خراپیان هەبوو ململانێیان لە نێوان یەکدا دەکرد، زۆر جاریش یەکێک لە خواوەندەکان لایەنگیری لایەک لە لاکانی کێشمەکێشەکەیان دەکرد. لەلای گریک بیروباوەڕی وا هەبووە کە خواوەند ژنی لە مرۆڤ دەهێنا و نەوەکەیان نیوەی خواوەند و نیوەی مرۆڤ دەبوو، مرۆڤیش دەیتوانی بڵند ببێت و بگاتە ئاستی خواوەند، ئەویش بە خواردنی جۆرێک بەروبوومی تایبەت یان بە پێشکەشکردنی خزمەتێکی گەورە بە خواوەندەکان. گریکەکان هەروەها مانگ و خۆر و هەسارەکانیان دەپەرست و ئەو خواوەندەیان ناو نابوو (توم) (کە خواوەندی هەمیشەیی، هەبوو لەزاتی خۆیەوە، بوو، هەر ئەویش بوو ژیانی بەسەر جیهاندا دەڕژاند). کتێبی ( الادب و الدین عند قدماء المسلمین/ انطوان زکي).

### بۆچوونی هندییەکان سەبارەت بە خوای گەورەوە

هندییەکان باوەڕیان بە هەمەجۆریی خواوەندەکان هەبوو، مەبەستیش لە هندییەکان (هیندۆس) و (بودای) و (سیخ)ەکانە کە هەموویان خواوەندی جۆراوجۆر بۆ خۆیان بڕیاردەدەن.

هیندۆسەکان جیا لەوانی تر هەندێک ئاژەڵیشیان لا پیرۆزە وەک: مانگا و مەیموون، هەروەها ئەرک و کاریان بۆ خواوەندەکانیان داناوە کە دەبێت ئەنجامی بدەن.

گەورەترین خواوەندیان (براهما)یە کە لە ئاسمانەکانەوە لەدایک بووە!!! و پێنج دەمووچاوی هەیە و دوو خواوەندیشی بەبێ ژنهێنان خستوەتەوە کە (فیشنوا و شیفا)ن، هەروەها مرۆڤ و ئاژەڵەکانیشی دروستکردووە. (بودای)یەکان باوەڕیان وایە کە خواوەند خواوەندی تر دروستدەکات بە ڕێگایەکی سەیر، کە لە خواوەندەکەوە دەردەکەوێت یان لێی جیا دەبێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ لەو کەمبێتەوە و ناشبێتە هاوتا و بەرانبەری، بەوەش دەڵێن لە دایکبوونی خواوەند، کە نزیکترین بیروباوەڕە لە مەسیحییەتەوە و بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە خواوەند تەواو و گەورەیە.

### بیروباوەڕی عەرەبەکانی سەردەمی نەفامیی لە بارەی خوای گەورەوە

هاوڵدانانی ئەمان لە هەموو میللەتانی تر گەورەتر بوو، خواوەندێکی زۆریان هەبوو بەجۆرێک سەدان خواوەند لە دەوری کەعبە هەبوون، بەڵکو بۆ هەموو ڕۆژێک و لە هەموو ماڵێکیشدا خواوەندێک هەبوو، ئەمە جگە لە پەرستنی هەسارەکان و ناونانی منداڵ بەناوی بەندەی ئەوانەوە (عبد الشمس و عبد المشارق)، هەروەها بۆ خواوەندە لە بەرد تاشراوەکانیش بە هەمان شێوە (عبد اللات و عبد العزی)، نەک هەر ئەوە بەڵکو خواوەندی وڵاتان و شارستانیەتەکانی دراوسێشیان وەک (هوبەل)، هەروەها (تەموز و عەشتار)ی خواوەندی بابلییەکان، (هورمز-ئەهورامەزدا)ی ئاگرپەرستان و (ئامون)ی خواوەندی میسرییەکانیان دێنا و دەیانپەرستن، باوەڕیشیان وابوو کە خواوەند کچی هەیە و تەنانەت ناوی خوای گەورەیان کردبووە مێینە و دەیانووت (ئەللات)، هەروەها مرۆڤ و خواوەندی تریشیان دەکردە شەریکی خوای جیهانیان...

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر باش خوای گەورەیان دەناسی و هەندێکیان نیمچە یەکخواپەرستیش بوون، بەڵام وەک ئەوەی پێویستە ڕێز و دەسەڵاتیان بۆ دانەدەنا.

لە دوای ئەم پێداچوونەوەیە بۆ ئایینەکان و میللەتانی سەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئان، هیچ میللەتێک یان ئاینێکی تر نابینین یان ئەوەتا هاوتا و شەریکیان بۆ خوای گەورە دادەنا، یان بەش و منداڵ و خزم و خێڵیان لە خواوەندە هەمەجۆرەکانیان و لە دروستکراوەکان بۆ دادەنا.

بەو جۆرە میللەتان باوەڕیان بە دوو خواوەند یان سیان، یان بە سەدان خواوەند هەبوو، یان بڕوایان وابوو کە خواوەند خودواندی تر دروستدەکات، خوداوەندەکان ژن دەهێنن و منداڵی خواوەندیان دەبێت یان خواوەند بە بێ ژنهێنان منداڵ دەخاتەوە، یان خواوەندەکان لەنێو خۆیاندا لە ململانێدان یان لەگەڵ یەکتر ئاشتدەبنەوە.

ئەم بیروباوەڕانە دزەیانکردە نێو ئایینە ئاسمانییەکانی وەک جوولەکە و مەسیحیی، ئەویش بەهۆی بەهەڵە وەرگێڕان، پشتبەستن بە کوێیە ناڕاستەکان و بە هەڵە لێکدانەوەی واتاکان، یان بە تێکدانیان بە مەبەست لەلایەن شەیتانە مرۆڤەکانەوە، یان بەهۆی پۆشین و شاردنەوە لەلایەن ئیبلیسەوە بەتایبەتی لەلای ئەو بەندانەی کە ڕاستی ئایین نازانن و زانستێکی دڵنیاکەریان پێنییە.

بەڵام کاتێک خوای گەورە قورئانی ناردە خوارەوە، سورەتی ئیخلاسی تیادا نارد کە تەئویل هەڵناگرێت و جگە یەک واتا ناکرێت تەفسیر بکرێت، تەنانەت تەئویلکردنیش ناتوانێت لە یەکخواپەرستییەکی ڕوون و ئاشکرا بیباتە دەرەوە، (سید قوتب) یش لە تەفسیری سوورەتی ئیخلاسدا دەڵێت: (سورەتی (ئیخلاس) سەلماندن و بڕیاردانی بیروباوەڕی یەکخواپەرستییە لە ئیسلامدا، هەروەک چۆن سورەتی (الکافرون) ڕەتکردنەوەی هەر لێکچوون و بەیەک گەیشتنێکە لە نێوان باوەڕی یەکتاپەرستی و باوەڕی شیرکدا و، هەریەکەیان لە ڕوویەکەوە چارەسەری ڕاستی یەکخواپەرستی دەکەن، پێغەمبەریش (ﷺ) بە نوێژی سوننەتی بەیانیان (سنة الفجر) ڕۆژی دەکردەوە کە تیایدا ئەو دوو سورەتەی دەخوێند، کە ئەم کارەش واتا و مەبەستی خۆی هەیە) (في ظلال القران).

# ڕەواندنەوەی گومانێک لەسەر ئیعجازی ئایەتی

﴿أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ﴾ الانبياء:٣٠







خالید بەرزنجی

**هەندێک گومانکار پێیان وایە ئاسمان بۆشاییە، دەڵێن چۆن ئاسمان کە بۆشاییە لەگەڵ تەنێکی پەڕی وەک زەویدا یەک پارچە بووە، بە وتەی ئەوان ئەمە هەڵەیە.**

### وەڵامی ئەم گومانە:

لە ڕاستیدا ئەم گومانە هی کەسێکە کە زۆر نەشارەزا بێت لە زانستیی گەردووندا، چونکە ئەوە قسەیەکی زۆر کۆن و هەڵەیەکی زانستیی گەورەیە کە دەڵێت ئاسمان بۆشاییە، بۆشایی بە هیچ جۆرێک لە ئاسماندا بوونی نییە و نێوان هەموو ئەستێرە و گەلە ئەستێرەکان پڕی ماددەیە، لە قورئاندا هەموو ئەستێرە و گەلە ئەستێرەکان و نێوانیان بە ئاسمان ناوبراوە، کە بە هەموویان بینایەکی تۆکمە دروست دەکەن، زانایان ماددەی نێوان تەنەکانیان ناوناوە ماددەی تاریک (dark matter) کە گەردوونیان بە ڕێژەی لە (96%) پڕ کردووە و، ماددەیەکی بەهێزە و ڕاستەوخۆ لە دوای گەشەکردنی گەردوون لە دوکەڵ و گاز لە تەقینەوە گەورەکەوە بەرهەم هات.

زانایان دەڵێن ئەو ماددە تاریکە لەسەرەتای دروستبوونی گەردووندا زۆر چڕ بووە و پاشان لەیەک دوورکەوتنەوە، کە ئەمەش قورئان باسی کردووە (کانتا رتقا ففتقناهما) وشەی (رتق) واتە ماددە تاریکەکە یەک بارستە بووە، (الفتق) واتە: جیابوونەوەی تەنۆلکەکانی ئەو ماددەیە لە یەکتری، وشەی (رتقا) بە تەواوی گونجاوە لەگەڵ سروشتی ماددە تاریکە شێوە چنراوییەکەدا.

### چۆنێتی دۆزینەوەی ماددە تاریکەکانی گەردوون:

پێش (75) ساڵ زانا فەلەکیەکان تێبینی شتێکی نامۆیان لە هەڵسوکەوتی گەلە ئەستێرەکاندا کرد، کاتێک بە شێوەیەکی تیۆری هەستان بە حساب کردنی خێرایی گەلە ئەستێرەکان، بینیان خێراییەکە زۆر لەوە جیاوازترە لە خێرایی فیعلی کە لە ڕێی تەلسکۆبەکانەوە دەیانبینی، لێرەوە وتیان کەواتە شتێکی نادیار هەیە هەڵدەستێت بە خێراکردنی گەلە ئەستێرەکان!!

لەمەوە هەستان بە کێشانی چەماوەی بەیانی کە پەیوەندی خێرایی گەلەئەستێرە دوورەکان بە دووری نێوانیان ڕوون دەکردەوە، دەریانخست کە بە پێی مەنتیقی بیرکاری پێویستە گەلە ئەستێرە چەند لە سەنتەرەوە دوور تر بێت، دەبێت خێرایی سووڕانەوەی کەمتر بێت، وەک کۆمەڵەی خۆر کە هەسارە نزیکەکان لە خۆرەوە بە خێراییەکی زیاتر لە هەسارە دوورەکان دەسوڕێنەوە.

بەڵام لێکۆڵینەوە تاقیکراوەییەکان دووپاتی دەکەنەوە گەلە ئەستێرە دوورەکان جوڵەیان خێراترە، بە پێچەوانەی بۆچونی پێشووەوە! بۆچی؟ ئەم پرسیارە زاناکانی سەرسام کرد و وەڵامێکی ژیربێژیانەشیان پێ نەبوو جگە لەوەی کە وتیان ماددەیەکی تاریک و وزەی تاریک هەیە کە هەڵدەستن بە کارتێکردنی گەلە ئەستێرە دوورەکان و زیادکردنی خێراییان بەبەردەوامی.

(سەرچاوە: www.uoregon.edu)

### ماددەی تاریک چۆن دابەشبووە؟

زانایان ئەو پرسیارەیان لا دروست بوو، کە ئایا شێوەی ئەم ماددە تاریکانە و دابەشبونیان لە گەردوندا چۆنە؟ بۆ وەڵامی ئەمە تیمێکی گەورەی لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی لە فەرەنسا و کەنەدا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیا بە سەرۆکایەتی دکتۆر (Yannick Mellier) لە پەیمانگای فیزیای فەلەکی پاریس دروستکرا، ئەم تیمە هەستا بە لێکۆڵینەوە لە (200) هەزار گەلە ئەستێرەی دوور. لە ئەنجامدا بەو ڕاستییە گەیشتن کە ماددەی تاریک گەلە ئەستێرەکان وا لێ دەکەن لەسەر شێوەی تۆڕ کە لە تاڵەکانی چنراو دەچن دابەشبن.

سەرچاوە:

(Yannick Mellier, First Glimpse of Dark Matter Distribution, Hawaii, March 2000 ,7.)

لەبەرئەوە ئەم ماددەیەش بریتیە لە چەند تۆڕێک کە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە دەچێت.. هەندێک لێکۆڵینەوە هەیە کە لەسەر (7000) پێوانەی جیا کراوە دووپاتی دەکەنەوە کە گەلە ئەستێرەکان (400) ئەوەندەی ماددەی ئاسایی، ماددەی تاریکیان تێدایە.

سەرچاوە:

(Jonathan Amos, Dark matter comes out of the cold, www.bbc.co.uk, 5 February 2006)

ئەو ماددە تاریکە زۆر یەکگرتووە و مەودایەکی فراوانی کێشکردنی هەیە، ئەگەر تۆزێک لەو ماددە تاریکە تێک بچێت گەردوون تێک دەچێت و ماددە تاریکەکە دەکێشێت بە گەلەئەستێرە و ئەستێرەکاندا، بەڵکو زانایان دەڵێن ماددەی تاریک گەلەئەستێرەکانی بە هۆی کێشکردنە گەورەکەیەوە ڕاگرتووە. پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤١﴾ فاطر. واتە: (بە ڕاستی خوا ئاسمانەکان و زەوی ڕادەگرێت، بۆ ئەوەی لە ڕێڕەوی خۆیان لا نەدەن، ئەگەر لە ڕێڕەوی خۆیان لا بدەن کێ هەیە جگە لە خوا ڕایان بگرێت؟ بە ڕاستی خودا لەسەرخۆی لێبوردەیە).

ئەم ماددە تاریکە بە خێراییەکی زۆر گەورە دەبێت و فراوان دەبێت، کە لەگەڵیشیدا گەلەئەستێرەکان دووردەکەونەوە، وەک باڵۆنێک کە هەوای تێ دەچێت، کە ئەگەر چەند خاڵێک لە ناویدا دیاری بکەین دەبینین هەرچەند گەورەتر بێت، زیاتر لە یەک دووردەکەونەوە، ئەم ڕاستییەش قورئانی پیرۆز باسیکردووە کاتێک دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ٤٧﴾ الذاريات. واتە: (ئاسمانمان بە دەستی خۆمان دروستکردووە و بەردەوام فراوانیشی دەکەین).

**هەندێک سەرچاوەی زانستی کە پشتگیری ئەم بابەتە دەکەن:**


NASA Finds Direct Proof of Dark Matter, NASA RELEASE 297-06, August 2006 ,21.
Yannick Mellier, First Glimpse of Dark Matter Distribution, Hawaii, March 2000 ,7.
Jonathan Amos, Dark matter comes out of the cold, , www.bbc.co.uk, 5 February 2006.
Finding Dark Matter, www.nasa.gov, December 2001 ,19.
Mystery of Galaxies Full of Dark Matter Solved, Scientific American, February 2007 ,16.
Mapping the Cosmic Web of Dark Matterwww.nasa.gov.
Strange Galaxy and Dark Matter, www.nasa.gov, June 1998 ,25.
Robert Sanders, «Dark matter» forms dense clumps in ghost universe, www.berkeley.edu, 05 November 2003.



# گەلەئەستێرەکان لەم گەردوونە فراوانەدا مەلە دەکەن

و: شەم میرزا

هەموو خاڵێک لەم وێنەیەدا بریتیە لە ئەستێرەیەک، وە هەموو ئەم ئەستێرانە بەدەوری سەنتەری مەجەرەکەدا بە سیستەمێکی ورد دەخولێنەوە، ئەم گەلەئەستێرەیە لەگەڵ ملیۆنانی گەلەئەستێرەی تر بە دەوری چەندین سەنتەری تردا دەخولێنەوە، تەنانەت گەردیلەی ناو ئەستێرەکان و تەنۆلکە وردەکانی ناو گەردیلەکانیش بە دەوری سەنتەرێکی دیاری کراودا دەخولێنەوە... ڕاستی زانستیش دەڵێت کە هەموو شتێک لەڕێڕەوێکی دیاریکراودا و بەدەوری سەنتەرێکی دیاریکراودا دەخولێتەوە و مەلە دەکات، کە هەموو گەردوون دەگرێتەوە، قورئانی پیرۆز باسی ئەم دیاردەیەی بە وردی کردوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴿٤٠﴾﴾ یس واتە (هەموویان لە ڕێڕەوێکدا دەخولێنەوە و مەلە دەکەن)...

# هاوکێشەیەکی قورئان بە وردی خێرایی ڕووناکی کە (299792.458) کم/چرکەیە لێوە دەردێت!!




خوای گەورە هاوکێشەیەکی لەم ئایەتە قورئانیەوە باسکردووە کە دەفەرموێت: ﴿يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٥﴾﴾ السجدة، عەبدوڵای کوڕی عەبباس دەڵێت: (هذا في الدنيا، ولسرعة سيره يقطع مسيرة ألف سنة في يوم من أيامكم) واتە: ڕێکخستنی کارەکان (يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ) ئەوە لە دونیادایە و بۆ خێرایی ڕۆشتنەکەیەتی کە لە ڕۆژێکی ئێوەدا هەزار ساڵ دەبڕێت. (بگەڕێرەوە بۆ تەفسیری تەبەری و قورتوبی و زەمەخشەری)

قەتادە دەڵێت: (مقدار مسيرة في ذلك اليوم ألف سنة) ئەندازەی ڕۆشتنی لەو ڕۆژەدا هەزار ساڵە. (تەفسیری تەبەری).. قورتوبی دەڵێت: «يعني: في يوم كان مقداره في المسافة (دوماً) ألف سنة». واتە لە ڕۆژێکدا ئەندازەکەی لە دووریدا هەزار ساڵە.. ئەبو حەیان لە تەفسیرەکەیدا دەڵێت: «السنة مبنية على سير القمر». واتە: ساڵ لەسەر ڕۆشتنی مانگ بنیات نراوە.

عەرەب لە کۆندا لەسەر ئەوە ڕاهاتبوون ماوەی دوو شوێنیان بە کات لێکدەدایەوە، بۆ نموونە دەیانوت ماوەی نێوان مەککە و مەدینە نیو مانگە، ئاشکرایە لەگەڵ پێشکەوتنی زانستیدا هەمان ماوە بووە نیو سەعات بە خێرایی فڕۆکە، واتە (کاتژمێرێک مانگێکە).

زانایان سەلماندیان جێگیری گەردوون لە خێراییدا، خێرایی ڕووناکیە کە ئەوپەڕی خێراییە.

ئایەتە قورئانیەکە ئەوە دەگەیەنێت کە باس لە جێگیر ترین خێرایی و ئەوپەڕی خێرایی بکات، کە دەفەرموێت: (فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ) مەقامی ئێرە پێوانەیە کاتێک بە ڕۆژێک بەو خێراییە زۆرە بە پێوانەی هەزار ساڵ دەبڕێت.

زانایان بۆ دیاریکردنی خێرایی ڕووناکی چەندین هەوڵیاندا تا لە کۆتاییدا لە ساڵی 1983 لە کۆنگرەی پاریس خێرایی ڕووناکی جێگیر کرا کە بریتی بوو لە 299792.458کم/چرکە.

ئەگەر لە ئایەتە قورئانیەکەوە سەیر بکەین دەبینین هاوکێشەیەکمان پێدەدات کە خێرایی ڕووناکی تێدا دەدۆزرێتەوە ئەو ژمارەیەی لە هاوکێشە قورئانیەکەوە دەردەچێت هەمان ژمارەی پەسەندکراوی خێرایی ڕوناکیە لە کۆنگرەی پاریس کە 299792.458 کم/چرکەیە!

**هاوکێشە قورئانیەکە بەمجۆرەیە:**

ئەو دووریەی ئەمرە گەردونییەکە دەیبڕێت لە ڕۆژێکی زەویدا ئەندازەکەی یەکسانە بە هەزار ساڵ بەحیسابی ئەو کاتە (مِّمَّا تَعُدُّونَ) (کە حیسابی مانگیە) (الحساب القمري)

**کەواتە:** مانگ چەند دووری دەبڕێت لە هەزار ساڵدا یەکسانە بەو دووریەی ڕووناکی لە 24 کاتژمێر دا دەیبڕێت.

دووری مانگ لە هەزار ساڵدا = 12000 جار خولانەوە بە دەوری زەویدا.

چونکە لە ساڵێکدا 12 جار بە دەوری زەویدا دەسوڕێتەوە.

ئەو دووریەش = 25.83134723 (بلیۆن کم).

**لاکەی تر:** ئەو دووریەی کە خێرایی ڕووناکی لە ڕۆژێکی زەویدا دەیبڕێت= 299792,458کم/چرکە.

لێکدانی ڕۆژێکی زەوی کە ( 86164.09966) چرکەیە

لە ئەنجامدا = 25.83134723 (بلیۆن کم)!!

لەمەوە دەرکەوت هاوکێشە قورئانیەکە چۆن خێرایی ڕووناکی لێوە دەردێت و هەمان نرخی پەسەندکراوی نێودەوڵەتیە کە بریتیە لە 299792.458 کم/چرکە، لە ناو خەڵکیدا بۆ ئاسانی دەوترێت (300.000 کم/چرکە).. ئەمەش یەکێکی ترە لە ئیعجازە ڕۆشنەکانی قورئانی پیرۆز و دەریدەخات کە قورئان لەلایەن دروستکەری گەردونەوە دابەزێنراوە.

# موعجیزاتی ئەحمەدی

ن: مامۆستا سەعیدی نوورسی
و: مامۆستا فارووق ڕەسووڵ یەحیا
faruq_r@hotmail.com




### ئاماژەی نۆهەم:

یەکێک لە جۆرەکانی موعجیزاتی پێغەمبەر(ﷺ) بریتییە لە گوێڕایەڵیی درەخت - بە وێنەی مرۆڤ - بۆ فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) و جووڵانیان لە جێی خۆیان و هاتنیان بۆ خزمەتی.

ئەم موعجیزەیەش کە پەیوەندیی بە درەختەوە هەیە، وەک موعجیزەی هەڵقوڵانی ئاو لە نێوان پەنجە پیرۆزەکانیەوە، بە «تەواتوری مەعنەوی» لە قەڵەم دەدرێت و، بە چەند شێوەیەک ڕووی داوە و، لە چەند ڕێیەکی جیاجیاوە ریوایەت کراوە.

بەڵێ، دەتوانرێت بوترێ: هەواڵی هەڵکەندن و دەرچوونی درەخت لە جێی خۆیدا و هاتنی بۆ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) و گوێڕایەڵیی بۆ فەرمانەکانی ئەو، «موتەواتیری صەریح»ە، چونکە لە ڕێی چەند هاوەڵێکی بەڕێز و ڕاستگۆ و ناسراوەوە ریوایەت کراون. وەک: «ئیمامی عەلی و ئیبن عەبباس و ئیبن مەسعوود و ئیبن عومەر و یەعلای کوڕی موڕڕە و جابیر و ئەنەسی کوڕی مالیک و بورەیدە و ئوسامەی کوڕی زەید و غەیلانی کوڕی سەلەمە» و هاوەڵانی جگە لەمانیش..

جا هەریەک لەم هاوەڵانەی پێغەمبەر (ﷺ) بە چەشنێکی بێ گومان و چەسپاو هەواڵی ئەم موعجیزەیەی ڕاگەیاندووە کە پەیوەندیی بە درەختەوە هەیە. سەدان کەسیش لە پێشەوایانی «تابعین» بە چەند ڕێیەکی جیا جیا لەوانیان وەرگرتووە و، لە سەرەتای هەر ڕێگایەکیشدا ناوی یەکێک لە هاوەڵە گەورە و بەڕێزەکانی تێدایە. واتە: وەک ئەوە وایە بە تەواتوری چەندجارەکی پێمان گەیشتبێت. کەواتە هیچ شوبهە و گومانێک ئاوێتەی ئەم موعجیزەیە نابێت. چونکە لە حوکمی موتەواتیری مەعنەویی بێ گوماندایە.

جا هەرچەندە ئەم موعجیزەیە گەلێ جار دووپات بووەتەوە، بەڵام ئێمە چەند دانەیەک لە وێنە زۆر و صەحیحەکانی لە نێوان چەند نموونەیەکدا باس دەکەین:

### نموونەی یەکەم:

ئیبن ماجە و دارەمی و بەیهەقی لە ئەنەسی کوڕی مالیک و ئیمامی عەلییەوە و، بەززار و بەیهەقیش لە ئیمامی عومەرەوە - خوا لە هەموویان ڕازی بێت- دەگێڕنەوە کە: سێ کەس لە هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویانە:

پێغەمبەر (ﷺ) لەوەی کە کافران بەدرۆیان خستبووەوە زۆر خەفەتبار و دڵگران بوو. لەبەر ئەوە، لە خوا پاڕایەوە و فەرمووی: «اللهمّ أرني آية لا أبالي من كذّبني بعدها»[1].

لە ریوایەتەکەی ئەنەسدا دەڵێت: حەزرەتی جیبریل - دروودی لەسەر بێت - کە پێغەمبەری (ﷺ) بە خەفەتباری بینی، وتی: حەز دەکەیت نیشانەیەکت پیشان بدەم؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ.. ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) بۆ درەختێکی ڕوانی کە لە پشتی شیوەکەوە بوو، حەزرەتی جیبریل فەرمووی: ئەو درەختە بانگ بکە. کە بانگی کرد، درەختەکە کەوتەڕێ و هاتە بەردەمی پێغەمبەر (ﷺ). جیبریل فەرمووی: فەرمان بدە بچێتەوە شوێنی خۆی، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێ دا، گەڕایەوە بۆ جێی خۆی[2].

### نموونەی دووهەم:

«قازی عەیاز»ی زانای هەرەگەورەی مەغریب، لە کتێبی (الشفا)دا بە سەنەدێکی بڵند و صەحیحەوە، لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە - خوایان لێ ڕازی بێت- دەگێڕێتەوە کە:

«لە سەفەرێکدا لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین (ﷺ). پیاوێکی دەشتەکی لێی نزیک بووەوە. پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: «أين تريد»؟ واتە: بۆ کوێ دەڕۆیت؟ پیاوەکە وتی: بۆ لای خێزان و ماڵم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «هل لك إلى خير»؟ واتە: حەز دەکەی خێرێکت دەست بکەوێت؟ ئەویش وتی: کام خێر؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «تشهد أن لا إله إلاّ الله وحده لاشريك له وأن محمداً عبده ورسوله». واتە: شایەتمان بهێنیت کە تەنها خوای گەورە خوایە و هاوبەشی نییە و، محەممەدیش بەندە و نێراوی ئەوە. پیاوەکە وتی: جا ئایا کێ شایەتە لەسەر ئەوەی کە تۆ دەیڵێیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «هذه الشجرة السمرة». واتە: ئەو درەختی سەمورەیە[3]. درەختەکەش لە لێواری شیوەکەدا بوو. ئنجا درەختەکە ڕێگای بڕی و هاتە بەردەستی پێغەمبەر (ﷺ). پێغەمبەر (ﷺ) سێ جار داوای لێ کرد شایەتی بدات، درەختەکەش بەو جۆرەی کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی، شایەتیی دا، ئنجا ڕۆشتەوە بۆ جێی خۆی»[4].

لە ڕێی: «ئیبن صاحیبی ئەسلەمی»یشەوە بە نەقڵێکی صەحیح لە «بورەیدە»وە دەگێڕنەوە کە دەڵێت: دەشتەکییەک داوای نیشانەی لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد. پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو: «قل لتلك الشجرة رسولُ الله (ﷺ) يدعوك». واتە:

---

(1) واتە: خوایە! نیشانەیەکی وەهام پیشان بدە کە ئیتر گوێ بە هیچ کەسێک نەدەم بە درۆم بخاتەوە.
(2) حديث حسن، رواه البزار وابو يعلى والبيهقي.
(3) سەمورە: درەختێکی دڕکاویی گەورەیە و لە جۆری درەختی مۆزە .
(4) صحيح، رواه ابو يعلى بسند صحيح والبزار والطبراني وابن حبان في صحيحه.

«بەو درەختە بڵێ: پێغەمبەری خوا بانگت دەکات». کە پێی وت، درەختەکە بە لای ڕاست و چەپ و بەردەم و پشتەوەی خۆیدا تەکانی دا و ڕەگەکانی قرتا و کەوتەڕێ و ڕەگەکانی بە دوای خۆیدا کێش کرد تا هاتە بەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوەستا و وتی: «السلام عليك يا رسول الله». پیاوە دەشتەکییەکە وتی: فەرمانی پێ بدە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. کە فەرمانی پێ دا، گەڕایەوە و، ڕەگەکانی شۆڕکردنەوە بۆ ناو زەوی و، لە جێی خۆیدا ڕاوەستا و جێگیر بووەوە. ئنجا پیاوە دەشتەکییەکە بە پێغەمبەری (ﷺ) وت: ڕوخسەتم بدە سوژدەت بۆ ببەم. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەگەر فەرمانم بە سوژدە بردنی کەسێک بۆ کەسێکی تر بدایە، فەرمانم بە ژن دەدا سوژدە بۆ مێردەکەی ببات. دەشتەکییەکە وتی: کەواتە ڕێم بدە هەردوو دەست و هەردوو قاچت ماچ بکەم. ئەویش ڕێی پێ دا[5].

### نموونەی سێهەم:

ئیمامی موسلیم و خاوەنی صەحیحەکانی تر لە جابیرەوە – خوای لێ ڕازی بێت – دەگێڕنەوە کە دەفەرموێ: لە سەفەرێکدا لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین (ﷺ). پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆشت دەست بە ئاو بگەیەنێت، هیچی دەست نەکەوت تاکو خۆی پێ پەنا بدات و دەرنەکەوێت. لە لێواری شیوەکەشدا دوو درەخت هەبوون. پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆشت بۆ لای یەکێکیان و پەلێک لە پەلەکانی گرت و فەرمووی: «انقادي عليّ بإذن الله». واتە: «بە ئیزن و فەرمانی خوا جڵەوت بدەرە دەستم و شوێنم بکەوە». درەختەکەش وەکو ئەو حوشترە لەغاوکراوەی کە شوێن جڵەوبەدەستەکەی دەکەوێت ئاوا شوێنی کەوت. جابیر دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) وای لە درەختەکەی تریش کرد تا هەردووکیان لە ناوەڕاستی ماوەی نێوانیاندا ڕاگرت، ئنجا پێی فەرموون: «التئما عليّ بإذن الله». واتە: «بە ئیزن و فەرمانی خوا یەکبگرن بۆم». ئەوانیش یەکیانگرت[6] و پێغەمبەر (ﷺ) لە پشتیانەوە دانیشت. ئنجا کە هەڵسا، فەرمانی پێ دان هەریەکەیان بڕواتەوە بۆ جێی خۆی.

لە ڕیوایەتێکی تردا دەڵێت: «پێغەمبەر (ﷺ) بە جابیری فەرموو: «ياجابر! قل لهذه الشجرة: يقول لك رسول الله إلحقي بصاحبتك حتى أجلس خلفكما». واتە: «جابیر! بەو درەختە بڵێ: پێغەمبەری خوا پێت دەڵێت بڕۆ بۆ لای هاوەڵەکەت تا لە پشتتانەوە دابنیشم». کە جابیر ئەمەی پێ وت، درەختەکە ڕۆشتە تەنیشتی ئەوی ترەوە و پێغەمبەر (ﷺ) لە پشتیانەوە دانیشت. جابیر دەفەرموێ: ئیتر من بە ڕاکردن گەڕامەوە و دانیشتم و لەبەر خۆمەوە بۆ خۆم دەدوام، کە ئاوڕم دایەوە پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو ڕووم دەگەڕایەوە و دوو درەختەکەش لە یەک جیا بووبوونەوە و لەسەر پێ ڕاوەستان، ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوەستا و بەسەر ئاماژەی بۆ لای ڕاست و چەپ بۆ کردن»[7].

### نموونەی چوارەم:

ئوسامەی کوڕی زەید – خوای لێ ڕازی بێت – کە خزمەتگوزارێکی ئەمینی پێغەمبەرە (ﷺ) و یەکێکە لە فەرماندە سوپاییەکانی، دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ:

«لە سەفەرێک لەگەڵ پێغەمبەردا بووین (ﷺ)، جێگایەکی وا چۆڵیش نەبوو کە لە کەسەوە دیار نەبێت و بۆ ئەوە دەست بدات بکرێت بە شوێنی دەست بە ئاو گەیاندن. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «هل ترى من نخل أو حجارة»؟ واتە: «هیچ دارخورما و بەردێک دەبینیت»؟ وتم: بەڵێ چەند دارخورمایەک دەبینم لە یەکەوە نزیکن. فەرمووی: «انطلق وقل لهن: إن رسول الله (ﷺ) يأمركن أن تأتين لمخرج رسول الله وقل للحجارة مثل ذلك». واتە: «بڕۆ پێیان بڵێ: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانتان پێ دەدات کە بڕۆن بۆ ئەو جێگایەی دەستی تێدا بە ئاو دەگەیەنێت، بە بەردەکانیش هەروەها بڵێ». منیش ئەوەم پێ وتن. بەو خوایەی پێغەمبەری (ﷺ) بە حەق ڕەوانە کردووە، بە چاوی خۆم بینیم کە دارخورماکان لە یەکتر نزیک بوونەوە هەتا کۆبوونەوە و، بەردەکانیش یەک لەسەر یەک کەڵەکە بوون لە پشتی دارخورماکانەوە. کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) گەڕایەوە، فەرمووی: «قل لهن يفترقن». واتە: «پێیان بڵێ: لە یەک جیا ببنەوە». بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، بە چاوی خۆم دەمبینی درەخت و بەردەکان بڵاوەیان کرد و هەریەکەیان ڕۆشتەوە بۆ جێی خۆی»[8].

ئەم دوو ڕووداوەی کە جابیر و ئوسامە گێڕایانەوە، یەعلای کوڕی موڕڕە و غەیلانی کوڕی سەلەمەی سەقەفی و ئیبن مەسعوودیش لە باسی غەزای حونەیندا گێڕاویانەتەوە.

### نموونەی پێنجەم:

ئیمامی ئیبن فەورەک (ابن فورك) کە زانای هەرەگەورەی چەرخی خۆی بووە و، لەبەر ئەوەی کە خاوەنی فەزڵی زۆر و ئیجتیهادی تەواو بووە بە «شافیعیی دووهەم» ناویان بردووە[9]. ئەم ئیمامە مەزنە دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ:

«لە شەوێک لە شەوەکانی غەزای تائیفدا، پێغەمبەر (ﷺ) بە وەنەوزەوە بە ڕێگادا دەڕۆشت، درەختێک هاتە ڕێی. یەکسەر درەختەکە دوو کەرت بوو، پێغەمبەریش (ﷺ) لە نێوانیانەوە تێپەڕی و، تا ئێستاش ئەم درەختە هەر بە دوولەتی ماوەتەوە»[10].

### نموونەی شەشەم:

یەعلای کوڕی سەییابە دەگێڕێتەوە کە: «جارێکیان، یان درەختی «تەلح» یان «سەمورە» بوو، هات و یەک جار بە دەوری پێغەمبەردا (ﷺ) گەڕا و پاشان ڕۆشتەوە بۆ جێگاکەی خۆی. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «إنها استأذنت أن تُسلّم عليّ». واتە: ئەم درەختە ڕوخسەتی وەرگرت بێت سڵاوم لێ بکات»[11].

### نموونەی حەوتەم:

ئیمامی بوخاری و موسلیم لە ئیبن مەسعوودەوە دەگێڕنەوە، دەفەرموێ: «ئەو شەوەی کە جنۆکەکان هاتن گوێیان لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگرت، درەختێک هەواڵی بە پێغەمبەر (ﷺ) دا کە جنۆکەکان دەیانەوێت بێنە خزمەتت. ئەمەش لەو شەوەدا بوو کە جنۆکەکانی «نوصەیبین» لە «بطن نخلة»دا[12] هاتنە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) تاکو موسڵمان ببن. جا درەختێک بوو هات هەواڵی هاتنی ئەو جنۆکانەی بە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاگەیاند. موجاهید لە ئیبن مەسعوودەوە، لە بارەی ئەم فەرموودەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: جنۆکەکان عەرزی پێغەمبەریان (ﷺ) کرد:

(5) أورده الهيثمي في المجمع (10/9) وليس فيه ذكر السجود. وقال الخفاجي: رواه البزار مُسنداً. بڕوانە: «نسيم الرياض في شرح الشفا للقاضي عياض» ٤٩/٣.

(6) صحيح، رواه مسلم في حديث طويل.

(7) الشفا 299/1، نسيم الرياض 51/3.

(8) حديث حسن، رواه أحمد باسنادين والطبراني بنحوه. وأحد إسنادي أحمد رجاله رجال الصحيح.

(9) «ابن فورك»: ناوی ئەبووبەکر محەممەدی کوڕی حەسەنی کوڕی فەورەکی ئەنصارییە و، لە ساڵی (406ک) لە نیسابوور کۆچی دوایی کردووە. یەکێکە لە گەورە زانایانی زانستەکانی ئوصوول و کەلام و فیقهی شافیعی. لە بەصرە خوێندوویەتی و لە نیسابووریش قوتابخانەی دامەزراندووە و وانەکانی تێدا وتووەتەوە. «ئیبن عەساکر» لە بارەیەوە دەڵێت: ئەم زانایە نزیکی سەد کتێبی لە واتاکانی قورئان و ئوصوولی دین و ئوصوولی فیقهدا داناوە. بڕوانە: الأعلام للزركلي 83/6.

(10) الشفا ٣٠١/١، نسيم الرياض 57/3.

(11) صحيح رواه أحمد والبيهقي والطبراني.

(12) ناوی جێگایەکە لە باکووری خۆرئاوای مەککە ڕۆژە ڕێیەک لێیەوە دوورە.

کێ شایەتیت بۆ دەدات؟ (واتە لەسەر پێغەمبەرێتی) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «ئەم درەختە». ئنجا بە درەختەکەی فەرموو: «درەختەکە وەرە»! ئەویش ڕەگەکانی لەگەڵ خۆیدا کێش کرد و، دەنگە دەنگێکی وەک دەنگی «چەک»ی لـێ دەهات و، هاتە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)»[13].

بەم جۆرە (بۆمان دەرکەوت کە) تەنها یەک موعجیزە سەروزیادی کۆمەڵی «جیننی» بوو تاکو ئیمان بە پێغەمبەر (ﷺ) بهێنن. جا ئایا ئەو کەسەی کە هەزار موعجیزەی وەک ئەمانە دەبیستێ و پاشان هەر لە دۆخی ملنەدان و سەرسەختیدا دەمێنێتەوە و سەرپێچی دەکات و ئیمان ناهێنێت، ئایا لەو شەیتانە سەر لـێ شێواوتر نییە کە قورئان لەسەر زمانی جنۆکەکانەوە لە بارەیەوە دەفەرموێ: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطًا﴾ (الجن:٤)[14].

**نموونەی هەشتەم:**

ئیمامی تیرمیذی لە «ئیبن عەبباس»ەوە - خوای لـێ ڕازی بێت - دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: «پێغەمبەر (ﷺ) بە پیاوێکی دەشتەکیی وت: «أرأيتَ إن دعوتُ هذا العذق من هذه النخلة أتشهد أني رسول الله»؟ واتە: «ئەگەر بەو هێشووە خورمایە بڵێم: وەرە و ئەویش بێت، ئایا شایەتمان دەهێنیت کە من پێغەمبەری خوام»؟ وتی: بەڵێ. پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد. هێشووەکەش بە تەکاندان هاتە خزمەتی. ئنجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: «بگەڕێرەوە». ئەویش گەڕایەوە جێی خۆی»[15].

بەم جۆرە، بۆمان دەرکەوت کە چەندین نموونەی زۆر هەن، وەک ئەوانەی باسمان کردن، هەموویان لە چەند ڕێیەکی جیاجیاوە ڕیوایەت کراون. دەشزانین کە ئەگەر چەند تاڵە دەزوویەکی باریک یەک بگرن، پەتێکی ئەستوور پێکدەهێنن. جا ئەم موعجیزەیە و هاوچەشنی کە پەیوەندییان بە درەختەوە هەیە و، لە چەند ڕێیەکی جیاجیا و، لە هاوەڵە بەناوبانگە بەڕێزەکانەوە ڕیوایەت کراون، دەبێ لە هێزی تەواتوری مەعنەویدا بن. بەڵکو لە ڕاستیدا موتەواتیری ڕاستەقینەن. چونکە بێ گومان کاتێ گەیشتوونەتە دەستی «تابیعین» بوون بە «موتەواتیر» بە تایبەت ئەو ڕێگایانەی کە خاوەنی صەحیحەکانی وەک: «بوخاری و موسلیم و ئیبن حیببان و تیرمیذی» و غەیری ئەمانیش بۆ وەرگرتنی فەرموودە گرتوویانەتەبەر، چەند ڕێگایەکی صەحیحن و هیچ گومانێکیان تێدا نییە. تەنانەت بینینی هەر فەرموودەیەک لە بوخاریدا، وەک ئەوە وایە کە ڕاستەوخۆ لە هاوەڵەکانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) ببیسترێت.

لە کاتێکدا کە درەختەکان - وەک نموونەکانی پێشوو بۆیان دەرخستین - پێغەمبەر (ﷺ) بناسن و، بە غەیری خۆیانی بناسێنن و، پێغەمبەرێتییەکەی بسەلمێنن و، سڵاوی لـێ بکەن و، بێن بۆ زیارەت و خزمەتی و، گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن..

لە کاتێکدا درەختەکان ئاوا بن، ئیتر چۆن ئەو بێ گیانەی کە خۆی ناوناوە «مرۆڤ»، ناناسێت و باوەڕی پێ ناهێنێت؟

ئایا ئەو کەسە لە «دڵ» و «ژیری» بێ بەش نییە؟ ئایا لەو درەختە وشک و تەختە ڕەقانەی کە تەنها شایستەی سووتاندنن، بێ بایەختر نییە؟!

---

(13) صحيح، رواه البخاري ومسلم.
(14) واتە: (هەرزەی ئێمە درۆی ناڵەباری لە بارەی خواوە هەڵدەبەست). بڕوانە تەفسیری خاڵ جزمی بیست و نۆهەم- ل 168.
(15) صحيح، رواه الترمذي وغيره.

# زەوی لە چواردەورییەوە دادەخورێ



و: بەرزان ئالانی

زانایان دیاردەیەکی نوێیان ئاشکرا کردووە، (زەوی لە چواردەورییەوە دادەخورێ، واتە لێی کەم دەبێتەوە). ئەم وێنەیە کە ئاژانسی ناسا گرتوویەتی، زانایان دەڵێن بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە زەوی لە چواردەورییەوە لێی کەم دەبێتەوە، چواردەوری کیشوەری بەستەڵەک بەردەوام قەبارەکەی دەتوێتەوە و دەکشێتە دواوە بەرە و کەم بوون دەچێت.

هەروەها زانایانی جیۆلۆجیش دەڵێن: توێکڵی زەوی لە کۆتاییەوە، یاخود لە چوار دەورییەوە، دادەخورێت و کون دەبێت، ئەمەش لە قوڵایی زەریاکاندا ڕوودەدات..

قورئانی پیرۆز پێش چواردە سەدە لەمەوبەر ئەم ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَوْا۟ أَنَّا نَأْتِى ٱلْأَرْضَ نَنقُصُهَا مِنْ أَطْرَافِهَا ۚ وَٱللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِۦ ۚ وَهُوَ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٤١﴾﴾ الرعد.

واتە: ئایا نەیانبینیوە، ئێمە چۆن ئەم لاو ئەو لای زەوی کەم دەکەینەوە، خوا خۆی داوەریی دەکات و کەس ناتوانێت موحاسەبەی بکات و کۆسپ و تەگەرە بهێنێتە ڕێی و ئەوزاتە زۆر بەخێرایی هەموو شتێک تاوتوێ دەکات و لە هەمووان دەپرسێتەوە.

سەرچاوە: www.kaheel7.com

# چرای دەریا



جۆرێک لە زیندەوەری دەریایی لاشەی وەک چرای داگیرساو دیارن تا لە تاریکایی قوڵایی ئۆقیانوسەکاندا پێی بڕوات، پێی دەوترێت چرای دەریا.

مرۆڤ تا سەدەی بیست ئاگاداری تاریکاییەکانی ناو دەریا قوڵەکان نەبووە، چونکە دابەزینی مرۆڤ هەتا ژێر دەریایی (غواصە) دروستنەکرا لە (٣٠) مەتر زیاتر نەبوە، لە کاتێکدا ئەم تاریکیانە لە قوڵایی سەدان مەترەوە دەست پێدەکات و ئەمڕۆ وێنەی دەگیرێت، ئەمە لە کاتێکدا قورئانی پیرۆز باسی لە تاریکایەکانی ناو دەریا و زەریا قوڵەکان کردووە وەک دەفەرموێت: ﴿أَوْ كَظُلُمَٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ﴾ واتە: دڵی بێباوەڕ تاریکایی داپۆشیوە وەک تاریکایەکانی دەریا قوڵەکان.

# دەستنوسی ئایپور باسی ئەو کارەساتەی بەسەر فیرعەون و میللەتەکەیدا هات

پوختەیەک لە ڕاپۆرتێکی: مامۆستا فراس نور الحق/ بەڕێوەبەری سایتی: موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن



و: فیردەوس یاسین قەرەداغی

لە قورئانی پیرۆزدا زۆر باسی پێغەمبەرانی خوا موسا و هارون کراوە لەگەڵ فیرعەون دا، کە چۆن خوای گەورە موسا و هارونی بۆ نارد بۆ بانگەواز کردنی بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنها.. بەڵام فیرعەون ئەو ڕاستیەی ڕەتکردەوە، بۆیە موسا چەندەها ئایەت و نموونەی بۆ هێنایەوە کە دەلالەت بوو لەسەر گەورەیی خوای تاک و تەنها، کە بەڵکو باوەڕ بهێنێت کە ئەو خوایەی ئەوی ناردوە هەر ئەوە کە هەموو ورد و درشتی سەر زەوی و ئاسمانەکان بە دەستی ئەوەوەیە، ئەو شتانەش کە خوای گەورە ناردی بۆ فیرعەون و میللەتەکەی: وشکە ساڵی، کەمی بەروبوم، کوللە، بۆق، لافاو، خوێن.. خوای گەورە لە (سورەتی اعراف)دا ئەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ أَخَذْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ بِٱلسِّنِينَ وَنَقْصٍ مِّنَ ٱلثَّمَرَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴿١٣٠﴾ ﴾.. هەروەها لە هەمان سورەتدا هاتوە کە دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُوا۟ مَهْمَا تَأْتِنَا بِهِۦ مِنْ ءَايَةٍ لِّتَسْحَرَنَا بِهَا فَمَا نَحْنُ لَكَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٣٢﴾ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلطُّوفَانَ وَٱلْجَرَادَ وَٱلْقُمَّلَ وَٱلضَّفَادِعَ وَٱلدَّمَ ءَايَٰتٍ مُّفَصَّلَٰتٍ فَٱسْتَكْبَرُوا۟ وَكَانُوا۟ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ ﴿١٣٣﴾ ﴾.. بەڵام چارەنووسی فیرعەون و میللەتەکەی بەهۆی ئەم هەموو کەللە ڕەقییە نوقم بوون بوو لە دەریادا وەک خوای گەورە لە سورەتی (اعراف)دا دەفەرموێت: ﴿ فَٱنتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَٰهُمْ فِى ٱلْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُوا۟ عَنْهَا غَٰفِلِينَ ﴿١٣٦﴾ ﴾.

لە سەرەتای سەدەی هەژدەی زایینیدا پارچەیەک بەرەدیان (بەرەدی پەڕەیەکە لە ڕووەکێک کە لە میسر بڵاوە دروستدەکرا) دۆزیەوە کە پێکهاتبوو لە 17 لاپەڕە لە ناوچەی (مەنفیس) نزیک ئەهرامەکانی سەقارە. سەردەمی دۆزینەوەی ئەم پارچە بەرەدیە نادیارە بەڵام مۆزەخانەی نیشتمانی (لیدن - هۆڵەندا) ئەم پارچە بەرەدیەی لە ساڵی 1828 دا کڕیوەتەوە، کە پێکهاتووە لە پارچە بەرەدیەک بە زمانی هیمۆغلۆفی کۆن نووسراوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فیرعەونەکان. لە دواییدا ئەم پارچەیە ناونرا بەرەدیەی (ئایپور)، کە لە زمانی هیمۆغلۆفییەوە وەرگێردرا لە ساڵی (1908)ی زایینی.

## دەقی بەرەدیەی ئایپور

لاپەڕەی (2-8): زەوی وەک قاپێک خولایەوە. لاپەڕە(2-11): وڵات وێران بوو - وشکەساڵی ڕوویداوە لە میسر. لاپەڕە (3:13): وێرانی هەموو لایەکی گرتەوە. لاپەڕە (4:7): ئاوەدانیەکان سەرەو ژێربوون. لاپەڕە (4:2): چەند ساڵێک ئاژاوە بڵاوبووەوە کە کۆتایی نایەت. لاپەڕە (6:1): ئەوە ئاژاوە کۆتایی هات و ململانێ کۆتایی هات. لاپەڕە (5:2-6-6): کارەساتە لە گشت لایەک، و خوێن بڵاوبۆتەوە لە هەموو شوێنێک. لاپەڕە (7:21): لە هەموو پارچەیەک لە میسر خوێن بڵاوبۆتەوە. لاپەڕە (2-10): ڕووبارەکە بوو بە خوێن. لاپەڕە (7:20): هەموو ئاوەکەی ڕووبارەکە بوو بە خوێن. لاپەڕە (2:10): خەڵک هەمووی دوور کەوتنەوە لە خواردنەوەی ئاوی ڕووبارەکان، تینوێتی بڵاوبۆتەوە. لاپەڕە (3: 10-13): ئەم ڕووبارە سەرچەوەی ئاوی ئێمە بوو، ئەمە سەرچاوەی ژیان و خۆشیمان بوو، چی بکەین لەمەودوا؟ ژیانمان وێران بوو. لاپەڕە(4:14): دار و درەختەکان هەمووی مردن. لاپەڕە(6:1): لەمەودوا دارەکان بەر ناگرن. لاپەڕە (10:2): ئاگر بڵاوبۆتەوە، گشت دەرگا و دیوارەکانی گرتۆتەوە. لاپەڕە (10 : 3- 6): میسر گریا، سەرچاوەی ژیان نەما، بەتاڵ بوونەتەوە و هیچ گەنم و جۆی تێدا نەماوە. لاپەڕە (6:3): بەروبوومەکان هەمووی خراپ بوون و نەمان. لاپەڕە(5:3): هەرچی دوێنێ لەم شوێنەدا هەبوو ئێستە نەماوە، زەوی و زارەکان هەمووی تێکچوون. لاپەڕە(6:1): هیچ نیە لێرە، نە بەروبوم نە گژو گیا، هیچ شتێک نیە لێرە جگە برسێتی. لاپەڕە (5:5): تەنانەت مەڕ و ماڵاتەکانیش دەگرین بۆ ئەم حاڵە. لاپەڕە ( 9: 2-3): سەیرکە، مەڕ و ماڵاتەکان بەرەڵا بوون و کەس نییە ئاگای لێیان بێت، هەمووی هەوڵ ئەدەن فریای خۆیان بکەون. لاپەڕە (11:9): تاریکی ڕووی زەوی داپۆشی. لاپەڕە (3:6): تەنانەت زیندانەکانیش وێران بوون. لاپەڕە(14:3): شین و گریان لە هەموو لایەکە. لاپەڕە (2:4): هەموو کەس لێرە گەورە و بچووک هیوای مردن ئەکات. لاپەڕە (14:5): ئایا ژیان تەواو دەبێت لێرە؟ لاپەڕە (7:1): سەیری ئەو ئاگرە بکەن، تا ببێت بەرز دەبێتەوە. لاپەڕە(7:1-2): ئەوە فیرعەون تیاچوو لە بارودۆخێکدا کە هەرگیز چەشنی نەبووە.

## گرنگترین نیشانەکانی کە دۆزراوەتەوە لە دەستنوسی بەرەدیدا

1-وشکەساڵی.
2- ئەو خوێنەی گشت رووباری (نیل)ی گرتەوە.
3- کەمی بەرووبوم.
4- نوقم بوونی فیرعەون و میللەتەکەی.

لە کتێبی (شوینەوارە کۆنەکانی میسر)دا کە دانراوی (جیمس بیکیە) هاتووە: (یەکێک لە سەیرترین دۆزینەوەکانی شوێنەوارناس « بتری» لە ساڵی 1905- 1906 دا لە کاتی گەڕانیدا لە گردی (الرطابة) - قاپێک (bowl)ی گەورەی زۆر جوانی فەخفوری شین بوو کە 19 بۆق دەوریان گرتبوو، چەند بۆقێکیش خۆیان پیا هەڵواسیبوو، لای دەمی قاپەکەش کۆبووبوونەوە. لە ناوەڕاستی قاپەکەشدا بۆقێکی گەورە دانیشتبوو، کە بێگومان ئەوە پادشا و گەورەیانە. دیارە ئەم قاپە شتێکی ناوازەیە لە پیشەسازی فەخفوری (خزف) میسریدا.

ئەتوانین بڵێین ئەم دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرە لە گرنگترین بەڵگەکانە لە سەر بڵاوبوونەوەی بۆق لە سەردەمی یەکێک لە فیرعەونەکاندا بە شێوەیەکی نائاسایی.

دیارە کە ئەوەش لە سەردەمی فیرعەونی موسادا بووە بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە موعجیزەکانی موسا، کە وای لە فەخفوریسازێک کردووە قاپێک بەم شێوەیە دروستبکات.

## نیشانە ئیعجازیەکان لە قورئانی پیرۆزدا:

ئەو هەواڵانەی کە خوای گەورە بە پێغەمبەری خۆی (ﷺ) ڕاگەیاندوە کە پێش لە دایک بوونی بە زیاتر لە 2000 ساڵ ڕوویداوە و بووە بە ژێر خۆڵی بیابانەکانی میسرەوە، گەر قورئانیش نەبوایە ئەوا هیچ کەسێک زانیاری دەست نەدەکەوت لە بارەیەوە بە تایبەتی لە بیابانەکانی دورگەی عەرەبیدا کە نیمچە دابڕاو بوون لەو شارستانیەتانەی دیکە کە لەو سەردەمەدا هەبوون، دەبێت بپرسین کە چۆن مرۆڤێکی نەخوێندەوار کە هەرگیز نەچووە بۆ میسر ئەم زانیاریانە بزانێت لەبارەی فیرعەون و میللەتەکەیەوە، ئاخۆ کێ گشت ئەم بابەتانەی بە وردەکاریەوە پێ وتووە کە تەنها 100 ساڵ لەمەوپێش ئاشکرا بووە بۆ مرۆڤایەتی.

بۆیە ئێمە بە هەموو ئەوانە دەڵێین کە گومانیان هەیە لەم نهێنیانە کە ئەوەی بە پێغەمبەری (ﷺ) ڕاگەیاندووە هەر ئەوە کە ئاگای لە ورد و درشتی زەوی و ئاسمانەکان هەیە: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَنزَلَهُ ٱلَّذِى يَعْلَمُ ٱلسِّرَّ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ إِنَّهُۥ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٦﴾ ﴾الفرقان. هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتوو کە دەفەرموێت: ﴿ تِلْكَ مِنْ أَنۢبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ فَٱصْبِرْ ۖ إِنَّ ٱلْعَٰقِبَةَ لِلْمُتَّقِينَ ﴿٤٩﴾ ﴾هود.

**سەرچاوە:**
http://quran-m.com/container2.php?fun=artview&id=1218

# ئیعجازی خوێندنەوەکانی قورئان




## بەشی -١-


د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
مۆڵەتپێدرا و مۆڵەتدەر لە (دە) خوێندنەوەکانی قورئان
diaryismaeil@yahoo.com


موعجیزەی گەورەی پێغەمبەر (ﷺ) بریتیە لە قورئان. وەک پێغەمبەر(ﷺ) خۆی دەفەرموێت: (ما منَ الانبياء نبيٌ إلا أُعطي من الايات ما مثلُهُ آمنت عليه البشرُ، وإنما كان الذى أوتيته وحياً أوحاه الله إلي، فأرجو أن أكونَ أكثرَهم تابعاً يومَ القيامة) متفق عليه، واتە: (هەموو پێغەمبەرێک خوای گەورە نیشانەی پێ بەخشیوە، کە ببێتە بەڵگە بۆ باوەڕهێنانی خەڵکی، ئەو نیشانەیەی —موعجیزەیەی— کە پێم بەخشرا بریتی بوو لە وەحی...).

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ قُلۡ إِنَّمَا ٱلۡأٓيَٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٞ مُّبِينٌ ٥٠ أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ ٥١ ﴾العنكبوت. واتە: (وتیان ئەوە بۆ چەند موعجیزە و بەڵگەیەک دانەبەزێنرێت بۆ سەر موحەممەد لە لایەن پەروەردگارییەوە؟ بڵێ: هێنانەخوارەوەی موعجیزەکان تەنها لەلایەن خواوەوەیە، و بەڕاستی من تەنها ترسێنەرێکی ئاشکرام.. ئایا بۆ ئەوان بەس نیە کە ئێمە قورئانمان ناردۆتە خوارەوە بۆ سەر تۆ، دەخوێنرێتەوە بەسەریاندا. بەڕاستی لەم قورئانەدا بەزەیی و پەند و ئامۆژگاری هەیە بۆ باوەڕداران)[1]

گەورەترین ئیعجازی قورئان ئیعجازی ڕەوانبێژیە.. ڕاستەوخۆ قورئان تەحەددای خەڵکی کردووە ئەگەر بتوانن تەنانەت سورەتێکیش -چەند کورت بێت- بیهێنن کە لەو بچێت ﴿ وَإِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّمَّا نَزَّلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا فَأۡتُواْ بِسُورَةٖ مِّن مِّثۡلِهِۦ ﴾البقرة٢٣، با ئەگەر پێکیشەوە سەر بنێن بەسەری یەکترییەوە و یارمەتی یەکتر بدەن ﴿ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴾ .. بەڵکو گەر بتوانن یارمەتی جنۆکەش وەربگرن ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ٨٨ ﴾الإسراء.. هەر دەبێت دەستەوستان بمێننەوە بەرامبەر ئەم تەحەددایە، کە تا ئەم کاتەش بەردەوامە!

ئەگەر قورئان وتەی بەدیهێنەر و پەروەردگاری گەورە نەبێت هەر لە سەرەتای موصحەفدا ڕاینەدەگەیاند کە ئەم قورئانە هیچ گومانێکی تێدا نیە ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ ﴾البقرة:٢ ! با هەندێک لە زانایان، وەک جاحیز، پێیان وابێت کە ئەم دەستەوەستانە بریتیە لە (الصرف)، واتە خوای گەورە خۆی ناهێڵێت مرۆڤ شتێک بێنێت وەک قورئان، ئەگینا لەوانەبووایە عەرەبەکان لە توانایاندا بوایە، چونکە ئەوان خاوەنی فەصاحەت و ڕەوانبێژی بوون.. دیارە ئەمە ڕایەکی هەڵەیە، و هەر لە مێژەوە زانایان زۆر بەتوندی وەڵامیان داوەتەوە، و سەلماندوویانە کە ئەم قورئانە ئیعجازەکەی لە خودی خۆیدایە.

گەورەیی قورئان لەوەدایە کە لەگەڵ درێژیی و زۆریی ئایەتەکان، و جیاوازیی بابەتەکان، و هاتنەخوارەوەی لە ماوەی 23 ساڵدا، هیچ ئایەتێک دژی ئایەتێکی تر نیە، و هیچ زانیارییەکی پێچەوانەی

1- پوختەی تەفسیری قورئان، موحەممەد مەلا صالح، چ8، ل402.

زانیارییەکی تری نیە ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُواْ فِيهِ ٱخْتِلَٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾ ﴾ النساء. واتە: (ئەوە بۆ بیر ناکەنەوە لە قورئان؟ خۆ ئەگەر لە لایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگە لە خوا بێگومان جیاوازی زۆریان تیایدا دەبینی)(2).

لەوەش گرنگتر، لەگەڵ بوونی خوێندنەوە (قراءة)ی جۆراوجۆر بۆ قورئان، هیچ خوێندنەوەیەک پێچەوانەی خوێندنەوەیەکی تر نیە. بۆیە دەڵێین خوێندنەوەی (جۆراوجۆر)، نەک (جیاواز)، چونکە جیاوازیان تێدا نیە، بەڵکو خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان یەکتری دەوڵەمەند دەکەن، و بە هیچ شێوەیەک دژایەتیان تێدا نیە.

## لە سەرەتادا با بزانین مەبەستمان لە خوێندنەوەکان (القراءات) چیە؟

یەکێک لە گەورەترین تایبەتمەندی ئوممەتی ئیسلام بریتیە لە سەنەد (السند)، واتە ڕیوایەتکردن لە یەکترییەوە بە زنجیرەیەکی نەپچڕاو، تا دەگاتە پێغەمبەر (ﷺ)، وەک پێشەوا ئیبن سەلاحی شارەزووری دەڵێت: (بەسەنەدگەیاندن (الإسناد) تایبەتمەندیەکی بەرزی ئەم ئوممەتی موحەممەدییەیە، و سوننەتێکی گەورەیە لە سوننەتە تەئکیدلێکراوەکان.. هەروەک عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک وتوویەتی: بەسەنەدگەیاندن لە دینەوەیە، و ئەگەر بەسەنەدگەیاندن نەبوایە هەرکەس چی بویستایە دەیووت)(3).

جگە لەوەی قورئان هەمووی لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) خوێدا نوسراوەتەوە، و پاشانیش لە سەردەمی ئەبوبەکردا (خوای لێ ڕازی بێت) کۆکراوەتەوە، بەو مانایەی کە ئەو پارچانەی کە قورئانیان لەسەر نوسراوبووەوە لە یەک شوێندا کۆکرانەوە، و پاشانیش لە سەردەمی عوسماندا (خوای لێ ڕازی بێت) نوسخەی لێگیراونەتەوە، و نێردراون بۆ شارە گەورەکان، تا خەڵکی سەرچاوەیەکی ڕاست و دروستی قورئانیان بە نوسراوی لەبەردەمدا بێت، و تەنها پشت بە لەبەرکردن نەبەستن.. تا ئێستاش ئەو موصحەفانە ماوون.

ئەو قورئانەی کە لەبەر دەستماندایە ئێستا، لە دووتوێی پەرتوکێکدا نووسراوەتەوە کۆدەنگی هەموو موسوڵمانانی لەسەرە –مەگەر هەندێ گروپی لادەر– کە ئەو قورئانەیە عوسمان (خوای لێ ڕازی بێت) کۆی کردۆتەوە، و ئەویش لەبەر موصحەفەکەی ئەبوبەکر نوسیویەتییەوە، و خوێندنەوەی بە ڕیوایەتی موتەواتیر پێمان گەیشتووە، کە تا ئەمڕۆش ئەو ڕیوایەتە لە سەرەوە دەگوێزرێتەوە بۆ خوارەوە.. پێغەمبەر (ﷺ) هەموو ساڵێک لە مانگی ڕەمەزاندا موراجەعەی قورئانی دەکردەوە لەگەڵ جبریلی ئەمیندا، و هەموو قورئانی بۆ دەخوێندەوە، و لە دوا ساڵی تەمەنیدا دوو جار ئەو موراجەعەیە کرایەوە.. ئیبن عەبباس دەڵێت: (كان رَسولُ اللهِ (ﷺ) أجودَ الناسِ، وكانَ أجودَ ما يكونُ في رَمضانَ؛ حينَ يلْقاهُ جبريلُ، وكانَ يلْقاهُ في كُلِّ ليلةٍ منْ رَمضانَ، فَيدارسهُ القُرآنَ، فلرَسولُ اللهِ أجودُ بالخيرِ منَ الرِّيحِ المُرسلةِ) –متفق عليه–. واتە: (پێغەمبەر (ﷺ) لە هەموو کەس بەخشندەتر بووە، بە تایبەتی لە ڕەمەزاندا. کە لە گەڵ جبریل بەیەک دەگەیشتن، هەموو شەوێک بەیەک دەگەیشتن لە ڕەمەزاندا، و قورئانی لەگەڵ موراجەعە دەکردەوە..).. ئەبو هورەیرە دەڵێت:

(كَانَ يعرض على النبِيِّ (ﷺ) القُرْآنَ كُلَّ عامٍ مرَّةً فعرَضَ عليهِ مرَّتينِ فى الْعامِ الَّذى قُبِضَ فيهِ..) –البخاري–. واتە: (هەموو ساڵێک جبریل جارێک موراجەعەی هەموو قورئانی دەکردەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام لەو ساڵەی کە کۆچی دوایی کرد دوو جار قورئانی لەگەڵ دەورکرایەوە).

تەنها 10 خوێندنەوە (قراءة)ەی وەرگیراوە لە لایەن موسوڵمانانەوە، کە ئەوانیش دەبێت مەرجەکانی ڕاستی خوێندنەوە (صحة التلاوة)ی لەسەر بێت ئینجا وەردەگیرێت، کە بریتین لە 3 مەرج(4):

1. بوونی سەنەدی دروستی نەپچڕاوی موتەواتیر بۆ پێغەمبەر (ﷺ).
2. گونجانی لەگەڵ شێوازێک لە شێوازەکانی زمانی عەرەبی.
3. لانەدان لە خەتی موصحەفی پێشەوا عوسمان.

بەڵام گرنگترینیان بوونی سەنەدێکی نەپچڕاوی ڕاستی موتەواتیرە تا دەگاتە پێغەمبەر (ﷺ)، لەویشەوە بۆ جبریل و پاشانیش بۆ خوای گەورە. (موتەواتیر: بریتیە لەو هەواڵەی کە یەکێک دەیگوێزێتەوە، کە زانستمان هەیە بە ڕاستگۆیی، و دەبێت ئەم مەرجە لە هەموو ئەوانەدا هەبێت کە دەیگێڕنەوە، لە سەرەتاوە تا کۆتا)(5).

باشە ئەی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکان چین؟ ئەگەر تەنها یەک جۆر موصحەف هەبێت؟

پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (إنَّ هذا القرآنَ أُنزل على سبعةِ أحرُفٍ، فاقْرَءوا ما تيسرَ منه) –متفق عليه– واتە: (ئەم قورئانە لەسەر حەوت پیت دابەزیوە...). ئەم فەرموودەیە نزیکی (24) لە هاوەڵان گێڕاویانەتەوە، واتە گەیشتۆتە ڕاددەی تەواتور!

مەبەست بە پیت چیە؟ (حرف) لە زمانەوانیدا بریتیە لە کۆتایی و لێواری شت.. و ﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَعْبُدُ ٱللَّهَ عَلَىٰ حَرْفٍ ﴾ الحج١١، واتە: یەک شێواز، کە تەنها لە کاتی خۆشیدا خوا دەپەرستن نەک ناخۆشی.. و (نزل القرآن على سبعة أحرف) واتە: حەوت زمان لە زمانەکانی عەرەب، نەک ئەوەی لە یەک پیتدا حەوت شێواز هەبێت.. ئەم حەوت زمانانە لە ناو قورئاندا دابەش بووە(6)..

دکتۆر جەواد عەلی دەڵێت: ئیسلامیەکان، بۆ نزیککردنەوە، بە دەیالێکتەکان (اللهجات) دەڵێن زمان (لغات)، و کتێبیان تیا نوسیوە کە ناسراون بە (كتب اللغات)، و لە زاراوەی زانایانی زمانەوانی سەردەمدا پێی دەڵێن دەیالێکت، و دەیالێکت لقێکە لە لقەکانی ناو یەک زمان، کە کۆمەڵێک سیفەتی زمانەوانی هەیە کە پێی دەناسرێت، گرنگترینیان بریتیە لە دەنگەکان و سروشتیان و چۆنێتی دەربڕینیان، وەک جیاوازی لە بڕی درێژکردنەوەکان (مەدد) و قەڵەوکردن و باریککردنەوەی پیتەکان.. هەروەها دیالۆکت تایبەتمەندترە لە زمان، چونکە بەشێکە لە گشت، و ئەندامێکە لە لاشە، و زمانیش کۆمەڵێک دیالۆکتە(7).

2- هەمان سەرچاوە، ل91.

3- علوم الحديث، لإبن صلاح، تحقيق نورالدين عتر، ط. حلب، ص٢٥٥– ٢٥٦. لە کتێبی: معانى الاحرف السبعة، عبدالرحمن بن أحمد بن حسن الرازي، تحقيق: أ. د. حسن ضياءالدين عتر، دار النوادر، ص١، ل٥٩.

4- قطر من غيث النفع في أصول وكلمات القراءات السبع/ د. محمد نبهان مصري، دار ابن حزم، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠١٠م– ١٤٣١هـ، ل١٠.

5- التقييد والإيضاح شرح مقدمة ابن صلاح للحافظ زين الدين عبدالرحيم العراقي. لە کتێبی: علوم الحديث/ د. عبدالكريم زيدان ود. عبدالقهّار داود عبدالله، مطبعة عصام، بغداد، ط٢، ١٩٩٠م.

6- القاموس المحيط، محمد بن يعقوب بن السراج الفيروزآبادي، المكتبة العصرية، تحقيق: د. محمود مسعود أحمد، صيدا– بيروت، ط١، ٢٠٠٩م– ١٤٣٠هـ، ل ٣٢٨– ٣٢٩.. هەروەها: مختار الصحاح، محمد بن أبي بكر بن عبدالقادر الرازي، دار الكتاب العربي، بيروت– لبنان، ١٤٠١هـ– ١٩٨١م، ل١٣١.

7- لهجات العرب قبل الإسلام، د. جواد على، فى كتاب: الثقافة الإسلامية والحياة المعاصرة، ص٣١٣، مجمع محمد خلف الله، مكتبة النهضة المصرية. لە کتابی: معاني الاحرف السبعة، ل٧٥.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ ﴿١٧﴾ ﴾ القمر. واتە: (بە ڕاستی قورئانمان ئاسان کردووە بۆ ئامۆژگاری لێ وەرگرتن. جا ئایا پەند وەرگرێک هەیە؟)[8] .. باشە ئەگەر بۆ ئاسانکاریە، بۆچی دەبێت بە (7) پیت دابەزێت؟ وا دەردەکەوێت کە مەبەست سۆز و میهری خوای گەورە بێت بۆ ئەو نەتەوەیەی کە یەکەمجار قورئانیان بۆ دابەزیوە.. باشە بۆ دەبێت قورئان موراعاتی عەرەبەکان بکات، و لەبەر جیاوازی دیالێکتەکانیان قورئانیش بە دیالێکتە جیاوازەکان بخوێنرێتەوە؟ بۆچی دەشبێت بوترێت قورئان بە دیالێکتی قورەیش دابەزیوە؟ مەگەر خوای گەورە نافەرموێت: ﴿ وَمَا أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ ﴾ ابراهيم٤. واتە: (هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردووە بە زمانی گەلەکەی خۆی نابێت)[9]، قورەیشیش گەل و کەسی پێغەمبەرن (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) لە سەرەتاوە لە لایەن خوای گەورەوە تەکلیف کراوە بە بانگەوازکردنی گەل و هۆزە نزیکەکەی خۆی ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴿٢١٤﴾ ﴾ الشعراء.

زمانی قورەیشیش ڕەوانترینی دیالێکتەکانی عەرەبیە و زاڵە بەسەر زۆربەی زۆری دیالێکتەکانی تر، ئەویش لەبەر تێکەڵاویی قورەیش لەگەڵ هۆزەکان، و توانایان لە هەڵبژاردنی ڕەوانترینی وشەکان، و بەکارهێنانیان لەناو دیالێکتی خۆیاندا.. لە کاتێکدا هۆزەکانی عەرەب کە لە تاریکیی نەخوێندەواریدا دەژیان، و هەر هۆزێک شانازی دەکرد بە دیالێکتەکەی خۆیەوە، و کاریگەری گەلگانی دەوروبەریشیان لەسەر بووە، بۆ نموونە: مەنازیرەکان هاوپەیمانی فارسەکان بوون، و غەساسینەکان هاوپەیمانی ڕۆمەکان بوون، و خەڵکی یەمەنیش پەیوەندیان بە حەبەشەوە هەبوو.. بۆ نموونە بەنوتەمیم دەڵێن: (شدّ – ضنّ – فرّ – استعدّ – اطمئنّ).. هەمان وشە و بە هەمان مانا خەڵکی حیجاز دەڵێن: (اشدُدْ – اضننْ – افررْ – استعدِدْ – اطمأنِنْ). ئەصمەعی لە ئەبی عەمری کوڕی عەلائی گێڕاوەتەوە: (سمعتُ رجلاً من اليمن يقول: فلان لغوب، جاءته كتابي فاحتقرها. فقلت له: أتقول جاءته كتابي! قال: نعم، أليس بصحيفة!)[10] . مەبەست پێی: ئەو پیاوە یەمەنیە وشەی (کتاب)ی بە (مؤنث) خوێندۆتەوە، کە خۆیشی (مذکر)ە.. نەک لەبەر ئەوەی هەڵەی کردووە، بەڵکو لای ئەوان ئەسڵی نامە (کتاب) بریتیە لە (صحیفة) کە (مؤنث)ە، واتە دەچنەوە سەر ئەسڵی ماناکە، نەک لەفزەکە.

سەبارەت بەوەش کە عوسمان بە زەید و هاوەڵەکانی وتووە کە قورئان بە دیالێکتی قورەیش بنووسنەوە، ئەنەس دەگێڕێتەوە: (أَنَّ عثمانَ دَعا زَيدَ بنَ ثَابتٍ، وعبدَ اللَّهِ بنَ الزُّبيرِ، وسعيدَ بنَ العاصِ، وعبدَ الرَّحمنِ بنَ الحارثِ بنِ هشامٍ، فَنسخوها في المصاحفِ. وقالَ عثمانُ للرَّهطِ القُرشيِّينَ الثَّلاثةِ: إذا اختلفتُمْ أنتمْ و زَيدُ بنُ ثَابتٍ في شيءٍ منَ القُرآنِ، فاكتُبوهُ بلسانِ قُرَيش، فإنما نزلَ بلسانِهِمْ ففعلُوا ذلكَ) –البخاري– واتە: (عوسمان بانگی زەیدی کوڕی سابت و عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر و سەعیدی کوڕی عاس و عەبدولڕەحمانی کوڕی حارسی کوڕی هیشامی کرد، و موصحەفیان نوسیەوە، و بە سیانەکەی تری وت: ئەگەر جیاوازیتان لە شتێکدا بۆ دروست بوو لە قورئاندا لەگەڵ زەید، ئەوا بە زمانی قورەیش بینووسن، چونکە بە زمانی ئەوان دابەزیوە. ئەوانیش وایان کرد). لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (..إذَا اختلفتمْ أَنتمْ وزَيدُ بنُ ثابتٍ في عربِيةٍ منْ عربِيةِ القُرآنِ فَاكتُبوها بلِسانِ قُرَيشٍ..) –البخاري– واتە: (.. ئەگەر جیاوازیتان لە شتێکدا بۆ دروست بوو لە عەرەبیەتی قورئاندا لەگەڵ زەید، ئەوا بە زمانی قورەیش بینوسن..). زەرقانی دەڵێت: (ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تەنها بە زمانی قورەیش نووسرابێتەوە –چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە– لەوانە: قورئان وشەی زۆری تێدایە لە زمانی هۆزەکانی تری عەرەب و لە زمانی قورەیشیشدا نییە، وەکو سیوتی باسی دەکات لە (الاتقان) لە جۆری سی و حەوتەم.. تەنها ئەوەی پێمان گەیشتووە لە هەندێ ڕێگاوە ئەوەیە کە جیاوازیان تێکەوت لە نووسینی وشەی (التابوت) لە ئایەتی ﴿ وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ﴾ البقرة٢٤٨، ئایە بە تای درێژ بینووسن یان تای خڕ، ئەوەبوو عوسمان فەرمانی پێدان بە تای درێژ بینووسن، چونکە بەو شێوەیە دەنووسرێت لە زمانی قورەیشدا..)[11].

جیاوازی لە نێوان زانایاندا نیە کە ئەو حەوت پیتەی پێغەمبەر (ﷺ) باسی لێوەکردوون، و قورئانیان پێ هاتۆتەخوارەوە، ئەو حەوت خوێندنەوە بەناوبانگە نین لە ناو خەڵکدا.. یەکەم کەس کە خوێندنەوەکانی کۆکردۆتەوە پێشەوا ئەبوبەکری کوڕی موجاهیدە، کە لە سەرەتای سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە لە بەغداد، و ویستوویەتی خوێندنەوە بەناوبانگەکان کۆبکاتەوە، لە خوێندنەوەکانی هەردوو حەرەمی مەککە و مەدینە، و هەردوو عێراق –بەسرە و کوفە– و وڵاتی شام، کە ئەم پێنج وڵاتە زانستی پێغەمبەرایەتیان لێوە دەرچووە، لە زانستەکانی قورئان و تەفسیر و سوننە، و زانستەکانی تر.. کاتێک هەستا بەو کارە خوێندنەوەی حەوت لە قورئان خوێنە بەناوبانگەکانی ئەو وڵاتانەی کۆکردەوە، تا لەگەڵ ژمارەی حەوت پیتەکەدا بگونجێت کە قورئانی پێ دابەزیوە، نەک لەبەر ئەوەی بڕوای وا بووبێت –یان یەکێکی تر لە زانایان– کە حەوت خوێندنەوەکە بریتی بێت لە حەوت پیتەکە، نابێت بە غەیری خوێندنەوەی ئەم حەوت قورئان خوێنانە بخوێنرێتەوە[12].

پاشان لە سەدەی نۆیەمی کۆچیدا، زانی بەناوبانگی کورد، ئیبن جەزەری (3) خوێندنەوەکەی تری نوسیەوە، لەسەر مەرجەکانی ئیبن موجاهید و کۆی زانایان، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الدرّة المضيئة في القراءات الثلاث المتممة للعشر).

زانایانی ئوصول و فیقە کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ئەگەر جگە لەو (10) خوێندنەوە، ڕیوایەتی تر نیە کە گەیشتبێتە حەددی تەواتور، هەروەها زانایانی قورئانخوێن لەسەر ئەوە کۆدەنگن، مەگەر

8-پوختەی تەفسیری قورئان ، ل٥٢٧.
9- هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥.
10- الخصائص، لإبن جنى، ١/ ٢٤٩، ٣٩٠. لە کتێبی: معانى الاحرف السبعة، ل٧٨.

11- مناهل العرفان في علوم القرآن/ محمد عبدالعظيم الزرقاني، دار إحياء التراث العربي، بيروت، لبنان، ط٢، ١/ ٢٨١.
12- شرح حديث أنزل القرآن على سبعة أحرف، شيخ الإسلام ابن تيمية، تحقيق: د. محمد ابراهيم المشهداني، عالم الكتب الحديث، عمان، ط١، ١٤٣٠هـ – ٢٠٠٩م، ل ٩٨– ٩٩.

یەکێک لەوانەی کە جیاوازی ڕاکەی بە هەند وەرناگیرێت[13]. ئیبن جەزەری دەڵێت: (زانایانی ئوصول و شارەزایانی فیقە و قورئان خوێنان کۆدەنگن لەسەر ئەوەی ڕیوایەتی نامۆ (شاذ) بە قورئان دانانرێت، چونکە حەددی ڕاستێتی مەرجەکانی قورئانی بەسەردا جێبەجێ نابێت، کە تەواتورە.. لەوانەش کە ئەمەیان وتووە غەزالی و ئیبن حاجیب، و قازی عەزوددەدین و ئیبن ساعاتی و نەوەوی، و غەیری ئەمانە کە ژماردنیان سوودی نیە لەبەر زۆریان، هەروەها سەخخاوی ئاماژەی پێکردووە لە (جمال القراء)دا)[14].. قازی ئەبو بەکر لە (الإنتصار)دا لە هەندێک ئەهلی عیلمەوە دەگێڕێتەوە: (..نابێت شتێک لە قورئان بنوسرێتەوە بە هەواڵ (خبر)ی (آحاد)، چونکە (آحاد) نابێتە بەڵگە)[15].. ئاحاد واتە: (ئەو هەواڵەی کە مەرجەکانی موتەواتیری تێدا کۆنابێتەوە، لەوانەیە تەنها یەکێکی متمانە پێکراو گێڕابیەتیەوە دەبێت بە (غەریب)، ئەگەر ببێت بە دووان دەبێت بە (عەزیز)، ئەگەر زۆر بوون: واتە لە (3) کەس کەمتر نەبوون لە یەک چیندا دەبێت بە (مەشهور))[16].

13- شرح طيبة النشر في القراءات العشر/ أبو القاسم محمد بن محمد بن محمد بن علي النويري، تحقيق: د. مجدي محمد سرور سعد باسلوم، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان، ط١، ٢٠٠٣م، ١٤٢٤هـ: ١/ ١٢٧.

14- هەمان سەرچاوە، ١/ ١٢٦- ١٢٧.

15- الإتقان في علوم القرآن/ جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر السيوطي، حققه وعلّق عليه وخرّج أحاديثه: فوّاز أحمد زمرلي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ١٤٢٧ه، ٢٠٠٧م، ل ٥٣٢.

16- شرح النخبة، ٦. لە کتێبی: معجم مصطلحات الحديث النبوي/ أ. د. رشيد عبدالرحمن العبيدي، ديوان الوقف السني، بغداد، ٢٠٠٦م، ١٤٢٧هـ، ل٣٥.

بەناوبانگبوونی ئەو (10) خوێندنەوەیە بە ناوی پێشەوایانی قورئانخوێنەوە (نافیع و ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و عاصم و حەمزە و کیسائی و ئەبوجەعفەر و یەعقوب و خەلەف) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو پێشەوایانە بەردەوام ئەو ڕیوایەتەیان خوێندۆتەوە و تەدریسیان تیا کردووە و وتوویانەتەوە.

لە حیکمەتەکانی ناردنەخوارەوەی قورئان بە پیتە جیاوازەکان:

- موراعات کردنی حاڵی ئەوانەی یەکەم جار قورئان بۆ ئەوان دابەزیوە.. پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: (أقرأَني جِبريلُ على حرْفٍ، فراجعتهُ فلمْ أَزَلْ أَستزيدُهُ ويزيدُني حتى انتهى الى سبعة أحرُف) –البخاري–

- ئاسانکردنی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، و گەیاندنی.

- ڕەوانبێژی و ئیعجاز، و فراوانی لە ماناکان و حوکمە شەرعیەکان، بە پێی گۆڕینی پێکهاتە (مبنى)ی وشەکان.

- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی قورئان لەلایەن خوای گەورەوە نێردراوە. لەگەڵ زۆری جۆراوجۆری خوێندنەوەکان، دژایەتیان لە نێواندا نیە.

- یەکخستنی دالێکتەکانی زمانی عەرەبی، و پاراستنی لە ناوچوون.

بە یارمەتی خوای گەورە لە بەشەکانی تری ئەم بابەتەدا باسیان لێوە دەکەین.

# سەدیمی سەری ئەسپ ئیعجازێکی قورئان دەسەلمێنێت!

ئەمە وێنەی سەدیمی سەری ئەسپە، پاشماوەی دوکەڵی گەردونیە و سەرنج ڕاکێشترین وێنەی تەلەسکۆبی هابڵە...

زانایان دەڵێن بەردی بناغەی هەموو تەنە ئاسمانیەکان دوکەڵ بووە کە بە بەردەوامی گەلەئەستێرە و ئەستێرەکانیان پێک هێناوە، قورئانی پیرۆز ئەم ڕاستیە زانستیەی بە ئێمە گەیاندووە کە سەرەتا ئاسمان دوکەڵ بووە، وەک دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ﴾.

ئەگەر لێرەدا بپرسین ئایا دوکەڵ لە ئاسماندا هەیە تا پێغەمبەر ئەم وتەیە بفەرموێت؟ ئایا دوکەڵ کوا؟

لە ڕۆژدا یان لە شەودا سەیر بکە ئایا دوکەڵ دیارە؟ بێگومان نەخێر، ئەم وێنەیەی دوکەڵی سەری ئەسپیش بە تەلەسکۆبی هابڵ گیراوە و بە چاوی ئاسایی نابینیرێت.

چۆن لەسەردەمی پێغەمبەردا مرۆڤ بۆ ئەوە دەچێت کە سەرەتا و سەرچاوەی خۆر و مانگ و ئەستێرە درەوشاوەکان دوکەڵ بوبێت؟!

ئەو تەنانەی ئاسمان لە خۆر و ئەستێرە و ..تاد، ئەو پەڕی مرۆڤ وای بۆ دەچێت سەرچاوەکەیان ئاگر بووبێت، چونکە چرای داگیرساون لەبەرچاودا، چۆن مرۆڤ وا گومان دەبات ئەم چرا داگیرساوانە لە دوکەڵەوە هاتبن؟؟!! ئێمە دەزانین دوکەڵ لە ئاگرەوە سەرچاوە دەگرێت نەک بە پێچەوانەوە؟! بەڵام ئەمڕۆ زانست ئەم دیاردەیەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە دەیسەلمێنێت ئەوەی قورئان فەرمویەتی ڕاستیە و هیچ گومانێکی تێدا نیە، ئەم وێنەیەش بەڵگەیەکی ئەو ڕاستیەیە و ئێستاش ئەستێرە هەیە لەم دوکەڵانەوە لە دروستبوندایە.




کەواتە وشەی (الدخان) بۆ سەرەتای ئاسمان ئیعجازێکی ڕۆشنی قورئانە کە دەیسەلمێنێت ئەم وتەیە خاوەنەکەی زاتێکە ئاگادارە بە نهێنیەکانی ئاسمان.        سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکیبیدیا

# شێوازێکی ڕۆزی پەیداکردن لە لای مێروولە



نەبەز عەبدولڕەحمان

ئەم جۆرە مێروولەیە کە لە وێنەکەدا دیارە دوای ئەوەی هەڵدەستێت بە کەرتکردنی گەڵاکە لەتێکی هەڵدەگرێت و بەرەو شارەکەی دەیباتەوە تا خۆی و وردیلەکانی لێی بخۆن، بەڵام مێرووەکان و مێشی مشەخۆر هەوڵدەدەن هێرش بەرنە سەر ئەم مێروولەیە، لەبەرئەوەی مێروولەکەش لەتە گەڵاکەی بە شەویلگەکانی هەڵگرتوە بۆیە لەو کاتەدا ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، لەبەرئەوە مێروولەکە مێروولەیەکی تر لەسەر گەڵاکە دادەنێت و لەگەڵ خۆیدا هەڵی دەگرێت، ئەرکی مێروولەکەی سەر گەڵاکەش بەرگریکردن دەبێت لە مێروولەکەی دەستە خوشکی.. پاک و بێگەردی بۆ ئەو خوا گەورەیەی کە مێروولەی فێری ئەم جۆرە لە بەرگری لەخۆکردن کردووە، ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی ڕۆزی پەیداکردن، ئەگەر ئەم هۆکارانەش نەبوونایە ئەوا کۆمەڵگای مێروولە لەناو دەچوون و نەدەمان، بەڵام ئەمە بەزەیی خوای گەورەیە بە دروستکراوەکانی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَأَيِّن مِّن دَآبَّةٍ لَّا تَحۡمِلُ رِزۡقَهَا ٱللَّهُ يَرۡزُقُهَا وَإِيَّاكُمۡۚ وَهُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٦٠ ﴾ العنكبوت، واتە: زۆر زیندەوەر هەیە ڕزق و ڕۆزی خۆیان نەداوە بەکۆڵی خۆیاندا (کەچی خوا پەکیان ناخات و لە برساندا نامرن)، چونکە خوا ڕزقی ئەوانیش و ئێوەش دەدات، بێگومان ئەو زاتە بیسەر (بە قسە و گوفتارتان) و زانایە (بەخەیاڵی دڵ و دەروونتان).

سەرچاوە:
1- www.kaheel7.com
2- تەفسیری ئاسان.

# مێروی (Fairy-fly wasb)



و: شەم میرزا

ئەم وێنەیە ماڵپەڕی ناشیونالّ جیوگرافیک بڵاوی کردۆتەوە کە هی مێرویەکە بەناوی (Fairy-fly wasb) درێژی ئەم مێروە تەنها (0.5) ملیمەترە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەچاوی ئاسایی بەزەحمەت ئەبینرێت، سەرەڕای بچوکی ئەم مێروە بەڵام سیستەمێکی تەواوەتی هەیە کە یارمەتی دەدات بەردەوام بێت لە ژیانیدا، مێشکێکی هەیە کە هەزاران خانەی تێدایە، هەروەها سیستەمی هەناسەدان و زاوزێکردن و سیستەمی بۆ بیرکردنەوە و بڕیاردان هەیە. زاناکان سەریان لە وردی دروستکردنی ئەم مێروە سوڕماوە، بۆیە هەر هەمان پرسیاری خوای گەورە، ئاڕاستەی ئەو بێباوەڕانە دەکەین کە باوەڕیان بە سروشت و ڕێکەوت هەیە، کە دەفەرموێت:

﴿ هَٰذَا خَلۡقُ ٱللَّهِ فَأَرُونِي مَاذَا خَلَقَ ٱلَّذِينَ مِن دُونِهِۦۚ بَلِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ١١ ﴾ لقمان: واتە: ئەمە دروستکراوی خودایە دەی نیشانم بدەن ئەوانە بێجگە لە خودا چیان دروستکردووە؟ هیچیان دروستنەکردوە بەڵکو ستەمکاران لە گومڕایەکی ئاشکرادان.

www.kaheel7.com

# لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە



باوکی زانیار

زانایان دەڵێن تاڵەکانی جاڵجاڵۆکە بە ڕێژەی لە (40%) توانای کشانیان هەیە بێ ئەوەی بپچڕێن، لە کاتێکدا باشترین تاڵی ماددەی پۆڵا (فۆلان) ناتوانرێت زیاتر لە (8%) ڕابکێشرێت.. هەرچەندە تاڵەکانی جاڵجاڵۆکە زۆر وردن بەڵام دەتوانێت خانوو دروستبکات بەڵام لاوازترین ماڵە و بەرگەی کەمترین ڕووداوی ئاو و هەوا ناگرێت و دەڕوخێت، ماڵێکی ناجێگیر و پڕ تەنگ و چەڵەمەیە و جاڵجاڵۆکە یەکتریش دەخۆن و خۆیان لەناو دەبەن.. ئەمەش دیارە کاتێک خوای گەورە بە وردی ئاماژە بۆ ئەم ڕاستیە دەکات و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوۡلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتۡ بَيۡتٗاۖ وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۚ لَوۡ كَانُواْ يَعۡلَمُونَ ٤١ ﴾ العنكبوت: واتە: نموونەی ئەوانەی جگە لە خوای گەورە، کەسانێکی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەک نموونەی جاڵجاڵۆکەیەک وایە کە ماڵێکی بۆخۆی سازکردبێت بەڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر سەرنجیان بدایە و تێبگەیشتنایە (چونکە ماڵی جاڵجاڵۆکە نە بناغە و نە دیواری هەیە، نە سەر و دەرگا و پەنجەرە، نە دەتوانێت بەرگەی با و باران و ڕوداوەکان بگرێت مێیەکەش دوای جووتبوون نێرەکە لە ناو دەبات، پاشان بێچوەکانیش دایکیان لە ناو دەبەن)!!!

سەرچاوە:
1- www.kaheel7.com
2- تەفسیری ئاسان.

# لە هەموو وێنەیەکدا مەزنی خوای گەورە دەردەکەوێت



و: شەم میرزا

ئەمە وێنەی ورچی کیشوەرە کە لە باخچەی ئاژەڵاندا یاری لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دەکات، ئەم وێنەیە ڕادەی بەزەیی و سۆز لە نێوان ئەم ئاژەڵانەدا پیشان دەدات. کە هەرچەندە درندەن بەڵام خوای گەورە شتێک لە بەزەیی پێبەخشیون تاوەکو لە نێوانیاندا بەکاری بهێنن، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٍۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨ ﴾ الأنعام

واتە: (هیچ گیانداریێک نیە بەسەر زەویدا بڕوات و نە باڵندەیەک کە بەباڵەکانی بفڕێت کە ئۆمەت نەبن هەروەک ئێوە و هیچ شتێک نیە کە خوا لە کتێبەکەیدا باسی نەکردبێت پاشان بۆلای خوای خۆیان حەشر دەکرێن).

لەمەوە بەزەیی خوای گەورەمان بەسەر بەندەکانیدا بیردەکەوێتەوە، کە خوای گەورە بە بەزەیترین کەسە بۆمان، هەروەکو پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕاگەیاندوین، بەزەیی بەشێک بوە لەبەرنامەی پێغەمبەر هەر بۆیە خوای گەورە ناوی ناوە بە ( الرؤوف الرحيم) کە ئەم دوو سیفەتە تەنها بۆ وەسفی خوا و پێغەمبەرەکەی هاتووە:

﴿ لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨ ﴾ التوبة

واتە: (پێغەمبەرێکتان بۆ نێردراوە کە لە خۆتانە پێی گرانە ئەو شتەی بۆ ئێوە گرانە، بۆ ئیماندارەکان بە بەزەیی و میهرەبانە).

www.kaheel7.com

# ئەوانەی لەجیاتی خوا هانایان بۆ دەبرێت، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێکیش دروستبکەن!



دایکی لینە

زانایان ئەوەیان دەرخستووە کە پێکهاتەی مێش زۆر ئاڵۆزە، و تەقەنی زۆر ئاڵۆز لە فڕین و ژیانیدا بەکاردەهێنێت.. بۆیە ئەوان ئەمڕۆ سەرەڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆجی دان بەوەدا دەنێن کە ناتوانن لاسایی فڕینە پێشکەوتوەکەی مێش بکەنەوە.. ئەشتوانین بڵێین ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی مێش نووسراون تا ئێستا لە (10,000) لێکۆڵینەوە زیاترن، کەچی زانایان دەڵێن: هێشتا زۆر زانیاری ماوە لە بارەی ئەم بوونەوەرە سەرسوڕهێنەرەوە کە نایزانین.. لێرەوە گرنگی و گەورەیی ئەو ئایەتەیان بۆ دەردەکەوێت کە تەحەدای بێ باوەڕان دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٞ فَٱسۡتَمِعُواْ لَهُۥٓۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَن يَخۡلُقُواْ ذُبَابٗا وَلَوِ ٱجۡتَمَعُواْ لَهُۥۖ وَإِن يَسۡلُبۡهُمُ ٱلذُّبَابُ شَيۡـٔٗا لَّا يَسۡتَنقِذُوهُ مِنۡهُۚ ضَعُفَ ٱلطَّالِبُ وَٱلۡمَطۡلُوبُ ٧٣ مَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ٧٤ ﴾ الحج.

واتە: ئەی خەڵکینە: نموونەیەک هێنراوەتەوە چاک گوێی بۆ بگرن بەڕاستی ئەوانەی کە هانا و هاواریان لێدەکەن لەجیاتی خوا، هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێک دروستبکەن، هەرچەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوە و (یارمەتی یەکتریش بدەن) و ئەگەر مێشەکە شتێکیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواکار و داوالێکراو هەردووکیان لاواز و بێ دەسەڵاتن. ئەوانە (وەکو پێویست) قەدری خوایان بەچاکی نەزانی، ڕێزی پەروەردگاریان بەتەواوی نەگرت، لەکاتێکدا بەڕاستی خوا زۆر بەهێز و بە توانا و باڵادەستە. جا ئایا ئێمەی باوەڕداریش قەدری خوای گەورە بە چاکی دەزانین، و ڕێزی پەروەردگارمان بەتەواوی دەگرین؟!

سەرچاوە:

1- www.kaheel7.com

2- تەفسیری ئاسان.

# شیری وشتر چارەسەری نەخۆشی شەکرە دەکات

و: نەرمین عومەر





وشتر دادەنرێت بە یەکێک لەو بوونەوەرانەی کە زانایانی تووشی سەرسوڕمانکردووە.. وشتر دەتوانێت لەگەڵ نارەحەترین بارودۆخدا خۆی بگونجێنێت، دەتوانێت بەرگەی پلەی گەرما تا (70) پلەی سەدی لەسەروو سفرەوە بگرێت، وشتر دوو پێڵ (سنام)ی هەیە، توانای بەرگەگرتنی سەرمای تا (40) پلەی خوارووی سفرەوەی هەیە! هەروەها وشتر دەتوانێت ئاوی سازگار و سوێریش بخواتەوە! توانای بەرگەگرتنی تینویەتی بۆ زیاتر لە مانگێکی هەیە. وشتر دەتوانێت لە بیاباندا بڕوات لە هەموو بارێکی تەپوتۆز و گەردەلوول و پلەی گەرمادا.

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانایاندا دەرکەوت کە شیری وشتر تەندرووستە بۆ خۆپاراستن و چارەسەری نەخۆشی شەکرە، دکتۆر (Marcel Smits) دەڵێت: بەڵگەیەکی دڵنیاکەرمان دۆزیوەتەوە کە خواردنەوەی شیری وشتر بە ڕێکوپێکی وا لە تووشبووان بە نەخۆشی شەکرە دەکات کە هەست بە باشبوون بکەن، بۆیە پزیشکانی ئەمڕۆ ڕێنمایی خواردنەوەی شیری وشتر دەکەن، چونکە شیرێکی تەندرووست و بەلەزەتە، شایەنی باسە پێشتریش گۆڤاری زانستەکان لە ئەمریکا ئەوەی خستەڕوو کە جۆرێک لە دژەزیندەی دانسقە لە شیری وشتردا هەیە و ئەوەیان سەلماند کە شیری وشتر چارەسەری زۆربەی نەخۆشییە گرانەکانی تێدایە! هەر ئەمەشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) جەختی لەسەر کردووە کاتێک ئاماژە بە شیری وشتر دەکات لە چارەسەرکردن و شیفادا!

خوای گەورەش فەرمانی پێکردووین، کە تەماشای بەدیهێنراوەکانی بکەین:

﴿ أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى ٱلۡإِبِلِ كَيۡفَ خُلِقَتۡ ١٧ ﴾ الغاشية

.(ئایا سەیری وشتر ناکەن، کە چۆن دروستمانکردووە؟)

سەرچاوە:

www.kaheel7.com

# ئایا ئەو شوێنە دەزانیت ئەگەر ڕووت لە هەرلایەک بێت قیبلەیە؟!!




ئەم خاڵە ڕەشەی لە وێنەکەدا دیاریکراوە ناوەندی زەریای هێمنە و، ئەو شوێنەیە کە لە هەموو لایەکەوە دووری بۆ کەعبەی پیرۆز یەکسانە، لێرەوە ئەگەر ڕوو بکەیتە هەر لایەک ڕووت لە قیبلە دەبێت، ئەو خاڵەی لەم وێنەیە دیاریکراوە ڕێک بەرامبەر کەعبەی پیرۆزە لە دیوەکەی تری زەوی کە هەمووی ئاوە، چونکە پشتێنەی زەوی 40هەزار کیلۆمەترە، بەڵام ئەم شوێنە لە هەموو لایەکەوە 20 هەزار کیلۆمەتر لە کەعبەوە دوورە.

ئیعجازێکی ئەندازەیی لەم وێنەیەوە ئاشکرا دەبێت، ئەویش ئەوەیە دەبینین لەم شوێنەوە دووریەکان بۆ وشکانی کیشوەرەکان یەکسانن، ئەمەش ئەیسەلمێنێت کە کەعبەی پیرۆز سەنتەری وشکانیە، چونکە ئەم دیوەی گۆی زەوی هەمووی ئاوە و وشکانی لە دیوەکەی تر دابەشبووە، ئەمەش ڕاستی ئەو ئایەتە قورئانیەمان بۆ دەردەخات کە دەفەرموێت:﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا ﴾ البقرة

که ناوەند بوون یەکێک لە واتاکانی ناوەند بونە لە شوێندا.

هەندێک گومانکار دەڵێن کەعبە یان مەککە سەنتەری وشکانی نیە چونکە وشکانی زەوی بە هەموو زەویدا دابەشبووە بۆیە بە ڕای ئەوان هەر خاڵێک وەربگریت لە وشکانی دەتوانیت بیکەیتە سەنتەر، بەڵام دیارە گومانەکەیان پوچە، بۆچی؟

چونکە سەرەتا وشکانی هەر حەوت کیشوەرەکە یەک بەش بوون و دواتر لێک جیا کرانەوە، هەروەک شێوەی کیشوەرەکان تەواوکەری یەکترن، کە زاناکان بەو کیشوەرەی سەرەتا دەڵێن کیشوەری دایک، چونکە هەموویان لەوەوە دروستبوون، دیارە هەروەک کیشوەری دایک هەیە وڵاتی دایکیش هەیە هەروەها شاری دایکیش هەیە کە سەرەتای وشکانی لەو شارە یان دێیەوە سەری هەڵدا، خوای گەورە بە شاری مەککەی پیرۆز دەفەرموێت: (ام القرى) دایکی شار و دێیەکان، وەک دەفەرموێت:

﴿ لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ ﴾ الشورى، واتە: تا دایکی شارو دێکان و ئەو وشکانیانەی لە دەوری ئەون ئاگادار بکاتەوە.

واتە دایکی وشکانی زەویە و ناوچەکانی دیکە لە دەوری ئەون، وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە سەرەتای گۆی زەوی هەموو ئاو بوو پاشان یەکەم وشکانی لە کەعبەی پیرۆزەوە دروست بوو وردە وردە وشکانی بە دەوریدا دروست بوو تا بووە وڵات و کیشوەر و کیشوەرەکان لێک جیا بوونەوە، بەڵام لە هەموو سەردەمەکاندا کەعبەی پیرۆز هەتا ئەمڕۆ هەر سەنتەر بووە، بۆیە ناکرێت هیچ شوێنێکی دیکە بە سەنتەر دابنێن جگە لەوێ.

چەندین لە زانا موسڵمانە کۆنەکان لەسەر ئایەتی: ﴿ لِّتُنذِرَ أُمَّ الْقُرَىٰ وَمَنْ حَوْلَهَا ﴾ ئاماژەیان بەوەداوە کە مەککە ناوەڕاستی وشکانی زەویە.

# سەیری ئەم وێنەیە بکە و بزانە ئێمە لە کوێی ئەم گەردوونەداین!




# ڕاستیەکی مێژوویی و ئیعجاز: جوولەکە بە درێژایی مێژوو چەوسێنراوەتەوە.



هەیڤ

لەو ڕاستیە مێژووییانەی کە ئەمڕۆ بەهۆی لێکۆڵینەوەی مێژووناسانەوە چەسپاوە، ئەوەیە کە جوولەکەکان بەهۆی خراپی کردەوەکانیان و ئاژاوەگێڕیانەوە بە درێژایی مێژوو چەوسێنراونەتەوە، پێش سەردەمی ئیسلام لەسەر دەستی پاشا و حاکمەکان توندترین سزا و ئازار دراون هەروەها دوای هاتنی ئیسلام و هەتا ڕۆژی ئەمڕۆشمان ئەمە بەردەوامە.. هەزاران ساڵ لەمەوبەر لەسەر دەستی فیرعەون و پاش ئەویش ئەشکەنجە و ئازار دراون، هەروەها ئاشوری و بابلیەکان زیندانیان کردوون و ئازاریان داون (785 پ.ز)، پاش ئەوانیش ڕۆمەکان جوولەکەیان دەچەوساندەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و سوتاندن (63 پ.ز)، دوای دەرکەوتنی ئیسلام جوولەکە بە هەموو مافەکانی خۆیان گەیشتن لەژێر سێبەری ئیسلامی دادپەروەردا، بەڵام دواتر بە تایبەتی لەسەر دەستی گەلانی غەیری موسڵمان سزادرانەوە بە تایبەتی لە ئەوروپادا کە خراپترین جۆرەکانی سزای زۆرلێکردن و دەرکردن و بە پەند بردن هاتن (لەسەر دەستی هیتلەر و غەیری ئەویشدا..).

جێی سەرسوڕمانە ئەم ڕاستیانە کە تازە زانراون، قورئانی پیرۆز پێش (14) سەدە ئاماژەی پێکردوە، خوای گەورە لەبارەی جولەکەوە دەفەرموێت:

﴿ وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكَ لَيَبْعَثَنَّ عَلَيْهِمْ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَن يَسُومُهُمْ سُوءَ الْعَذَابِ ۗ إِنَّ رَبَّكَ لَسَرِيعُ الْعِقَابِ ۖ وَإِنَّهُ لَغَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٦٧﴾ ﴾ الأعراف.

واتە: یادی ئەو کاتەش بکە ئەی محمد (ﷺ) کە پەروەردگارت بڕیاریدا و ڕایگەیاند بە ڕاستی کەسانێک دەنێرێتە سەریان تا ڕۆژی قیامەت، ئەشکەنجە و ئازاری سەختیان بدات، چونکە بەڕاستی پەروەردگارت زۆر بەخێرایی تۆڵە دەسێنێت (لە ستەمکاران)، هەروەها بێگومان لێخۆشبوو میهرەبانیشە (بۆ تەوبەکاران و ئیمانداران). تەفسیری ئاسان.

ئایا کێ هەواڵی ئەم ڕاستیە مێژووییەی بەموحەممەد (ﷺ) گەیاندوە!؟

سەرچاوە:

www.kaheel7.com




# ئیعجازەکانی سەرەتای سورەتی ڕوم

## بەشی یەکەم


نوسینی: خالید حسن علی
khalidbarznjy@gmail.com


### ئیعجازی مێژوویی

ئاشکرایە لای هەموو مێژوونوسان سەدەی حەوتەمی زاینی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دوو زلهێز و ئیمپراتۆریەتی زۆر بەهێز هەبوون، ئەوانیش ئیمپراتۆریەتی فارسە ساسانیەکان (Sassanid) و ڕۆمە بێزەنتیەکان (Byzantine) بوون، فارسەکان دەستیان بەسەر ئێران و عێراق و چەند ناوچەیەکی تردا گرتبوو، بەڵام ڕۆمەکان دەستیان بەسەر باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و چەند بەشێکی ئاسیا وەک سوریا و فەلەستین و لوبنان و لە ئەفریقیاش بەسەر میسردا گرتبوو، لە ساڵی 613ز ناکۆکی کەوتە نێوان ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە و فارسەکان هێرشێکی زۆر فراوانیان کردە سەر ڕۆمەکان و بە ئاراستەی فەلەستین و شاری قودس لە سوریاوە بەرە و ئوردون دواتر بۆ فەلەستین پێشڕەویانکرد و کۆمەڵێک سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا، هەتا لە قودس نزیک بونەوە، لەم کاتەدا هەواڵی ئەم سەرکەوتنانەی فارسەکان بە دونیا بڵاوبووەوە، کاتێک ئەم هەواڵە گەیشتە مەککە بێباوەڕانی مەککە جەنگێکی دەرونیان لە دژی پێغەمبەر و هاوەڵان بەرپاکرد، دەیان وت چۆن فارسەکان کە خاوەنی پەیامی ئاسمانی نین و سەرکەوتن بەسەر ڕۆمە مەسیحیە خاوەن پەیامەکان، هەر بەو جۆرەش ئێمە کە خاوەن نامە نین بەسەر ئێوەی خاوەن نامە سەردەکەوین ئەگەر لەگەڵمان ڕێنەکەون واز لە ئاینەکەتان نەهێنن، بێگومان ئەم جەنگە دەرونیەی کافرانی قورەیش لەبەر ئەوەنەبوو کە ڕۆژێک بتپەرستانی مەککە ئاگری فارسەکانیان پەرستبێت، یان پێغەمبەر و هاوەڵان وەسفی پەرستنی مەسیحیەکانیان کردبێت، بەڵکو بە حیسابی خۆیان لە جەنگێکی دەرونیدا پێغەمبەر تورە بکەن و هەڵەیەکیش بێت پێی بکەن و ئەو کاتە بیکەنە خاڵێکی لاوازی و بەزەبیان پیانەیەتەوە و دەست بکەن بە دژایەتی کردنی، بەڵام ئایا کەسێک نیگای لەلای خوداوە بۆ بێت لە ژێر جەنگێکی دەروونی وادا تورە دەبێت و هەڵدەچێت ؟ بێگومان نەخێر، پێغەمبەر(ﷺ) چاوەڕێیکرد هەتا سروشی بۆ کرا و ئایەتەکانی سەرەتای سورەتی ڕوم دابەزین: ﴿الٓمٓ ۝١ غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ۝٣ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ۝٤ بِنَصۡرِ ٱللَّهِۚ يَنصُرُ مَن يَشَآءُۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلرَّحِيمُ ۝٥ وَعۡدَ ٱللَّهِۖ لَا يُخۡلِفُ ٱللَّهُ وَعۡدَهُۥ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ﴾ الروم.

واتە: ئەلیف لام میم، ڕۆمەکان بە دەستی فارسەکان لە نزمترین شوێندا شکێنران، بەڵام ئەم شکانە بەردەوام نابێت و جارێکی تر ڕۆمەکان سەردەکەونەوە، لە ماوەیەکی کەمیشدا ئەوە ڕوودەدات کە کەمترە لە 10 ساڵ، هەموو کارەکانی پێش سەرکەوتنەکە و دواتریش بەدەست خودایە، و لەو ڕۆژەدا باوەڕداران بە سەرکەوتنی خودایی دڵخۆش دەبن، خودا کێی بوێت سەریدەخات ئەو زاڵ و زۆر بە بەزەییە، پاشان خوای گەورە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەمە بەڵێنێکی گاڵتە نیە و زۆر بەدڵنیایی دێتە دی و هەرگیز خودا بەڵێنی خۆی لانادات، بەڵام زۆرینەی خەڵکی نازانن.

